# ڕاپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان
# لەژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا

د. صانع شەریف

دەستەی ئێنسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

- **ناوی کتێب:** ڕاپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا
- **نووسینی:** دکتۆر صانع شەریف قادر
- **هەڵەچنی زمانەوانی:** حازم شێروانی
- **دیزاین و پێداچوونەوە:** دەستەی ئینسکلۆپیدیا
- **ساڵ و شوێنی چاپ:** ٢٠٢٢- هەولێر
- **چاپخانە:** ڕۆکسانا
- **تیراژ:** ٢٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٧٨٨) ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.**

# ناوەڕۆک


**- پێشەکی** ——— ٥

**١- سەرەتایەك بۆ چوونە نێو پەرتووکەکە** ——— ١١

١- ٢ گرنگی ئەم پەرتووکە و ڕێبازی توێژینەوەکەی ——— ٣١

١- ٣ پێناسەی زاراوە کردارییەکان ——— ٣٤

١- ٤ چوارچێوەی بیردۆزی ——— ٤١

**٢- ڕاپرسی وەکو ئامرازێك، بۆ جێبەجێکردنی بنەمای مافی چارەی...** ——— ٤٣

٢- ١ چەمکی ڕاپرسی ——— ٤٥

٢- ٢ بنچینەکانی ڕاپرسی ——— ٥٣

٢- ٣ ڕاپرسی و دیموکراسی ——— ٥٧

٢- ٤ جۆرەکانی ڕاپرسی ——— ٦٠

٢- ٥ سەروەری ڕاپرسییەکان، لە یاسای نێودەوڵەتی و دەستووریدا ——— ٧٦

٢- ٦ ڕاپرسی وەکو ئامرازێك، بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، لەلایەن هەرێمی کوردستانی عێراقەوە ——— ٨٢

**٣- مێژووی هەرێمی کوردستان و مافی چارەی خۆنووسین** ——— ٨٧

٣- ١ پێشینەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد لە عێراقدا ——— ٩٠

٣- ٢ دەستووری هەمیشەیی عێراق هی ساڵی ٢٠٠٥ و پێگەی هەرێمی کوردستان ——— ١٠٠

٣- ٣ ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، لە ٢٥ی... ——— ١١٩

**٤- یاساییبوونی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، بۆ مافی چارەی... ــــــــ ١٢٧**

٤- ١پێناسەی مافی چارەی خۆنووسین ــــــــــــــــ ١٢٩

٤- ٢ مافی چارەی خۆنووسین و داگیرکاری (Colonialism) ــــــــ ١٣٧

٤- ٣ یاسای نێودەوڵەتی و پێوەرە شیاوەکانی بەدەوڵەتبوون ــــــــ ١٤٣

٤- ٤ دانپێدانانی دەوڵەتان ــــــــــــــــ ١٥٢

٤- ٥ جیابوونەوە، لە ڕوانگەی یاسایی نێودەوڵەتییەوە ــــــــ ١٥٩

٤- ٦ ڕێبازی سەروەری بەدەستهاتوو، وەکو جێگرەوەیەك بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسین (Remedial Earned Sovereignty) ــــــــ ١٦٥

٤- ٧ هەڵسەنگاندنێك، بۆ یاساییبوونی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی ــــــــــــــــ ١٧١

٤- ٨ هەڵسەنگاندنی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، لە ڕوانگەی دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ەوە ــــــــ ١٩٣

**- دەرئەنجام** ــــــــــــــــ ٢٠٣

**- سەرچاوەکان** ــــــــــــــــ ٢١١

# پێشەکی

عێراق، یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە نەتەوە و کلتـوور و ئـایین و مەزهەب و پێکهاتەی جیاواز جیاواز بەخۆیەوە دەگرێت. سەرەکیترین پێکهاتەکـانی نـاو عێراق، شیعە و سـوننە و کـوردن. بێگومـان ئەم سـێ پێکهـاتەیە، نـوێنەرایەتی ڕاستەقینەی سیستەمی سیاسی دەوڵەتی عێراق دەکەن و ڕەنگـدانەوەیان هەیە لەسـەر ئـارامی و سـەقامگیری دەوڵەت، هەر بـۆیە لە سـەرەتای درووسـتبوونییەوە تـاکو نووسـینی ئەم پەرتـووکە، بەهـۆی باڵادەسـتی یەك پێکهاتە(سـوونە یـان شـیعە) لە سیسـتەمی سیاسـییدا، دەوڵەتی عێـراق سـەقامگیری بەخـۆیەوە نەبینیـووە، بەڵکـوو هەمیشـە ململانێیەکـان تیایـدا لەباڵابوون و پەرەسەندن دابوونە. بێگومـان گەلی کـوردیش وەك پێکهـاتەیەکی سەرەکی و ناسرووشتی دەوڵەتی عێراق، لەژێر فەرمانڕەوایی سیستەمە سیاسییە یەك لەدواییەکەکـانی عێـراق، هەمیشـە لە بـارودۆخێکی نالەبـاری سـیاسی و ئابووری و مرۆییدا ژیاوە، بەردەوام لەسەنگەری شۆڕش و خەبات و تێکۆشانی سیاسـییدا بـووە، ئەمەش لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی مافەکـانی بـووە. لە سـۆنگەی ئەمەوە، دەتـوانین خەبـاتی نەتەوەی گەلـی کـورد، بـۆ سـێ وێسـتگە پـۆلین بکەین:

یەکەمیان: وێستگەی شۆڕشگێڕی و سەردەمی شاخ:

کاتێك هێزەکانی پێشمەرگە، لەپێناو ڕزگارکردنی خاکی کوردسـتان، لەمیـانەی شۆڕشەکانی بارزان و ئەیلوول و گوڵان، لەدژی سوپای داپڵۆسێنەری ڕژێمەکانی عێـراق جەنگـان. بەهاوکـاری کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی، حکـوومەتی بەعـس ناچارکرا، جۆرێك لە حوکمی خۆبەڕێوەبەری بـۆ خەڵکی هەرێمـی کوردسـتان بسەلمێنێت. لەم وێسـتگەیەدا فەرمـانڕەوایی لە هەرێمـی کوردسـتان دەسـتی

پێکرد و لەدایکبوونی حکوومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە.

وێستگەی دووەم: بەدەستهێنانی قەوارەیەکی دەستوورییە بۆ گەلی کوردستان، دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣، لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە.

لەم وێستگەیەشدا دەوڵەتی عێراق، لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە، گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە. گرنگترین گۆڕانکاریش، نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ بوو، کە سیستەمە سیاسییەکەی لە دیکتاتۆرییەوە بۆ سیستەمی فیدراڵی گۆڕی. لەچوارچێوەی ئەم گۆڕانکاریانەشدا، سەرکردایەتی سیاسی کورد، هەموو هەوڵێکیدا، مافەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستووری نوێدا بچەسپێنێت. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، پرسی کورد لە پرسێکی شۆڕشگێڕیەوە، ببێتە پرسێکی یاسایی و دەستووری، شەرعیەتی نێودەوڵەتیش وەربگرێت. سەرکردایەتی سیاسی کورد چەند دەستکەوتێکی گرنگی بەدەستهێنان، کە پێکهاتبوون لە دروستکردنی قەوارەیەکی دەستووری بەناوی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا، جگەلە بەدەستوورییکردنی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان. ئەم دەستکەوتانە بۆ گەلی کوردستان، لەلایەك وەرچەرخانی زێڕین بوون، بەوپێیەی جۆرێك لە سەقامگیری سیاسی و ئابووری و ئەمنی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیداهێنا، لەلایەکی تریشەوە بووە هۆی نیگەرانییەکی زۆر بۆ حکوومەت و سەرکردایەتی سیاسی کورد و گەلی کوردستان، بەوپێیەی حکوومەتی فیدراڵ هەر لە سەرەتای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە، تاکو ساڵی ٢٠١٤، پابەندنەبوو بەجێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان. هاتنی ڕێکخراوی تیرۆرستی جیهانی بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش)، بۆ ناو شارەکانی عێراق، بارودۆخی هەرێمی

کوردستانی دژوارتر کرد، چونکە لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە دووچاری شەڕێکی قورس هات. زیاتر لەمەش، بڕینی بودجە و قوتی گەلی کوردستان، لەلایەن حکوومەتی فیدڕاڵییەوە، وای لە سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد، بەتەواوی لە حکوومەتی فیدراڵی بێئومێد بن. بۆیە بیرۆکەی ئەنجامدانی ڕاپرسیی بۆ سەربەخۆیی گەڵالەکرا، کە دوا وێستگەی سیاسی بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا و لە (٢٥)ی ئەیلوولی (٢٠١٧)، بە ڕێبەرایەتی سەرۆك مەسعود بارزانی ڕاپرسیەکە ئەنجامدرا. لەم ڕاپرسییەدا، زۆرینەی ڕەهای گەلی کوردستان، دەنگییان بە سەربەخۆیی دا.

لەهەموو ئەوانەی باسکران دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کەوا ئەوسا هەرێمی کوردستان بەبەراورد بە قۆناغەکانی پێشووی سەردەمی شۆڕشگێڕی، لە قۆناغێکی پێشکەوتووی سیاسییدابوو، بەوپێیەی هەوڵیداوە بەشێکی ڕاستەقینە بێت لە عێراقێکی فیدڕاڵ، کەچی ئێستا گەلەکەی دەیەوێت، خۆی پیادەی مافی سیاسی خۆی بکات و لە عێراق جیابێتەوە. ئەمەش دەکرێت دوو مانا بگەیەنێت:

یەکەم: خەڵکی هەرێمی کوردستان هەست دەکەن، خاوەن فەرهەنگێکی جیاوازی کلتووری و رۆشنبیری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و جوگرافیین، کە بەشێوەیەکی ناسرووشتی بەدەوڵەتی عێراقەوە لکێنراون.

دووەم: سەرەڕای جیاوازبوونییان لەنێو کۆمەڵگای عێراقیدا، کەچی گەلی کوردستان لەئاست سیاسەتەکانی حکوومەتەکانی عێراق لەهەمبەر خۆیان هەست بە گۆشەگیری دەکەن، بەتایبەتی دوای نۆزدە ساڵ لە دامەزراندنی سیستەمێکی فیدڕاڵی لەسەر بنەمای بڕیاردانی هاوبەش لەنێوان هەرسێ پێکهاتەی شیعە و سوننە و کورد. لەم نێوەندەدا پێکهاتەی کورد، لەبارەی

بڕیاردانی دەوڵەتی عێراق لەڕووی سیاسەتی گشتی وڵات و دابینکردنی مافەکانی گەلی هەرێمی کوردستانەوە، هەستی بە دوورەپەرێزی کرد.

دیــارە ئەم پەرتووکەمــان لە چوارچێــوەی ئەم بــازنە و ڕوانــگەیەوە دەخــولێتەوە، لە هۆکارەکـانی ئەنجامــدانی ئەم ڕاپرســییە، هەر لەســەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە تاکو ئێستا دەکۆڵێتەوە. دواتـر لەبـارەی ئەم پرسـە، پەرتــووکەکە هەڵســەنگاندنێکی یاســایی و دەســتووری و بنەماکـانی یاســای نێودەوڵەتی، لەگەڵ پێشکەشـکردنی ڕێگاچـارەیەکی گونجـاو بـۆ چارەسـەرکردنی پـرسی گەلی کوردسـتان لە دوای ئەنجامـدانی ڕاپرسـی، دەخـاتەڕوو، هەڵـبەت ئەمەش بەلەخۆگرتنی ڕێبازە زانستیی و ئەکادیمییەکان و خستنەڕووی بەڵگە و دەقە یاسایی و میرییەکان دەبێت.

لەڕاســـتیدا، زۆربەی ســـەرچاوەکانی ئەم پەرتـــووکە، لە ئینگلیـــزییەوە وەرگیراون، بەڵام بەشـێك لە سـەرچاوە کـوردی و عەرەبییەکـانیش بەخـۆیەوە دەگرێـت. ئەوەی مەبەسـتمە و دەمەوێـت بەڕوونی بیڵـێم ئەوەیە، ئەمە بـۆ یەکەمجارە لە وێستگەی زانستی خۆمدا، لەدوای تەواوکردنی خوێندنی دکتـۆرا، پەرتووکێك دەنووسم. هەڵبەت جگە لە کاری خوای گەورە، هیچ کارێك تەواو و بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام بەهەوڵ و کۆششی هەموو لایەك، پشـت بەخـوا، نۆبەرەیەکی پوخت و بەپێز دەخەینە بەر دیـدی خـوێنەران. ڕەنـگە نووسـینی پەرتووکێك لەسەر پرسێکی تایبەت بە گەلی کوردستانی، پێویسـتی بە زانیـاری و تــوێژینەوەی زیــاتر و وردتــر بێــت، بەڵام ســەرەڕای ســەرقاڵیم بە کــاری وانەوتنەوە بۆ قوتابیانی کۆلێژی یاسای بەیانیان و ئێواران، هەوڵمداوە مـاف و تێروتەسەلییەکی تەواو، بە پەرتووکە بدەم.

لە کۆتاییــدا، هیــوادارم تــوانیبێتم کەلێنــێکی زانســتی - یاســایی لە پەرتووکخانەی کوردی پڕ بکەمەوە. بێگومـان بـوونی هەر ڕەخـنە و سـەرنج و

تێبینییەك لەسەر هەر تەوەر و بابەتێکی ئەم پەرتووکە، دەبێتە مایەی خۆشحاڵی و جێگەی سوپاس و پێزانی من.

توێژەر

سۆران - هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## ١ - ١ سەرەتایەك بۆ چوونە نێو پەرتووكەكە

مافی چارەی خۆنووسینی گەلی كوردستانی عێراق لە یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، جێگای مشتومڕە. بەتایبەتی كاتێك تایبەتمەندییە هەمەجۆرەكانی یاسای نێودەوڵەتی، لەچەند قۆناغێكی یاسایی جیاوازدا، باسیان لەمافی چارەی خۆنووسین كردووە. ماددەی (١)ی هاوبەشی ڕێككەوتننامە نێودەوڵەتییەكانی تایبەت بە مافە سیاسیی و شارستانییەكان، مافە ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەكانی ساڵی ١٩٧٦، بنەمای پێشكەوتنی ئەم مافەن، كە دەڵێت"بەگوێرەی ئەم مافە، هەموو خەڵك مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، بەئازادی دەتوانن شێوەی قەوارە سیاسییەكەیان دیاری بكەن، بە ئازادیش دەتوانن مافە ئابووری و كۆمەڵایەتی و كلتوورییەكانی خۆیان پیادە بكەن.[١]

مافی چارەی خۆنووسین لەنێو یاسای هێلسنكی لە ساڵی ١٩٧٥ ڕاگەیەنرا، كە تایبەتبوو بە كۆنفرانسی_ ئاسایش و پێكەوەكاركردن لەنێوان وڵاتانی ئەوروپا.[٢] ئەم یاسایە جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنووسین دەكاتەوە، كە

---

[1] The International Covenant on Civil and Political Rights, United Nations Treaty Series. December 16, 1966 and International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights, United Nations Treaty Series, December 16, 1966, 1966 and International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights," United Nations Treaty Series, December 16, 1966, available at:

https://www.ohchr.org/en/professionalinterest/pages/cescr.aspx.

[٢] كۆنفرانسی تایبەت بە ئاسایش و پێكەوە كاركردنی وڵاتانی ئەوروپا، دوا یاسای هێلسنكی، ١٩٧٤، بەشی هەشتەمی تایبەت بە مافە یەكسانەكان و چارەی خۆنوسینی خەڵك دەڵێت: "لەڕێگەی بنەمای مافەكانی یەكسان و چارە خۆنووسینی خەڵك، هەموو خەڵك

پاڵنەرێك بوو بۆ فراوانكردنی پانتایی یاسای نێودەوڵەتی، تەنانەت بڕیارەكانی دادگای دادی نێودەوڵەتیش، جەختیان لەسەر مافی چارەی خۆنووسین كردۆتەوە، وەكو ناوەڕۆكێكی وەرگیراو كاری پێكراوە و لەلایەن وڵاتان و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكانەوە پیادەكراوە. هەرچەندە پرۆسەی داننان بەم مافە، وەكو مافێكی ڕاستەقینەی یاسایی، پڕكێشە بووە. ئەمەش لەوكاتەدا ئاماژەی پێكراوە، كاتێك رۆسلن هیگن سەرۆكی ئەوكاتی دادگای دادی نێودەوڵەتی، مافی چارەی خۆنووسینی، بۆ هەریەك لە وڵاتی نامیبیا لە ٢١ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧١ و بیابانی رۆژئاوا لە ١٩ی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٧٥ دەستنیشان كرد[1]، كە هەندێ خەڵك پێیانوابوو مافی چارەی خۆنووسین، جگە لە ناوبانگێكی سیاسی هیچیتر نییە. دادگا بە سەرۆكایەتی رۆسلن هیگن، دانی بە مافی چارەی خۆنووسین وەكو مافێكی یاسایی نا، كاتێك ئەم مافە بەفراوانی بۆ خەڵك دەبینرێت. ئەم مافەش لە ژێر تایبەتمەندی ئێرگا ئۆمنیس ( erga omnes)[2]، لە چوارچێوەی پرۆسەی كۆتاییهێنانی داگیركەر ( decolonization

---

هەمیشە مافی هەیە بە ئازادانە پێگەی سیاسی ناوخۆیی و دەرەكی دیار بكەن، بەبێ دەستێوەردانی دەرەكی، بۆئەوەی پیادەی پێشكەوتنی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری خۆیان بكەن."

[1] Gentian Zyberi, "Self-determination through the lens of the International Court of Justice," Netherlands International Law Review56, (2009): 430 - 432, available at:

https://doi.org/10.1017/S0165070X0900429X.

[2] "USLEGAL," Erga Omnes Law and Legal Definition, available at: https://definitions.uslegal.com/e/erga-omnes%20/.

زاراوەی "Erga omnes" وشەیەكی لاتینییە واتە پەیوەند بەهەمووانەوە. ئەمەش بەكارهاتووە بۆ باسكردنی مافەكان و پابەندبوونەكان بۆ هەموویان و بەكارهاتووە لە

(process) پیادەکرا، کە چەندین جاران لە سیستەمی یاسای دادگادا، جەختی لێکراوەتەوە.[1]

هەردوو بەیاننامەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، جەختیان لەسەر مافی چارەی خۆنووسین کردۆتەوە.

یەکەم: بەیاننامەی تایبەت بە مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی وڵاتان و گەلانی داگیرکراو، بەپێی بڕیاری ژمارە (١٥١٤)ی ئەنجوومەنی ئاسایش، لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی١٩٦٠.[2]

دووەم: بەیاننامەی تایبەت بە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی، پەیوەست بە پەیوەندییە دۆستایەتییەکان و پێکەوەکارکردن لەناو وڵاتاندا، بەپێی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، بە بڕیاری ژمارە ٢٦٢٥ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی١٩٧٠، کە لە بەشەکانی داهاتوودا زیاتر باسی دەکەین.[3] هەرچەندە هەردوو بەیاننامەی تایبەت بە مافی چارەی

---

یاسای خاوەنداریەتی، مافێکە دژی زیادەڕۆیکردن لە زەوی و زارێکدا یاخود خاکێکدا، دەسەپێنرێت دژی هەموو کەسێك. یاسای نێودەوڵەتی ئەم بنەمایە جێبەجێ دەکات لە هەندێك حاڵەتی دیاریکراودا، تەنانەت پابەندبوونی پێیەوە دژی هەموو دەوڵەتان.

1 Zyberi, "Self-determination through the lens of the International Court of Justice,"432.

2 UN General Assembly, Fifteenth Session, Official Records, Supplement 2, Declaration on The Granting of Independence to Colonial Counties and Peoples, Resolution 1514 (XV), A/4494, 1960, available at:

https://www.ohchr.org/EN/ProfessionalInterest/Pages/Independence.aspx.

3 UN General Assembly, Twenty-fifth Session, Official Records, Supplement 2, Declaration on Principles of International Law concerning

هیواشامەی کتێب

خۆنووسین، بۆ زۆر لەو نەتەوانەی کە تائێستا بێ دەوڵەتن، ناکرێت بە وەڵامێکی ئەرێنی دابنرێن، چونکە تەنیا بۆ ئەو دەوڵەتانە سوودی هەبووە کە پێشتر داگیرکرابوون، دواتر سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسین، لەبارەی ناوەڕۆکەکەی، هەمیشە مشتومڕی زۆری ناوەتەوە، وەك لە ماددەی (١)ی هەردوو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە، کە تایبەتە بە مافە سیاسی و شارستانیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکانی ساڵی ١٩٧٦.

ماددەی (١) بڕگەی (٢)ی پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئاماژە بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلان دەکات، کە دەڵێت: "بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە دۆستایەتییەکان لەنێوان نەتەوەکان، بەپێی ڕێزگرتن لە بنەمای مافە یەکسانەکان و چارەی خۆنووسینی خەڵك، هەروەها

هەواڵنامەی کتێب

---

Friendly Relations and Co-operation among States in accordance with the Charter of the United Nations, Prepared by Sixth Committee in Pursuance of UN General Assembly Resolution 2625 (XV), A/8082, 1970, available at:

https://unispal.un.org/DPA/DPR/unispal.nsf/0/25A1C8E35B23161C852570C4006E50AB.

ئەم بڕیارە جەخت دەکاتەوە کە "بنەمای مافەکانی مرۆڤ و چارەی خۆنووسینی هەموو گەلان، لە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان چەسپێنراون. بەوپێیەی مافی هەموو گەلێکە بە ئازادی بڕیار بدات، بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی لەسەر پێگەی سیاسی خۆی، بۆ پیادەکردنی پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی خۆی، ئەرکی هەردەوڵەتێکە ڕێز لەم مافە بگرێت، بەپێی بەندەکانی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان".

پەنابردن بۆ پێوەرە گونجاوەکان، لەپێناو بەهێزکردنی ئاشتی جیهانی".[1] بۆیە ئەرکی نەتەوەیەکگرتووەکانە گفتوگۆیەکی پەسەند بۆ نەتەوەکان بسازێنێ، بۆئەوەی مافە یەکسانەکان و چارەی خۆنووسین بەدەستبێنن.

لەمەش گرنگتر ئەوەیە، ئەم مافە پەیوەستە بە بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی، وەکو مافی رادەربڕین، کە دەکرێت رای گەلی هەرێمی کوردستانیش لەخۆبگرێت، بۆئەوەی بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی یان ملکەچکردن، چارەنووسی خۆیان دیاریبکەن. بۆیە پاراستنی ئەم مافە، بەمانای یەکسانکردنی هەموو خەڵکە لەڕووی ئەم مافەوە.[2] شایەنی باسە گەلی کورد بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی، مافی چارەی خۆنووسین خەونی ڕاستەقینەیانە، کە چەند سەدەیەکە چاوەڕێن و خەباتییان بۆ کردووە.

تەنگژەی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەسەر یەکگرتوویی خاك و بەدەوڵەتبوون، بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. گەلی کورد لەنێو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گەورەترین گرووپی نەتەوەیین، کە نزیکەی زیاتر لە سی وپێنج ملیۆن کەسن و دابەشبوونە بەسەر هەریەك لە وڵاتانی تورکیا، ئێران، سووریا، عێراقدا. بە گەڕانەوە بۆ مێژوو، ئەو چیایانەی هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق لێك جیا دەکەنەوە کەبە زنجیرە چیای زاگرۆس ناسراون، خاکی

---

[1] UN Charter, chapter 1, Art.1, Sec.2, 1945.

[2] Ved P. Nanda, "Self-Determination Under International Law: Validity of Claims to Secede." *Case Western Reserve Journal of International Law* 13, no .2 (1981): 257, available at:

https://scholarlycommons.law.case.edu/jil/vol13/iss2/1

باب و باپیرانی کوردە.[1]

دەوڵەتی کوردی، ئاواتی دێرین و لەمێژینەی گەلی کوردە. خەون و ئارەزوویان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی (Nation-State)، ئەوەندەی نەمابوو ببێتە راستییەکی حاشاهەڵنەگر، ئەمەش لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بوو، کە بەپێی ماددەکانی (٦٢ و٦٣ وە ٦٤) ی پەیمانی سیڤەر، دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کورد بە ڕەوا بینرابوو. ئەم پەیماننامەیە لە١٠ی ئابی ١٩٢٠، لە نێوان هێزە هاوپەیمانەکان، کە هەریەك لە بەریتانیا، ئیتاڵیا، فەڕەنسا بەخۆیەوە دەگرت، لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، واژوو کرا.[2] بەپێی ئەم پەیماننامەیە، هێزە هاوپەیمانەکان، دانیاننا بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، بەڵام پەیماننامەکە هەرگیز جێبەجێ نەکرا. سێ ساڵ دواتر، لەگەڵ ڕووخانی دەسەڵاتی عوسمانی و هاتنەسەرکاری کەمال ئەتاتورك، ڕێککەوتننامەیەکی تر گفتوگۆی لەسەرکرا، ئەویش ڕێککەوتننامەی لۆزان بوو لە نێوان بەریتانیا و هاوپەیمانان و تورکەکان، کە لە ٢٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٢٣ ئەنجامدرا. لەم ڕێککەوتننامەیەدا، تەنیا دان بە کۆماری تورکیای نوێ نرا، بەبێ ئاماژەدان بە وشەی (گەلی کورد)، وەکو خاوەنی دەوڵەتی خۆیان. لەئەنجامدا ئەم بارودۆخە، بووە هۆی دابەشبوونیان بەسەر هەر چوار دەوڵەتی (تورکیا، ئێران، سووریا، عێراق).[3] بۆیە مافی چارەی خۆنووسین بۆ

---

[1] David McDowall, *A Modern History of the Kurds* (New York: I.B.Tauris, 2004),3-4.

[2] The Peace Treaty of Sevres, August 20, 1920, Part III (Political Clauses), available at: http://www.hri.org/docs/sevres/part3.html.

[3] Christiane Bird, *A Thousand Sighs, a Thousand Revolts: Journeys in Kurdistan* (New York: Ballantine Books, 2004), 10-15.

گەلی کورد، پێشینەیەکی شۆڕشگێڕیی لە مێژینەی هەیە.

هەرچەندە بەهۆی سەرنجدانی دەسەڵاتدارانی رۆژئاوا لەسەر جوگرافیای سیاسی لە بارەی دانان بە سەربەخۆیی، گەلی کوردی بێئومێد کرد، بەڵام کوردەکان سووربوون لە سەر داواکردنی مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان. ئەوە بوو شۆڕشی چەکدارییان لەدژی حکوومەتی عێراق، بۆ ماوەی چواردە ساڵ، بەبێ پچڕان لە ساڵی ١٩٦١ تاکو ١٩٧٥ دەست پێکرد.[1]

ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، بریتی بوو لە دەستپێکێکی گشتی و پوختەی بنەمای مافی چارەی خۆنووسین، لەڕووی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی و مێژووی پێشینەیی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە (لە بەشەکانی داهاتوودا، بە وردی و بەدرێژی باسی دەکەین). چونکە ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە، زیاتر جەخت لە سەر هەوڵی گەلی کورد لە عێراق بۆ بەدەستهێنانی مافی سەربەخۆی خۆی دەکاتەوە، بەڵام پێویستە باس لەو ڕەگەزە سەرەکییانەی یاسای دەستووری عێراقیش بکەین، کەوا پەیوەستن بە سیستەمی فیدراڵی حکوومەت و مافی چارەی خۆنووسینی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە چۆنییەتی حوکمڕانی حکوومەتی فیدراڵی عێراق، لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا، بخەینەڕوو.

شایەنی باسە، ئێستا کوردەکان لە عێراق پێکهاتەیەکی نەتەوەیین، لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا خاوەن هەرێمی فیدراڵی خۆیانن. ئەوان پێیانوایە ئەم هەرێمە فیدراڵەیان لە عێراق، دەتوانێت ببێتە هۆی

---

[1] Ibid.

بەدەستهێنانی سەربەخۆییان لە داهاتوودا.[1]

هەر دەوڵەتێك بۆ لەخۆگرتنی سیستەمێکی دەستووری و سیاسی، دەبێت پشت بە تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگاکەی ببەستێت، بەتایبەتی لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی - نەتەوەیی -سیاسییەوە. وڵاتانی جیهان لەڕێگەی دەستوورە نەتەوەییەکانییانەوە، خاوەنی سیستەمی سیاسی خۆیانن، کە لەڕووی پەیڕەوی ڕێکخراوی ناوخۆیی و دەرەکی و یاسایی و دەستووری خۆیانەوە لەیەکتری جیاوازن.[2]

فیدراڵیزم، بریتییە لە سیستەمێکی مۆدێرن، کە دەسەڵاتەکان لە نێوان حکوومەتی فیدراڵ (یان یەکگرتوو) و حکوومەتە بچووکەکانی ناوخۆی دەوڵەت دابەش دەکات. هەردوو حکوومەت، لە چوارچێوەی یاسای دەستووری و سیستەمی فیدراڵیدا دەسەڵاتێکی بەهێز دەگرنە دەست. لەهەمانکاتدا، فیدراڵیزم بریتییە لە سیستەمێکی ئاڵۆز و هەستیار، بەپێی بنەماکانی دەسەڵاتە هاوبەشە گشتییەکان، بەوپێیەی ئەستەم دەبێت بوونی ڕێککەوتن لە نێوان پێکهاتەکانی ناو دەوڵەت لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ. بۆ نموونە، وەکو چوارچێوەیەکی سیاسی، فیدراڵیزم لە ناو شێوازەکانی یاسای دەستووریدا لە بەردەم کۆمەڵێك ئالنگاریدایە، لەڕووی چۆنیەتی ڕێنماییە فەرمییەکان و پەیوەندیە یاساییەکان - لەنێوان حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمە فیدراڵییەکان - وەکو پەیوەندییەکانی دەرەوە - کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە

[1] علی جبار محمد، سیاسەتی هەرێمی کوردستانی عێراق: بەرەو فیدراڵیزم یان جیابوونەوە؟ نامەی دکتۆرا، زانکۆی کانبێرا،٢٠١٣، لاپەڕە ٣- ٤.

[2] شاهۆ غفور احمد، "چوارچێوە دەستوورییەکانی فیدراڵیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە ٢، بەرگی٣، ٢٠١٦، ل ٣٧٠، بەردەستە لە: .https://www.researchgate.net/publication/308748319

سرووشتیەکان - و پرسە دارایی و ئابوورییەکان.[1] دەکرێت بڵێین، دەستوور بەتەنیا بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەم جۆرە حاڵەتەش بەرچاوە، لەو کێشە دەستووریانەی کە لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵدا هەن.

فیدراڵیزم، بەها هاوبەشە جەوهەرییەکان، وەکو جێگرەوەی بنەما فەرمییەکان لەخۆ دەگرێت. لەبەرئەوە بەربەستی سەرەکی یەکگرتن لە فیدراڵیزمدا، ئەوەیە، کاریگەری چارەسەری هونەری بە پشتبەستن بە دژیەتی لە فیدراڵیزم (Contradiction of federalism)، وەك لە دەستووری زۆربەی وڵاتاندا ئاماژەی پێکراوە، ناجێگیر دەکات. ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵی، بریتییە لە چارەسەر کردنی هەر کێشەیەك و تەشەنە نەکردنی لە ناو سنووری یەك دەوڵەتدا. بەپێچەوانەوەشەوە، ڕێکخستنی فیدراڵی بەشێوەیەکی بایەخدار، دەسەڵات دەداتە ئەکتەرەکانی ناو دەوڵەت، بەو جۆرەش دەبێتە ئاسانکارییەك بۆ جیابوونەوەی بەشێك لە دەوڵەت.[2]

فیدراڵییەتی عێراق، دەکرێت بە دەرکەوتنێکی تازە دابنرێت، کە باسی ئەم ناکۆکییەی کردووە (Contradiction). لەلایەکی ترەوە گەلی کورد لە عێراق،

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٣٧١.

[2] Alex Danilovich, "Federalism, Self-Determination and International Recognition Regime: Iraqi Kurdistan at a Crossroads "(Paper presented at the Canadian Political Science Association Annual Meeting, University of Kurdistan Hewler, Iraq , Ryerson University, Toronto, May 27 – June 2, 2017), available at:

https://docplayer.net/58821637-Federalism-self-determination-and-international-recog.

که سەربەخۆیی خۆیان بە ناوی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ناو دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵدا بەدەستهێناوە، خاوەنی دامودەزگای میری و فەرمانڕەوای خۆیانن، وەکو پەرلەمان، سەرۆکایەتی، حکوومەت، و چەندین دەزگای تری تایبەت، وەك بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوە، هەواڵگری بەرگری و ئاسایش.[١] هەموو ئەمانە، دەکرێت یارمەتیدەر بن، بۆ هەبوونی سیستەمێکی سیاسی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان، وەك جیابوونەوە لە دەوڵەتی عێراق .

زیاتر لەوەش، فیدڕاڵیزم چوارچێوەیەکی پڕشنگداری بە هەرێمی کوردستان بەخشیووە، کە لە توانایدایە ئابووری خۆی بەرەوپێش ببات و پەیوەندیش لەگەڵ حکوومەتەکان و کۆمپانیا جیهانییەکان درووست بکات، کە دەکرێت لە داهاتوودا رۆڵیان هەبێت لە دانپێدانانی دەوڵەتی کوردی لە عێراقدا.[٢] ئەمە لەکاتێکدایە، سەرکردە سیاسییەکانی عێراق، ڕازیبوون بە سیستەمێکی فیدڕاڵ، وەکو هەنگاوێك بۆ ڕێگەگرتن لە ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو پێکهاتەی کورد و عەرەب.

پەسەند کردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، لەڕێگەی ڕاپرسییەکەی ساڵی ٢٠٠٥، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کە عێراق وەکو سیستەمێکی فیدڕاڵ دەناسێنێ، تا ڕادەیەك ئاستی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە سیاسیەکانی ناو عێراقی کەمکردەوە. ئەم دەستوورەش، بە سەرپەرشتی ویلایەتە

[1] Ibid.

[2] Sardar Aziz and Sara Salahaddin Mustafa, "Turkey and the Iraqi Kurdistan federal region: Bonds of friendship", in *Iraqi Kurdistan in Middle Eastern Politics*, ed. Alex Danilovich (London: Routledge, 2016), 23.

یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نووسرایەوە.[1] هەرچەندە ڕاپرسی پەسەندکردنی ئەم دەستوورە، لەلایەن عەرەبە سوننەکانەوە بایکۆتکرا، کە لایەنگری ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بوون و دەنگیان بە سیستەمی فیدڕاڵی نەدا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەو فیدڕاڵییە پڕ مشتومڕەی ئەوکات، کە لە عێراق چەسپێنرا، پارێزبەندییەکە بۆ یەکێتی عێراق.

شایەنی باسە، لە کاتی پەسەندکردنی دەستوور، هاوکات لەڕێگەی ڕاپرسییەکی نافەرمیەوە، کەلەلایەن ڕێکخراوێکی مەدەنییەوە ڕێکخرابوو، لە ٩٨%ی گەلی کوردستان دەنگیان بە جیابوونەوە لە عێراق دا.[2]

گرنگی ئەم دەستوورە لەوەدایە دەستوورێکی ڕەقە، بەوپێیەی ڕێگە بە هەمواركردن نادات، ئەگەر هەشبێت ئەوا ڕێکارەکانی قورسن، بەتایبەتی ماددەکانی تایبەت بە دەسەڵاتی هەرێمەکان، کە بنەمای فیدڕاڵین، وەکو لە ماددەی (١٢٦) برگەی (٤)دا هاتووە "نابێت هیچ هەموارکردنێك لەو ماددە دەستووریانە ئەنجام بدرێت، کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی هەرێمەکان، کە ناکەونە ناو سنووری دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکوومەتی فیدڕاڵییەوە، تەنیا بەڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی پەیوەندیدار و ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانەکەی نەبێت، ئەویش لەڕێگەی

[1] Ibid.

[2] Azad Berwari and Thomas Ambrosio, "The Kurdistan Referendum Movement: Political Opportunity Structures and National Identity," *Democratization* 15, no.5 (2008): 891,

http://sci-hub.tw/10.1080/13510340802362489.

ئەنجامـدانی ڕاپرسـی گشـتییەوە دەبێـت".[1] هەرچەنـدە بەبـێ گەڕانەوە بـۆ پاراستنە یاساییەکان، دژیەتـی لە فیـدڕاڵیزم contradiction of federalism ، لەوانەیە ببێتە هۆی دابەشبوونی یەکێتی وڵات، بەهـۆی بێمتمانەیـی بەرچاو، نەبـوونی بەهـا هاوبەشـەکان و ڕۆحـی فیـدڕاڵییەت لەنێـوان پێکهاتەکـانی دەوڵەتـدا، ئەمەش بە زەقـی لە نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و حکـوومەتی فیدڕاڵدا بەدی دەکرێت.

لە مـاددەی (١) و بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی (٢) ی[2] دەسـتووردا، دەرچـوونێکی بـنەڕەتی لە کلتـوور و نەریتەکـانی سیاسی و نـاوخۆیی پیشـان دەدات، کاتێك دەوڵەتی عێراق وەکـو کۆمـارێکی پەرلەمـانی دەناسـێنێت، بەڵام بەشـێوەیەکی کـرداری، سـەرۆکی ئەنجـوومەنی وەزیـران زیـاتر ڕۆڵ دەبینێـت، کاتێــك دەڵێــت "ئیسـلام سـەرچاوەی سـەرەکی یاسـادانانە" بەڵام لەڕووی کردارییەوە ئایدۆلۆژییەکی عەلمـانی هەیە، لەگەڵ ئەوەشـدا، ئامـاژە بە عێـراق وەکو دەوڵەتێکی فیدڕاڵ دەکات، کەچی لەڕووی کردارییەوە هیچ یەکگرتنێـك لەم دەوڵەتەدا نیـیە. ئەمەش بـووەتە هـۆی ناسـەقامگیری زیـاتری دەوڵەتی عێراق، بەوپێیەی سێ پێکهاتەی سەرەکی کۆدەکاتەوە، وەکـو عەرەبی سـوننە و شـیعە، لەگەڵ پێکهـاتەی کـورد، بەتـایبەتی کـاریگەری نەرێنـی لەسـەر

[1] Jawad Saad, "The Iraqi constitution: structural flaws and political implications," *LSE Middle East Centre*, Paper Series 1(2013):16, http://eprints.lse.ac.uk/54927/.

[2] دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥. ماددەی (١) دەڵێت " کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەریە، رژێمی حوکمڕانی تێیدا نـوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسیە، ئەم دەستورەش یەکپارچەیی عێـراق دەپارێزێـت. مـادەی (٢) بڕگەی (١) دەڵێت ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتەو سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە".

پەیوەنـدییەکانی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و حکـوومەتی فیـدڕاڵ درووسـت کردووە، بەوپێـیەی دوو تایبەتمەنـدی سرووشـتی جیـاوازن و ڕۆحـی فیـدڕاڵی تیاندا لاوازە.[1] بۆیە پەیوەندییەکانی هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان و حکوومەتی فیدڕاڵ، لە ئاستێکی زۆر نزمدان.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، گەلی کورد چەند دەسـتکەوتی دەسـتووری بەدەستهێنا. لەوانە ماددەی (١٤٠)[2] کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی ناوچەکێشە لەسەرەکان، وەك لە بڕگەی دووەمدا هـاتووە" ئەو بەرپرسـیاریەتییەی لەسـەر شـانی دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدنە لەحکـوومەتی ئینتیقاڵیـدا، کە لەمـاددەی (٥٨) لە یاسـای بەڕێـوەبردنی دەوڵەت بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوەدا ئامـاژەی پێکـراوە، بەردەوام دەبێـت و دەکەوێـتە ئەسـتۆی دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدنی هەڵبژێـردراو، بەگـــوێرەی ئەم دەســـتوورە، بـــۆئەوەی بەتەواوی جێبەجـــێ بکرێـــت (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، لەکۆتایشـدا بـۆ دیـارکردنی ویسـتی هاووڵاتییـان، ئەنجامدانی ڕاپرسـی لە کەرکـووك و ناوچەکـانی تـر کە ناکۆکییـان لەسـەرە، لە ماوەیەکی دیارکراودا، کە لە مانگی ٢٠٠٧/١٢ تێپەڕ نەکات). پێوستە بگوترێت، مـاددەی (٥٨)[3] تـایبەت کرابـوو بە چارەسـەرکردنی کێشـەی نـاوچە کێشـە لەسەرەکان لە سەردەمی قۆناغی حکوومەتی ئینتیقالیدا، کە لە دوای ڕووخـانی

[1] Michael Burgess, *In Search of the Federal Spirit: Theoretical and Empirical Perspectives in Comparative Federalism* (Oxford University Press, 2012), 319.

[2] دەستوری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥، ماددەی ١٤٠.

[3] Law of Administration for the State of Iraq for the Transitional Period, 2004. For further detail, the law available at:

http://gjpi.org/wpcontent/uploads/2009/01/transition_admin_law.pdf.

ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ پێکهێنرا، دواتر بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە دەستووری عێراقدا چەسپێنرا.

بەپێی ماددەی (١٤٠)، حکوومەتی فیدڕاڵ دەبێت ڕاپرسی لە ناوچە کێشە لەسەرەکان ئەنجام بدات، کە کەرکووك و ناوچەکانی پەیوەست پێیەوە دەگرێتەوە، ئەو ڕاپرسییەش لە ماوەیەکدا کە لە ٣١ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ تێپەڕنەکات ئەنجام بدرێت. هەرچۆنێك، بێت ڕاپرسی ئەنجام نەدرا، لەکاتێکدا دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراق، لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند "حکوومەتی فیدڕاڵ پێویستە ماددەی (١٤٠) جێبەجێ بکات".[١]

جێبەجێنەکردنی ئەم ماددە دەستوورییە، نیگەرانی حکوومەت و گەلی کوردستانی لێکەوتەوە، ئەمەیان بە پێشێلکارییەکی دەستووری دانا. لەلایەکی تریشەوە، دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراق، کە تایبەتە بە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان لە نێوان هەرێمەکان و حکوومەتی فیدڕاڵ، بەپێی ماددەی (٩٣) بڕگەی (٢)[٢]، حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق، جارێکیتر پابەند دەکات بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠. بۆیە ئەمە ئەو مانایە دەگەیەنێت، کە حکوومەتی فیدڕاڵ بەرپرسە لە جێبەجێنەکردن و پێشێلکردنی دەستوور.

ماددەی (١٢١) بڕگەی (٣)[٣]، ئاماژە بە هەرێمی کوردستان دەکات کە

---

[١] دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، بڕیاری دادگا، ٢٠١٩/٧/٣٠ بەردەستە لە: /https://www.iraqfsc.iq/news.4403

[٢] دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥، ماددەی ٩٣، بڕگەی ٢ دەڵێت "دادگای باڵای فیدراڵی عێراق دەسەڵاتی لێکدانەوەی دەقە دەستوورییەکانی هەیە".

[٣] دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥، ماددەی ١٢١ بڕگەی ٣ دەڵێت "دەبێت لەو داهاتانەی حکوومەتی فیدڕاڵ بەدەست دەهێنێت، پشکێکی گونجاو بۆ هەرێمەکان

پشکی لە داهاتەکانی عێراقدا هەیە وەکو مافێکی دەستووری، و ماددەی (١١٧) لە بڕگەی (١)[1]، دان بە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دەنێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ڕێگە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدرێت، بەبێ دەستێوەردان لەلایەن بەغداوە، پەرە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا بدات و هێزی ئەمنی خۆی هەبێت. بە مانایەکی تر گەلی کورد لە عێراق، توانی چوارچێوەیەکی دەستووری بۆ چارەسەرکردنی کێشە لەمێژینەییەکانی لەگەڵ حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق، بەدەستبێنێت.

ئەم پێشکەوتنەی پرسی کورد کە لە عێراق بەدەستهات، لەڕووی دەستووریەوە هەنگاوێکی تربوو بۆ سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان، بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین. زیاتر لەمەش، بەپێی راپۆرتێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەناونیشانی پێشێلکارییە دەستوورییەکان لەلایەن حکوومەتە یەك لەدواییەکەکانی عێراقەوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ تاکو ٢٠١٧، بەپێی دەستوور، هەرێمی کوردستان مافی چارەی خۆنووسینی هەیە. ڕاپۆرتەکە تیشك دەخاتە سەر ئەوەی، هەر لەساڵی ١٩٩١ەوە هەرێمی کوردستان خاوەن خۆبەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆیە، تەواوی بنچینەکانی ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆی (Montevideo Convention) تایبەت بە ئەرك و مافەکانی دەوڵەتی تێدایە، کە لە بەشەکانی

---

تەرخان بکرێت، کە بەشی هەستان بە ئەرکەکانی بکات بە لەبەرچاوگرتنی داهات و پێداویستیەکان و ڕێژەی دانیشتوانیشی."

[1] دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥، ماددەی ١١٧ بڕگەی ١ دەڵێت "ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنییەوە، دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتانەی ئێستا هەیەتی دەنێت وەك هەرێمێکی فیدڕاڵی".

داهاتوودا باسی دەکەین، و بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی چارەی خۆنووسینی هەیە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێیوایە، بەپێی دەستوور کە گرێبەستێکە لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، بەشداریکردنی پێکهاتەی کورد لە دەوڵەتی عێراقدا، بەشدارییەکی ئارەزوومەندانەیە نەك ناچارییە. واتە، کاتێك ئەم دەستوورە وەکو خۆی جێبەجێ نەکرێت، ئەوا مافی هەرێمی کوردستانە لە عێراق جیابێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش حکوومەتی فیدراڵی عێراق، زیاتر لە ٥٥ ماددەی دەستووری لە کۆی ١٤٤ ماددەی پێشێلکردووە، کە تایبەتن بە پرسی خاك و بودجە و سەرچاوە سرووشتییەکان و سەربازی و مافە رۆشنبیرییەکان.[١] شایەنی باسە، دەستووری هەمیشەیی عێراق لە دیباجەکەیدا دەڵێت" بەشداری پێکهاتەکان لە دەوڵەتی عێراقدا، بەشدارییەکی ئارەزوومەندانەیە، یەکێتی عێراقیش بەندە بە جێبەجێکردنی ئەم دەستوورەوە"[٢]

[1] "GOV, KRG," The Constitutional Case for Kurdistan's Independence & A Record of the Violation of Iraq's Constitution by Successive Iraqi Prime Ministers and Ministers, the Council of Representatives, the Shura the Judiciary and the Army, 2017, 1-33, available at: https://www.institutkurde.org/images/mediapdf/87KFRJGMPD.pdf?fbclid=IwAR2bqM9hKjtVRYhZuB55q43m5WjuNDwUb68ImkPrKA7Qk2QFHn-7q5JVFgs.

[٢] دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥، دیباجەی دەستوور دەڵێت "ئێمەی گەلی عێراق بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە، بەتەواوی ویستی خۆمان و بە ئازادانە و ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکگرتنی ئارەزوومەندانەمان داوە، پابەندبوون بەم دەستوورەش یەکێتی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەری عێراق دەپارێزێ".

ئەم پێشـــێلکاریانەی حکوومەتەکـــانی عێـــراق بەرامـــبەر بەم مـــافە دەستوورییانە، وای لە حکوومەت و گەلی کوردستان کرد، هەسـت بەوە نەکەن کە بەشـێکن لە حکـوومەتی فیـدڕاڵی عێـراق و ئەم مـامەڵە نادەسـتووریانە کارێکی وایکرد، حکوومەت و گەلی کوردستان ناڕازی بن بەرامـبەر بەو کێشـە ئابووری و سیاسییانەی دووچاری هەرێمـی کوردسـتان بـوونەتەوە. بـۆیە لە ساڵی ٢٠١٤، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەنـای بـۆ بیـرۆکەی ئەنجامـدانی ڕاپرسی لەپێناو سەربەخۆیی برد (ئەم مژارە بەشە زیندووەکانی ئەم پەرتـووکە پێکدێنێت)، بەتایبەتی دوای تەشەنەکردنی ناکۆکییەکـانی نێوانییـان و دابەزینـی نرخـی جیهـانی نەوت، تـاکو بیکـات بە گفتوگـۆی سـیاسی لەگەڵ حکـوومەتی فیدڕاڵی عێراق.

حکـــوومەتی هەرێمـــی کوردسـتان لەلایەك بە پشتبەســـتن بە یاســـاوی دەسـتووری، وەکـو لە مـاددەی (١١٥)، بـڕگەی ١ و ٢ی مـاددەی (١٢١)[١]دا هـــاتووە، بڕیـــاری ئەنجامـــدانی ڕاپرسـی ســـەربەخۆیی لە ٢٥ی ئەیلـــوولی

[١] دەستوری هەمیشـەیی عێـراق، ٢٠٠٥، مـاددەی ١١٥ دەڵێـت "هەرشـتێك لە سـنووری دەســتەڵاتە تایبەتییەکـانی حکـوومەتی فیدراڵـدا ئامـاژەی پێنەکرابێـت، ئەوە دەبێـتە دەستەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هـیچ هەرێمـێکەوە. ئەگەر ناکۆکی دروستبوو لەسەر دەستەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکوومەتی فیدڕاڵ و حکـوومەتی هەرێمەکـان، ئەوا پێشـینە بـۆ یاسـای هەرێـمەکەیە. مـاددەی ١٢١ دەڵێـت یەکەم، بەگـوێرەی ئەم دەسـتوورە دەسـتەڵاتی هەرێمەکـان مـافی پیـادەکردنی دەسـتەڵاتەکانی یاسـادانان و ڕاپەڕانـدن و دادوەریـان هەیە، جـگە لەو دەسـتەڵاتانەی کە تـایبەتن بە حکوومەتی فیـدرڕ اڵەوە. دووەم، حکـوومەتی هەرێـم مـافی هەمـوارکردنی جێبەجێکـردنی یاسای فیدراڵی لە هەرێمەکەدا هەیە، ئەگەر ناکۆکی یان دژیەك لە نێوان یاسای فیدڕاڵ و یاسای هەرێمدا هەبـوو، لە سـەر بابەتێـك لە سـنووری ئەوە دەسـتەڵاتانەدا نەبێـت کە تایبەتن بە حکوومەتی فیدڕاڵی".

ساڵی٢٠١٧ درا، بەو پاساوەی حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق، دەسەڵاتی بەسەر پرسی ڕاپرسییەوە نییە، چونکە پرسێکی ناوخۆییە و لە سنووری دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکوومەتی فیدڕاڵدا نییە و لەچوارچێوەی دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندنی هەرێمی کوردستانە. لەلایەکی تریشەوە، برسیکردنی گەلی کوردستان پاساوێکی تری ئەنجامدانی ڕاپرسییەکە بوو، لە ئەنجامدا زیاتر لە ٩٣% ی خەڵکی کوردستان، دەنگیان بە جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق دا.[1] هەرچۆنێك بێت حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق، دژی ئەم ڕاپرسییە وەستایەوە و ئەنجامەکانی ڕەتکردەوە.

بەگشتی، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی گەلی کوردستان پەنای بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی سەربەخۆیی برد:

یەکەم: داواکردنی گەلی کوردستان بۆ مافی چارەی خۆنووسین، کۆکە لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی، کە وەك مافێکی ڕەوای خەڵك، ئەو بنەما نێودەوڵەتییانە جەخت لە مافی چارەی خۆنووسین دەکەنەوە(دواتر باسی لێوە دەکەین).

دووەم: نەبوونی بەشدارییەکی کارای پێکهاتەی کورد، هاوشان لەگەڵ حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق، لە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتە فیدڕاڵی و دەستوورییەکان.

لەژێر ڕۆشنایی ئەمەی سەرەوە، هەوڵدەدەم، لەچوارچێوەی بنەماکانی

[1] Thomas D. Grant, "Kurdistan after the Referendum of September 25, 2017: Statehood, Recognition, and International Law," *Ga. J. Int'l & Comp. L.* 46, no.369 (2018): 370, available at:

https://digitalcommons.law.uga.edu/gjicl/vol46/iss2/4/.

یاسای نێودەوڵەتی، کاریگەری ئەم ڕاپرسییە شیبکەمەوە و پاساوەکانی ئەنجامدانیشی بخەمەڕوو. هەروەها گرنگە وەڵامی ئەم پرسیارەش بدرێتەوە، کە ئایا گەلی کوردستان، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، مافی چارەی خۆنووسینی هەیە؟ تا ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوون نییە، بۆیە پێویستە مافی چارەی خۆنووسین بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی شیبکرێتەوە، تاکو پرسی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان دەستنیشان بکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵدەدەم پرسی یاساییبوونی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان، لە چوارچێوەی پرۆسەی کۆتایی هێنانی داگیرکەر( decolonization process) بخەمەڕوو. بۆئەوەی هاوشێوەی ئەو گەلانەی لەسەر بنەمای داگیرکاری سەربەخۆبوونە، بتوانێت سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت، بەوپێیەی ئایا هەرێمی کوردستان دەکەوێتە نێو ئەم چوارچێوەیەوە؟ یان لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە دەمێنێتەوە؟ لەلایەکی تریشەوە، لێکۆڵینەوە لە یاساییبوونی ئەم ڕاپرسییە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق، تەوەرێکی تری ئەم پەرتووکەیە، و ئایا هەڵوێستی حکوومەتی فیدراڵی عێراق لەمبارەیەوە چییە؟ بەمانایەکی تر، ئایا دەستووری هەمیشەیی عێراق، ڕێگە بە سەربەخۆبوون و جیابوونەوەی هیچ هەرێمێك لە عێراق دەدات؟!.

لە ئەنجامی دیمەنی گشتی ئەو تەوەرەی لەسەرەوە باسمانکرد، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەم پەرتووکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم دوو پرسیارانەی خوارەوە، کە تایبەتن بە کاریگەری ئەنجامدانی ڕاپرسی ٢٥ی ئەیلوولی٢٠١٧ لەسەر داهاتووی هەرێمی کوردستان و عێراق بداتەوە.

یەکەم: ئایا هەڵوێستی حکوومەتی فیدراڵی عێراق لەڕووی دەستوورییەوە، لەسەر ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی چییە؟

دووەم: ئایا پێگەی یاسایی ڕاپرسی هەرێمی کوردستانی عێراق، بە پێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی چییە؟

هەواڵنامەی کتێب

## ١-٢ گرنگی ئەم پەرتووکە و ڕێبازی توێژینەوەکەی

لەم رۆژگارەدا، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ کردەوەکانی توندوتیژی لە سەرانسەری جیهان، بریتییە لە بەرخۆدان و خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلان بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی خۆیان. بۆ نموونە، تا ئێستا زۆر نەتەوە لەجیهان هەن، بەدەست نەبوونی مافەکانییانەوە دەناڵێنن و بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان دەستییان بە شۆڕش کردووە، وەکو تبتەکان لە چین و کەتەلۆنییەکانی ئیسپانیا و کوردەکان، بەتایبەتی گەلی کوردستانی عێراق. گرنگی ئەم پەرتووکە لەوەدایە، هەوڵێکە بۆئەوەی بزانرێت، لەدوای ئەنجامدانی ڕاپرسی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، گەلی کوردستانی عێراق چۆن دەتوانێت سەربەخۆی خۆی بەدەستبێنێت؟.

توێژینەوەی ئەم پەرتووکە، گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و فیدڕاڵی عێراق، بۆئەوەی بتوانن چارەسەری کێشەکانی نێوانییان بکەن کە ماوەیەکی زۆرە بەچارەسەرنەکراوی لەنێوانییان ماونەتەوە. وەکو کێشەی سەرچاوە سرووشتییەکان و دارایی و خاك، کە خۆی لە کێشەی کەرکووك و ناوچەکێشە لەسەرەکان دەبینێتەوە. زیاتر لەمەش سوودێکی مەزنی دەبێت بۆ پەیوەندییە ئەمنییەکانی نێوانییان، بەمەبەستی پاراستنی سنوورەکانی نێوانییان لە هەر هەڕەشەیەك، بەتایبەتی کاری تیرۆرستی. لەگەڵ ئەوەشدا خزمەت بە پرسی جێبەجێکردنی فیدڕاڵیزم و شێوازە یاساییەکانی پەیوەست پێیەوە دەکات.

بەگشتی، لە سەردەمی ئێستاماندا، بۆئەوەی جیهان ئارام بێت و توندوتیژی بەخۆیەوە نەبینێت، چارەسەرکردنی هەموو ئەو پرسانەی کە ئەم پەرتووکە بەخۆیەوە دەگرێت، سیمایەکی ڕاستەقینە لەسەر ئەو هۆکارانەی

هـانی تونـدوتیژی دەدەن، دەردەخـات، هەروەهـا کـارکردن لەسـەریان بە ئاراستەی چارەسەرکردنییان، شوێنێکی بەهادار بۆخـۆی دەگرێـت. گرنگـی ئەم پەرتووکە لەوەدایە، کاریگەرییەکی ئەرێنی و بەرچاوی دەبێت لەسـەر گـرووپە جوداخـــوازە چەوســـێنەرەکان و دەوڵەتـــانی ســـەربەخۆ و ناوەنـــدە بڕیاربەدەســتەکان، جــگە لە ڕۆڵگێــڕانە ســەرەکییەی لەنــاو گۆمەڵگــای نێودەوڵەتییدا .

بـۆ کـۆکردنەوەی هەمـوو ئەم زانیاریـانەی کە ئەم پەرتـووکە گەرەکیـیەتی، بەپێویسـتم زانـی، هەردوو ڕێبـازی زانسـتی یاسـایی (Doctrinal Legal Method) و ڕێبازی چۆنایەتی، (Qualitative Method) بەکـاربێنم. ڕێبـازی زانسـتی یاسـایی بەشـێوەیەکی سـەرەکی، ڕێبـازێکە پشـت بە پەرتووکخـانەی سەرچاوە یاساییەکان دەبەستێت، چـونکە ئەو پرسـانەی کە لەم پەرتـووکەدا بـاس دەکـرێن، هەموویـان یاسـایین، بەتـایبەت پـرسی ڕاپرسـی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق بـۆ سـەربەخۆی، کە لە ٢٥ی ئەیلـوولی ٢٠١٧ ئەنجامـدرا. ئەمەش وادەخوازێت، لەڕووی یاساییەوە، شیکردنەوەیەکی تیۆری و ڕەخنەیـی بـۆ بکرێـت، دەشـێت ئەمەش لەڕێـگەی جێبەجێکـردنی یاسـاکان، ئـامرازە یاساییەکان، ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە بێت، کە بنەمـای سەرەکی یاسای نێودەوڵەتیین. هەرچی ڕێبازی چۆنیەتییە، ئەم ڕێبازە "بـریتییە لە تـوێژینەوەیەکی سـەرەتایی بـۆ دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتی، دەکرێــت بە ڕەخنەیەکی سرووشتی شرۆڤەکاری و پێشکەوتوو دابنرێت، کە چەندین ڕێگەی لێکۆڵینەوە لەخۆدەگرێت".[1] ئەم ڕێبازە لە چوارچێـوەی ڕەسـەنایەتییەکانییان، تـوێژینەوە لەسـەر ڕووداو و دیاردەکـان دەکـات. هەروەهـا هەوڵـدەدات

[1] Marshall C & Rossman G, Designing Qualitative Research (California: SAGE Publication Press, 1995), 23.

زانیارییەکان بەو شێوەیە ڕوون بکاتەوە، کە خەڵك خوێندنەوەیان بۆ دەکات. کـۆکردنەوە و بەکارهێنـانی زانیـارییە جیاوازەکـان، بـۆ نمـوونە چـۆنیەتی زانیارییەکـان و بـۆچی ئەو زانیاریـانە؟ تایبەتمەنـدییەکی تـری ئەم ڕێبـازە زانستییەن، بەوپێیەی زانیاری ورد و تەواو پێشکەش دەکات، بەمەش یارمەتی خـوێنەر دەدات تـا لە بـابەتی تـوێژینەوەکە تێبگـات.[١] ئەم ڕێبـازە بـۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان، سـەرچاوەکانی وەك پەرتووکەکان، توێژینەوەکان، گۆڤارەکـان و چەنـدین سـەرچاوەیتر، بەکاردەهێنێـت.[٢] هۆکـاری سـەرەکی ئەمەش، بریتییە لە پێشکەشکردنی زانیاری سرووشتی و ئەکادیمی و زانسـتیی، پەیوەست بە بابەتی پەرتووکەکە.

---

[1] Denzin K & Lincoln Y, The sage handbook of qualitative research (California: Sage Publications Press, 2005) 485- 499.

[2] Nuraisyah Chua Abdullah, Legal Research Methodology (Sweet & Maxwell, 2018), 185. And Lokman I. Meho," E-Mail Interviewing in Qualitative Research: A Methodological Discussion", Journal of the Association for Information Science and Technology 57, no.10 (2006): 1284–1295, available at:
https://staff.aub.edu.lb/~lmeho/meho-email-interviewing.pdf.

## ١-٣ پێناسەی زاراوە کرداریيەکان

لەم تەوەرەدا، بە جيــا، پێناســـەی هەمـــوو ئەو زاراوانە دەکەيـــن، کە پەيوەنــدارن بە بــابەتی مــافی چــارەی خۆنووســين. هەرچەنــدە هەريەك لەم زاراوانە، پێناسەيەکی تايبەت و مانايەکی تايبەتييان هەيە، بەڵام لەم پەرتووکەدا ئەو زاراوانە بۆ مەبەستی سەربەخۆيی گەلان بەکــاردەهێنرێن، بەتــايبەتی گەلی کوردستان، بەپێی ڕاپرســی ٢٥ی ئەيلــوولی ٢٠١٧، کە زۆرينەيــان دەنگيــان بــۆ سەربەخۆييدا. گرنگترينی ئەو زاراوانە، بــريتيين لە مــافی چــارەی خۆنووســين، ڕاپرسی، بەدەوڵەتبوون، دانپێنان، جيابوونەوە.

- **مــافی چــارەی خۆنووســـين (Self-Determination)**: زاراوەی مـــافی چـــارەی خۆنووسين، چەند پێناسەيەکی جياواز لەخۆدەگرێت. گرنگترينييان، بــريتييە لە بنەمايەکی تايبەت، کە مافە سياسيی و کۆمەڵايەتيی و ئابووريی و ياســاييەکان دەگـــرێتەوە، هەروەهـــا مـــافی گەلە بـــۆئەوەی ئـــازادانە و بەڕێـــگەيەکی ديموکراسييانە، بەبێ هيچ فشار و تۆقاندنێك، خۆيان حــوکمی خۆيــان بــکەن. شارەزايانی بواری ياسا پێيانوايە، مافی چارەی خۆنووسين دوو شێوازی هەيە:

يەکەم: شــێوازی نــاوخۆيی: واتە بەشــداريکردنی خەڵــك لەبڕيــاردانی دەوڵەت، بۆئەوەی سيستەمی سياسی خۆيان هەڵبژێرن و مافە شارســتانی و ڕۆشــنبيريی و ئابوورييەکانيان، لە نێو وڵاتی خۆياندا بەدەستبێنن.

دووەم: شــێوازی دەرەکی: واتە گەل بتوانێــت، بەبــێ فشــار و دەســتێوەردانی دەرەکی، مــامەڵەی پەيوەنـــدييە نێودەوڵەتييەکـــان بکـــات، يـــاخود دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دامەزرێنێت.[١]

[١] تاڵيب ڕەشيد يادگار، هەندێك لە شـێوازە ياسـاييە نێودەوڵەتييەکانی دانيشـتوانی وڵات، گۆڤاری راميارى وياسا، هەرێمی کوردستان،،٢٠٠٨، ل ٢٥٥.

لەڕووی زمانەوانییەوە، بەپێی فەرهەنگی پێشکەوتووی ئینگلیزی بەناوی (Collins Cobuild)، مافی چارەی خۆنووسین بریتییە لە"مافی نەتەوەیەك بۆ سەربەخۆیی دژی زاڵبوونی دەسەڵاتێکی دەرەکی، هەروەها مافی خەڵکە، بۆئەوەی سیستەمی فەرمانڕەوایی خۆیان هەڵبژێرن. هاوتای وشەکانی، ئەمانەن: سەربەخۆیی، ئازادی، ئۆتۆنۆمی و سەربەستی".[1]

- **ڕاپرسی (Referendum)**: زاراوەی ڕاپرسی بریتییە لە ئامرازێکی هەڵبژاردن، بۆ وەرگرتنی رای گەل لەسەر پرسێکی گشتی، یان لە سەر یاسایەك کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچووبێت، دەکرێت لەلایەن گەلەوە، پەسەند بکرێت یان پەسەند نەکرێت. لەچەندین وڵاتدا وشەی "Plebiscite" لەجیاتی وشەی "Referendum" بەکاردەهێنرێت، کە هەردووکیان لە بنەڕەتدا، مانای ڕاپرسی دەبەخشن.[2] لەپێناسەیەکی تردا، ڕاپرسی واتە بنەما، یان کارڕاییەك بۆ پێوەرە پێشکەشکراوەکان یاخود پەسەندکراوەکان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە، بۆ دەنگدان لە سەریان، جا بە بەڵێ بێت یاخود نەخێر. ئەمە لەکاتێکدایە هەندێك وڵات بەشێوەیەکی جیاواز پێناسەی ڕاپرسی دەکەن. بۆ نموونە، وڵاتی ئوسترالیا پێناسەی ڕاپرسی دەکات بۆ گۆڕینی دەستوور، یاخود ڕاپرسییەك کاریگەری نەبێت لە سەر دەستوور. وشەی ڕاپرسی لە لاتینی فەڕەنسیەوە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ هاتۆتە ناو فەرهەنگی ئینگلیزیەوە، کە بریتی بوو لە

[1] "Collins Cobuild Advanced Dictionary," Self-determination, available at: https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/self-determination.

[2] "Study.Com," What is a Referendum? - Definition & Example, available at:
https://study.com/academy/lesson/what-is-a-referendum-definition-example.html.

plebiscite بــۆ Referendum. وشــەی plebiscite، بــۆ هەمیشــە لە نــاو پەیماننــامە نێودەوڵەتییەکــان چەســپێنرا، کە کۆتاییــان بە جەنگــی یەکەمــی جیهانی هێنا، ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی ژمـارەیەك کێشـەی وەك دارِشـتنەوەی سنووره ئالۆزەکان بەکارهێنرا.[1]

ڕاپرســی بــریتییە لە گەڕانەوە بــۆ رای گەل، بەوپێــیەی خاوەنــدارێتی لەسەروەری دەکات  بە بەڵێ یان بەنەخێر، لە سەر هەر پرسێکی گشـتی، یـان یاسایی، یا دەستووری، یان سیاسی بێت.[2]

لە رووی زمــانەوانییەوە بەپێــی  فەرهەنگــی کــامبریجی ئینگلیــزی (Cambridge Dictionary)، ڕاپرسی"بریتییە لە دەنگێك، کە هەموو کەسێك لە ناو دەوڵەت یان هەرێمێکدا، داوای لێکراوە، بۆ ئەوەی رای خـۆی لەبـارەی پرسێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، پێشکەش بکات و بڕیار لەوبـارەیەوە بـدات."[3] بۆیە لەژێر رۆشنایی ئەم پێناسـانەی سـەرەوەدا، ڕاپرسـی بەشـێوەیەکی سـادە، مانای داواکردنی رای گەلە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسێکی گشتی.

- **بەدەوڵەوتبــوون (Statehood):** بــۆ پێناســەکردنی بەدەوڵەتبــوون، تــوێژەران بەگشــتی ئامــاژە بە ڕێککەوتننــامەی مۆنتیڤیــدیۆی ســاڵی ١٩٣٣ دەکەن، کە

[1] Antony Green, "Plebiscite or Referendum - What's the Difference," Antony Green's Election Blog, March20, 2018, available at: http://www.abc.net.au/news/2015-08-12/plebiscite-or-referendum---whats-the-difference/9388640.

[2] ابی الحسن احمد فارس زکریا، معجم مقاییس اللغه العربیه، ج٤، القاهره، ١٩٧١، ٤٧٤.

[3] "Cambridge Dictionary," referendum, available at: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/referendum.

تـایبەتە بە مـاف و ئەرکەکـانی دەوڵەتـان. بەپێـی ئەم ڕێککەوتنـامەیە، بـۆ بەدەوڵەتبوون، پێویستە چوار ڕەگەزی سەرەکی هەبن:

١) دانیشتوانی هەمیشەیی.

٢) هەرێمێکی دیارکراو.

٣) حکوومەت.

٤) توانای بەستنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تر.

ئەم هەموو ڕەگەزانە، بۆ بەشیاوبوونی دەوڵەت بەسەرەکی دادەنـرێن. واتە دەبێت ئەم ڕەگەزانە پێشتر هەبووبن، ئەگەر هەر کیانێـك بیەوێـت بگـات بە ئاستی دەوڵەت.[١]

دەوڵەتبوون یان بەدەوڵەتبوون بەپێی پێوەری یاسای نێـودەوڵەتی، بـریتییە لە کیانێکی یاسـایی ناسرووشـتی، کە تایبەتمەنـدی لەلایەن حکـوومەتێکی تـری خاوەن سەروەری، بەسەر ناوچە جوگرافیـاکەی پێـی بەخشـراوە. هەرچەنـدە یاسای نێودەوڵەتی، پێناسەی دەوڵەتی خاوەن سەروەری دەکات، بە پشتبەستن بەو چوار ڕەگەزانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد. لەهەمانکاتدا تەنیا و تەنیا،

[1] James Crawford, *The Creation of States in International Law* (Oxford University Press, 2006) 4-5. And Montevideo Convention on the Rights and Duties of States, Art.1, 1933, available at:
https://www.ilsa.org/Jessup/Jessup15/Montevideo%20Convention.pdf.
It states "The state as a person of international law should possess these criteria: A. a permanent population; B. a defined territory; C. government; and D. capacity to enter into relations with the other states."

پشت بە یەك دەسەڵات یان یەك دەوڵەت نابەستێت.[1] لەپێناسەیەکی تردا، بەدەوڵەتبوون بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێکی ئازاد، کە پەیوەستن بە مافەکانییان بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکانییان.[2]

بەپێی فەرهەنگی کامبریجی ئینگلیزی (Cambridge Dictionary)، "بەدەوڵەتبوون، مانای پێگەی وڵاتێك یاخود بەشێکی گەورەی وڵات دەگەیەنێت، کە حکوومەتی خۆی هەیە." بۆیە بەدەوڵەتبوون،" بە مانای بوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی دانپێدانراوی نەتەوەیەك دێت.[3]

- **دانپێدانان (Recognition)**: زاراوەی دانپێدانان، بە مانای ئامادەگی کیانێکی دانپێدانراو، بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ کیانێکی تازەی دانپێدانراو دێت.[4] ئەم زاراوەیە بەپێی فەرهەنگی یاسایی، بریتییە لە "دانپێدانانێکی فەرمی لەلایەن دەوڵەتێکی دانپێدانراو بۆ دەوڵەتێکی تر کە بوونی هەیە، وەکو حکوومەتێکی سەربەخۆ و جودا". بەمانایەکی تر، دانپێدانان بریتییە لەوەی، دەوڵەت هیچ پێگەیەکی لەناو نەتەوەکاندا نییە، تاوەکو لەلایەن دەوڵەتانەوە دانی پێدانەنرێت. زاراوەی دانپێدانان، بریتییە لە دانپێدانان، بەهەبوون و یاساییبوونی دەوڵەتێك. لەگەڵ ئەوەشدا بریتییە لە پرۆسەیەکی دانپێدانانی

[1] Malcolm Nathan Shaw, *International law* (Cambridge University Press. 2003), 178.

[2] Hugo Grotius, *Hugo Grotius on the law of war and peace* (Cambridge University Press, 2012).

[3] "Cambridge Dictionary," statehood, available at: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/statehood.

[4] Rebecca M.M. Wallace, *International Law* (London: Sweet & Maxwell, 2001), 75.

دەوڵەتـێکی تـایبەت لەلایەن دەوڵەتـی دایـکەوە.[1] بـۆیە دەکرێـت بڵێـین، دانپێدانان بریتییە لە کارێك، بۆ دانپێدانان بە پێگەیەك.

- **جیـابوونەوە (Secession)**: زاراوەی جیـابوونەوە، بـریتییە لە کشـانەوەی گرووپێـك لە کیـانێکی گەورەتـر، بەتـایبەتی کیـانێکی سـیاسی، یـان لە هەر ڕێکخراوێـك، یەکێتیـیەك یـاخود هـاوپەیمانییەکی سـەربازی. مەترسـییەکانی جیـابوونەوە، دەتوانرێـت ببـنە هەنگاوێـك بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامـانجە دیارکراوەکان.[2]

بەپێـی فەرهەنگـی ئینگلیـزی کـۆلن (Collins English Dictionary)، ئەگەر هەر هەرێمێـك یـان هەر گرووپێـك لە وڵاتێـك یـاخود لە گـرووپێکی گەورەتر کە پەیوەستە پێیەوە جیـابێتەوە، ئەوا بە شـێوەیەکی فەرمـی دەبێـتە وڵاتێکی جـودا، یـان وەکـو بـوون بە ئەنـدام لە گـرووپە گەورەکە نـامێنێتەوە، کەپێشـتر بەشـێك بـووە لێـی.[3] لە پێناسـەیەکی تـردا، جیـابوونەوە بـریتییە لە کشـانەوەی فەرمـی دەوڵەتـێکی دامەزراوەیـی دانپێـدانراو، لەلایەن یەکەیەکی دامەزراو بۆ درووستکردنی دەوڵەتـێکی سـەروەری نـوێ. بڕیـاری جیـابوونەوە نـوێنەرایەتی هەڵوەشـانەوەیەکی سـیاسی ڕووداو دەکـات، کاتێـك هاووڵاتییـانی هەرێمێـك یـان شـوێنێك، چـالاکیە سیاسـییەکانییان لە حکـوومەتی ناوەنـدی

[1] Legal Dictionary," Referendum in International law, available at: https://legal-dictionary.thefreedictionary.com/recognition.

[2] Allen Buchanan, *Secession* (Stanford Encyclopedia of Philosophy, 2007).

[3] "Collins English dictionary," Definition of secession, available at: https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/secede.

دەکشێننەوە و جەخت لەسەر ناوەنداربیەتی خۆیان دەکەنەوە.[1] بەپێی توێژەری یاسای جیمس کارفۆرد، بۆ دروستکردنی دەوڵەتێك، زاراوەی جیابوونەوە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی هەڕەشەی هێز بەبێ ڕەزامەندی دەوڵەتی سەروەری پێشوو.[2] زۆربەی توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لەبارەی جیابوونەوە دووبارە پێداچوونەوەیان بەپێناسەکانی خۆیاندا کردووە، کە بریتییە لە سنووردارکردنی جیابوونەوەی هەرێمێك، بەبێ ڕەزامەندی دەوڵەتی دایك، یاخود ئەو دەوڵەتەی کە بەشێك بووە لێی.[3] بۆیە لە ژێر رۆشنای ئەمەی سەرەوەدا، مەبەست لە جیابوونەوە، بریتییە لە کشانەوەی فەرمی لە ڕێکخراوێك یان دەوڵەتێك یان گرووپێکی لەخۆی گەورەتر، کە پێشتر بەشێك بووە لێی.

[1] Kjell Goldmann, Ulf Hannerz and Charles Westin, eds. *Nationalism and internationalism in the Post-Cold War era* (Psychology Press: 2000), 214.

[2] Crawford, *The Creation of States in International Law*, 375.

[3] Glen Anderson, "Secession in International Law: What Are We Talking About?" *Loyola of Los Angeles International and Comparative Law Review*, Forthcoming (September 2013), available at: https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=2319195.

## ١- ٤ چوارچێوەی بیردۆزی

چوارچێوەی بیردۆزیی، بریتییە لە چوارچێوەیەك، کە پشتگیری بیردۆزێك دەکات یاخود بیردۆزێك هەڵدەگرێت، کە لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا بەکاردەهێنرێت. ئەم چوارچێوەیەش لەژێر ئەم بیردۆزەدا باسی ئەوە دەکات، بۆچی کێشەی ئەم توێژینەوەیە بوونی هەیە. بەکارهێنانی چوارچێوەی بیردۆزی وەکو ڕێبەرێك لە ئەنجامدانی توێژینەوەدا، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕێنوێنیکردنی تەواوی پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوەکە. ئەمەش بۆ باسکردن و پێشبینیکردن و زاڵبوونی دیاردەکانە.[1]

ئەو توێژینەوەیەی لەم پەرتووکەدا دەخرێتەڕوو، چوارچێوەی بیردۆزی خۆی هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش، پێگەی مافی چارەی خۆنووسین وەکو بنەمایەکی دانپێدانراو لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، دەخرێتەڕوو. بۆ نموونە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان (UN) لە شرۆڤەکردنی پێوەرە فەرمییەکانی پەیماننامەکەدا دەڵێت "گەل بەپێی ڕێزگرتنیان لە بنەمای مافەکانی یەکسان دەرفەتی یەکسانی مافییان هەیە، بۆئەوەی بەبێ دەستێوەردان، بە ئازادی سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی و سەروەری خۆیان هەڵبژێرن".

ئەم پەرتووکە، جەخت لەسەر پرسە یاساییەکانی پەیوەست بە مافی چارەی خۆنووسین دەکاتەوە، بۆئەوەی پێداچوونەوە بکات بەوەی، ئایا ئەم بژاردەیە شایانی ئەوەیە کاری لەسەر بکرێت؟، بۆئەوەی بەشێوەیەکی ڕەخنەیی باسی

[1] "Sacred Heart University," Organizing Academic Research Papers: Theoretical Framework, available at:
https://library.sacredheart.edu/c.php?g=29803&p=185919.

ئەم مافە بکات، ئەگەر بنەمایەکە بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆییە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویست و گرنگە وشەی گەل "People" پێناسەی بکەین، تاکو بتوانین وەڵامی ئەو پرسیارەیە بدەینەوە کە دەڵێت" گەل کێیە؟"، بۆئەوەی دیار بکەین، ئایا بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، هەموو کەسێك مافی چارەی خۆنووسینی هەیە؟.

زیاتر لەمەش، ئەم پەرتووکە باس لە ڕێبازە بنەڕەتییەکان دەکات، وەکو ئاراستەی مافی چارەی خۆنووسین لە دەرەوە و ناوەوەی چوارچێوەی پڕۆسەی داگیرکاری. بۆئەوەی بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارەش بدەینەوە، ئایا وەکو بژاردەیەکی ئازادانەی مافی چارەی خۆنووسینی ناوخۆیی و دەرەکی، پێویستە هەموو گەلێك مافی چارەی خۆنووسینی تەواوی خۆی هەبێت؟. بەدیوێکی تردا، لەم پەرتووکەدا رووبەڕووی پرسیارێکی ڕەخنەگرانەی تر دەبینەوە، بەوەی ئایا تەنیا ئەو گەلانەی دەکەونە ناو چوارچێوەی سنوورە داگیرکراوەکان، مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە؟، یاخود ئەوانەش کە دەکەونە دەرەوەی پڕۆسەی داگیرکاری؟. ئەم ئاراستانە بۆ ئەوەیە بزانین، ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت مافی چارەخۆنووسینی خۆی لەڕێگەی ڕاپرسی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بەدەستبێنێت؟. لەمبارەیەوە ئایا گەلی کوردستان دەکەوێتە دەرەوە یان ناوەوەی پڕۆسەی داگیرکاری؟.

لەکۆتاییدا، ئەم پەرتووکە وەکو ڕێبازێکی چارەسەر بۆ مافی چارەی خۆنووسین، باس لە بیردۆزەکانی جیابوونەوە و هەڵسەنگاندنی سەروەری بەدەستهێنرا (Remedial Earned Sovereignty) دەکات. ئەمەش دەکرێت، وەکو ئامرازێکی شەرعی و بەسوود، لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان، بۆ پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین جێبەجێ بکرێت، لەکاتێکدا گەلی کوردستان سەرکەوتوو نەبوون لە هەوڵ و پڕۆسەی جیابوونەوەیان لە عێراق.

## ٢- ڕاپرسی وەکو ئامرازێك، بۆ جێبەجێکردنی بنەمای مافی چارەی خۆنووسین

ڕوون و ئاشکرایە، بابەتی دیموکراسی، هەم لەسەر ئاستی گشتی، هەم لەسەر ئاستی تایبەتی و تەنانەت تاکو ئێستاش، هەمیشە جێگەی بایەخپێدان بووە. ڕژێمە ڕەهاییەکان، هەمیشە ڕەخنەیان لە دیموکراسی گرتووە. بۆئەوەی پاساو بۆ بەرنامەکانییان بێنەوە هەندێکیان پێیانوایە دیموکراسی ئامرازێکی تێکدەرانەیە، بەوپێیەی گەلان ناتوانن بە شێوەیەکی راستەوخۆ و تایبەت، بەرنامەکانییان جێبەجێ بکەن. ئەمە لەکاتێکدایە، وادەبینرێت دیموکراسی وەکو سیستەمێکی فەرمانڕەوایی لە جیهان، بەبەراورد لەگەڵ سیستەمەکانی دیکەی جیهان کەمترین زیانی هەیە، هەروەها هیچ گومانی تێدا نییە، کە دیموکراسی بریتییە لە سیستەمێکی هۆشیار. کاتێك گەل گەیشتە ئاستێکی بەرزی رۆشنبیری، ئەوا ناتوانێت ڕێگە بە حکوومەتێك بدات، دژی خواستەکانی خۆی کار بکات. ئەمە دەبێتە کارێکی مەحاڵ، کە ڕێگە بدات حکوومەتێکی هەمیشەیی و جێگیر دامەزرێنرێت بەبێ ڕەزامەندی خۆی، بەتایبەتی لە سەردەمی میدیایەکی کارا - پەروەردەیەکی پێشکەتوو، - رایەکی گشتی بەهێز. لەپێناو ئەوەی دیموکراسی دابین و دەستبەربێت، گرنگ و پێویستە لەڕێگەی ڕاپرسییەوە، رای گەل لە درووستکردنی ئەو بڕیارانەدا وەربگیرێت، کە بە داهاتووی خۆیانەوە گرێدراوە.

لەم سەردەمەدا، گەلان لە کاروباری خۆیاندا، خاوەنی یەکەم و دوا بڕیاری خۆیانن، بەتایبەتی لە بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی پرسەکاندا. بۆیە لەم بەشەدا، هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، کە ئاخۆ چۆن ڕاپرسییەکان نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خواستی گەل دەکەن؟.

لەلایەکی تریشەوە، ڕاپرسییەکان ئەو ئامرازەن، کە دەتوانرێت لە بەرگێکی دیموکراسیدا، بۆ جێبەجێکردنی خواستی گەل بگوازرێنەوە، بەشێوەیەك شەرعیەت بدات بە بڕیارێکی ستەمکارانە بەسەر خودی گەلەکەدا، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی، کە دیموکراسی تیایاندا لەئاستێکی کەمی گەشەکردندان. بەهۆی لاوازی هەمەجۆری دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی، زۆر لە سیستەمە سیاسییە هاوچەرخەکان، پەنا دەبەنە بەر ڕاپرسی و لە دەستوورەکانیاندا جێگیری دەکەن. ڕاپرسییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی، لە کەمکردنەوەی لاوازی و بێهێزی سیستەمەپەرلەمانییەکان دەگێڕن.

لەژێر ڕۆشنایی ئەمەی سەرەوەدا، ئەم بەشە بەسەر سێ تەوەرەی سەرەکییدا دابەش دەبێت:

یەکەم: چەمکی ڕاپرسییەکان، کە پێناسەی ڕاپرسی و جۆرەکانی ڕاپرسی دەگرێتەوە.

دووەم: سەروەری ڕاپرسییەکان لەیاسای نێودەوڵەتیی و دەستووریدا.

سێیەم: تیشك دەخەینە سەر ئەوەی، وەکو ئامرازێکی یاسایی، پێویستە چ جۆرە ڕاپرسییەك بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، لە کەیسی- هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەنجام بدرێت.

## ٢- ١ چەمکی ڕاپرسی

لەم تەوەرەدا، هەوڵ دەدەین باسی چەمـکی ڕاپرسـی، لەڕووی زمـانەوانی و زاراوەییەوە بکەین و بنچینەکانی ڕاپرسیش بخەینەڕوو، دواتر تیشك دەخەیـنە سەر، پەیوەندی ڕاپرسی بە دیموکراسییەوە.

### ٢-١-١ پێناسەی ڕاپرسی

ئەم تەوەرەیە دوو جـۆر پێناسـە لەخـۆ دەگرێـت، پێناسـەی زمـانەوانی و پێناسەی زاراوەیی.

**١ - پێناسەی زمانەوانی**

ڕاپرسی لە زمانی عەرەبیـدا، بەمانـای داواکـردنی رایەك یـاخود بڕیـارێکە لە سەر پرسێکی دیارکراو. کاتێك یاساناسـێك یـان دادوەرێـك رایەك سـەبارەت بە پرسێك دەدات، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو یاساناسە، یان ئەو دادوەرە، بڕیـارەکە شرۆڤە دەکات. یـان ئەگەر کەسـێك پرسـیار لە یاساناسـێك یـاخود دادوەرێـك لەبارەی پرسێك بکات، بۆ نموونە لەبـارەی بڕیـارە یاسـاییەکەی، لەم حـاڵەتەدا یاساناسـەکە، یـان دادوەرەکە، وەڵامـی پرسـەکە، لە ڕوانـگەی یاسـایی و دادوەرییەکەیەوە دەداتەوە.[١]

مانای فراوانی ڕاپرسی لە زمانی عەرەبیدا، بریتییە لە (استفتاء)، کە لە پرسـە گشـتییەکاندا بەکارهـاتووە. وشـەی ڕاپرسـی(referendum) بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ، لە لاتینـیەوە هـاتۆتە نـاو زمـانی ئینگلیـزی. کەچـی وشـەی (plebiscite کە ئەمـیش واتـای ڕاپرسـی دەگەیەنێـت)، لە فەڕەنسـیەوە بـۆ

---

[١] ابو حسن احمد ابن زکریاٌ، مصدر سابق(٤٧). الشیخ عبد الله البستانی، الوافی، بیروت، ١٩٨٠، ص ٤٥٧.

لاتینی ئینجا بۆ نێو ئینگلیزی گواستراوەتەوە. لە پێناسەیەکی تردا، ڕاپرسی بەمانای ڕووداوێکە، کە گەلی وڵاتێك یان لە ناو دەوڵەتێکدا، دەنگ لە دژی، یان پەسەندکردنی یاسایەك دەدەن، کە تایبەتە بە پرسێکی دیارکراو، یانیش دەنگدانێکی گشتییە لە سەر پرسێکی دیارکراو.[1]

## ٢- پێناسەی زاراوەیی

لەڕووی زمانەوانییەوە، ڕاپرسی بریتییە لە وەرگرتنی ڕای گەل لەسەر هەر پرسێکی گشتی، بە پەسەندکرنی یان پەسەندنەکردنی، وەکو پرسە دەستووریی و یاسایی و سیاسییەکان، بەوپێیەی گەل خاوەنی سەروەرییە.[2] ئەم پێناسەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ڕاپرسی هەموو پرسەکان دەگرێتەوە، بەبێ گوێدانە سرووشتی بابەتەکە، بەوەی ئایا ڕەشنووسێکی ئاساییە، یان یاسایەکی دەستوورییە. هەروەها دەکرێت لەسەر بڕیارێکی سیاسی بێت، لە ناو یەکێك لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، کە بەو هۆیەوە هەموو کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان دەگرێتەخۆی. ڕاپرسی بریتییە لەو ڕێگایەی، کە وا لە گەلان دەکات پیادەی سەروەری خۆیان بکەن، کە شێوازێکە لە شێوازەکانی نیمچە دیموکراسی راستەوخۆ.

گرنگە بزانرێت لە زاراوەی ڕاپرسیدا، لەپرسە کۆمەڵایەتییەکاندا گەلان پیادەی ڕای خۆیان ناکەن، بەڵکوو ئەوان پیادەی مافە سیاسییەکانی خۆیان دەکەن. ئەمەش لە ڕەوشێکدایە، کاتێك وەکو دەنگدەر لە هەڵبژاردنەکان

---

[1] Green, "Plebiscite or Referendum - What's the Difference,". And "Learner's Dictionary," referendum, available at: http://www.learnersdictionary.com/definition/referendum.

[2] يا سين محمد عبد الكريم الخرسانی، المركز الدستوری لـرئيس الـدوله فـی االجمهـوريه اليمنيه (دراسه مقارنه)، دكتوراه، جامعه بغداد، ٢٠٠٠، ص ١٠٧.

نـاونووس دەکـرێن، بەپێـی بنەماکـانی هەڵبـژاردنی گشـتی، دەبێـت مەرجە سـتانداردەکان جێبەجـێ بکـرێن، وەك لەسـەر ئاسـتی نێـودەوڵەتی کـاری پێـدەکرێت. بـۆیە ڕاپرسـی لە زۆربەی وڵاتـانی جیهـان کـاری پێـدەکرێت و جێبەجێ دەکرێت، چونکە ئامرازێکی نیمچە دیموکراسییە و ڕێگە بە دەنگدەر دەدات، خواست و ڕای خۆی لە سەر بابەتی ڕاپرسییەکە دەرببڕێت.[1]

دەکرێت ڕاپرسـی، بـۆ هەڵبـژاردنی کەسـایەتییەکی سـیاسی (وەکـو سـەرۆکی وڵات، یان بۆ بەرنـامەیەکی سـیاسی، کە سـەرۆکی وڵات مەبەسـتیەتی جێبەجێـی بکات) ئەنجام بدرێت، ئەمەش پێیدەوترێت ڕاپرسی سیاسی یان کەسی.[2]

لەلایەکی ترەوە، بەپێی ڕایەکی زانستی یاسایی، پێناسـەیەکی گشـتگیر هەیە لەبارەی ڕاپرسی، وەك سرووشتێکی سیاسی، بەبێ دەستنیشـانکردنی پێناسـەیەکی یاسایی جیاواز لێی. پێناسەی یاسایی ڕاپرسی، مـافی دەنگـدان دەداتە گەل، بـۆ دەربڕینی ڕای خۆی لەبارەی فەرمانڕەوایی یاسایی، بەوپێـیەی، ئایـا دەکرێـت ڕاپرسی ئەنجـام بـدرێت لە ڕێـگەی ئـامرازێکی یاسـاییەوە، یـان ڕەشنووسـێکی پێشـنیارکراو پیشـانی گەل بـدات، بـۆ دەربڕینـی ڕای خـۆی لەبـارەیەوە؟ ئەم پێناسەیە بەبێ هیچ کۆت و بەندێك بواری ڕاپرسـی فـراوانتر دەکـات، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکهەڵکێشکردنی پێناسـەی یاسـایی بەپێـی مانـایەکی سـیاسی، کە تێدەپەڕێت لە پیشەی ڕاپرسی لەناو سیستەمێکی دیموکراتیدا و گەڕانەوەی بۆ ئامرازێك، کە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا شـەرعیەت بە ئەرکەکـانیتر دەدات. پێناسـەی فـراوانی سـیاسی ڕاپرسـی، دەشـێت بەهـۆی مەیـلی یاساناسـانی

[1] يیدا عبدالجواد العباسی، مفهومالاستفتاءالشعبی، المرجع الاكترونیه المعلوماتیه، متواجـد فی: https://almerja.net/reading.php?i=4&ida=1291&id=973&idm=22183

[2] ماجد راغب الحلـو، الاسـتفتاء الشـعبی والشریـعه الاسـلامیه، موسـوعه القچـاء والفقـه للدول العربیه، ج (٢١٥)، القاهـره، ١٩٨٥، الدار العربیه للموسوعات، ص ٨١.

دادوەرییەوە بێت، بۆ جێبەجێکردنی پرسێکی ناشەرعی، لەنێو سیستەمە نادیموکراتەکاندا. ئەمەش دەکرێت ببێتە هۆی جێبەجێکردنێکی هەڵە، کە ئاسانکاری دەکات بۆ فەرمانڕەواییەکی ناڕەوا و ڕێی تێدەچێت سیستەمێکی ستەمکار لە بەرگێکی دیموکراسیدا لێیبکەوێتەوە. بە مانایەکی تر، ڕەنگە هەندێك دەسەڵاتدار و سیستەم هەبن ڕێگە بەخۆیان بدەن، ڕاپرسی وەکو ئامرازێکی دیموکراسی، بەمەبەستی گرتنەدەستی سیستەمێکی ستەمکار و زۆردارانە بەکاربێنن.[1]

مەبەست لە ڕاپرسی وەکو ئامرازێکی یاسایی و شێوازێکی ناڕاستەوخۆی دیموکراسی، خستنەڕووی پرسێکە لە بەردەم گەل، جا ڕەشنووسێکی یاسایی بێت، یاخود دەستووری، یانیش ڕەشنووسێکی یاسادانان بێت. ئەمە لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە، گەل هان دەدات، ڕاستەوخۆ بەشداری لە دروستکردنی بڕیاری یاساییدا بکات. رایەکی تریش هەیە، دەڵێت" ڕاپرسییەکان پێناسەیەکی فراوانی سیاسییان هەیە، چونکە یاساناسانی دادوەری، ڕاپرسی وەکو خستنەڕووی پرسێکی سەرەکی یاسایی بە گەل پێناسە دەکەن، بۆئەوەی بە بەڵێ یان نەخێر، رای خۆیان لەسەر بدەن".[2] ئەم پێناسەیە، دوو ڕەگەزی سەرەکی لەخۆدەگرێت:

[1] جابر جاد ناصر، الاستفتاء والديمقراگيه، القاهره، دار النهچه العربيه، ١٩٩٣، ص ١٨-١٩.

[2] صالح جواد الكاقم وعلى غالب العانى، النظم السياسيه، بغداد، دارالحكمهK ١٩٩٠-١٩٩١، ص ٢٥.

**یەكەم: ڕاپرسی، دەبێت بەمەبەستی خستنەڕووی پرسێكی سەرەكی بێت بە گەل**

مەبەست لەم ڕەگەزە ئەوەیە، كێ دەسەڵاتی ڕێكخستنی ڕاپرسی بۆ گەل هەبێت؟، یان كام لایەن بڕیاری ڕێكخستنی ڕاپرسی دەدات؟.[١]

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، پێویستە سەیری دەستوورەكان بكەین، ئەمەش رادەی جیاوازی لە دانان و دیاركردنی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە لەنێوان دەستوورەكان پیشان دەدات. بۆ نموونە، دەستوورێك دەسەڵاتی ئەنجامدان و ڕێكخستنی ڕاپرسی، دەداتە یەك لە دەسەڵاتەكانی دەوڵەت، جا ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتی یاسادانان بێت، یانیش جێبەجێكاری بێت، یاخود هەردووكیان. هەندێك لە دەستوورەكان لە ڕێگەی پێشنیارێكی گشتی، مافی ئەنجامدانی ڕاپرسی، دەدەنە دەنگدەران یاخود گەل. بۆیە دەكرێت ئەو دەسەڵاتانەی كە دەسەڵاتی ڕێكخستنی ڕاپرسیان هەیە، دەستنیشان بكرێن، بەم شێوەی خوارەوە:

١. دەسەڵاتی یاسادانان: ئەم دەسەڵاتە كاتێك جێبەجێ دەكرێت، كە دەستبەرداری دەسەڵاتەكانی خۆی دەبێت. ئەمەش لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا جێبەجێ كراوە، دەستووری ئەمەریكا دان بە ڕاپرسییەك لە سەر ئاستی فیدراڵییەت نانێت، بەڵكوو زۆربەی جار لەلایەن دەسەڵاتەكانی یاسادانانەوە لە هەر ویلایەتێك ڕێكدەخرێت.[٢]

٢. دەسەڵاتی جێبەجێكردن: زۆربەی دەستوورەكان دەسەڵاتی ئەنجامدان و ڕێكخستنی ڕاپرسییەكان، دەدەنە دەسەڵاتی جێبەجێكردن. بۆ نموونە دەستووری چوارەمی فەرەنسی ـ هی ساڵی ١٩٤٦، دەسەڵاتی ئەنجامدانی

[١] جاد ناصر، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] عبد الجواد العباسی، سەرچاوەی پێشوو.

ڕاپرسی لەسەر دەستوور، بە سەرۆکی وڵاتی بەخشی. دواتر فراوانتری کرد، بۆ لەخۆگرتنی هەموو ئەو پرسانەی پەیوەستن بە خەڵك.[1]

٣. پێدانی دەسەڵات بە کۆمەڵە دەنگدەرێك: بەپێی راسپاردە گشتییەکان، هەندێك لە دەستوورەکان دەسەڵاتی ئەنجامدانی ڕاپرسی، دەدەنە کۆمەڵە دەنگدەرێك. بۆ نموونە، لە دەستووری سویسرای ساڵی (٢٠٠٠)دا، بەمەبەستی پێشنیازکردنی هەموارکردنێکی تەواویی یان بەشێك لە دەستووری فیدراڵی، دەسەڵاتی ئەنجامدانی ڕاپرسی، لەلایەن دەستوورەوە بە سەد هەزار(١٠٠٠٠٠) هاووڵاتی کە شیاوبن بۆ دەنگدان دراوە.[2] یاخود دەستووری ئیتاڵیای ساڵی ١٩٤٧، مافی ئەنجامدانی ڕاپرسیی، داوەتە پێنچسەدهەزار (٥٠٠٠٠٠) هاووڵاتی، یاخود پێنج لە ئەنجوومەنە هەرێمییەکان.[3]

بۆیە دەکرێت، ڕاپرسییەکان لەلایەن یەکێك لەم دەسەڵاتانەی سەرەوەدا پێشنیار بکرێن. لەگەڵ ئەمەشدا، دەستوورەکان لەیەکتر جیاوازن. جا سنووردارکردنی ئەم دەسەڵاتە بۆ یەکێك لەم دەزگایانە، دەبێتە هۆی زاڵبوونی یەکێکیان بەسەر ئەوانی تردا. بۆیە واباشترە دەسەڵاتی ئەنجامدانی ڕاپرسی،

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] Swiss Constitution, Art 138, 2000. It states "Popular initiative requesting the total revision of the Federal Constitution: 1 Any 100,000 persons eligible to vote may within 18 months of the official publication of their initiative propose a total revision of the Federal Constitution. 2 This proposal must be submitted to a vote of the People."

[3] Italy's Constitution, Art, 75, 1947. It states "A general referendum may be held to repeal, in whole or in part, a law or a measure having the force of law, when so requested by five hundred thousand voters or five Regional Councils."

بدرێتە هەردوو دەسەڵاتی دەوڵەت، هەم دەسەڵاتی یاسادانان، هەم دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن، تـاکو گەل هاوسـەنگییەك لەنێوانییانـدا درووسـت بکـات، و ڕێگەش بە گەل بدەن، لەسەر پرسە گرنـگ و چارەنووسـازەکان، بەشـداری لە پرۆسەی درووستکردنی بڕیاردا بکات.

ڕاپرسـییەکان، دەبێـت بەپرسـە گشـتییەکانەوە پەیوەسـت بـن، هەروەهـا دەبێــت تــایبەت بــن بە دەرکــردن و ئەنجامــدانی گۆڕانکــاری لەهەمــوو ڕەشنووســـە یاســـاییەکان، ئەوانەی بە پرســـە دەســـتووریی و سیاســـیی و یاســاییەکانەوە گرێــدراون. بــۆ نمــوونە، دەکرێــت، ڕاپرســی لەســەر بڕیــارە سیاسییەکان، یاخود پلانێکی دیـارکراو، یـانیش پەیماننـامە و ڕێککەوتننامەکـان ئەنجام بدرێت. لەهەمانکاتـدا، دەکرێـت لە سـەر هەمـوارکردنی هەنـدێك لە ماددەکانی دەستوور، یان هەڵوەشاندنەوەی یاساکان ئەنجام بدرێت. ڕاپرسـییە سیاسییەکان، ئەو ڕاپرسییانە دەگـرێتەوە، کە تـایبەتن بە هەڵبـژاردنی سـەرۆکی وڵات و سیاسـەتەکانی، یـاخود پرســی داهــاتووی سیاســی وڵات. دواتــر لە بەشەکانی داهاتووی ئەم پەرتووکەدا، بە دوور و درێژی لەسەریان دەدوێین.[١]

شـایانی باسـە، هەنـدێك پـرس هەن، ناتوانرێـت ڕاپرسـیان لەسـەر ئەنجـام بدرێت. بۆ نموونە ئەو پرسانەی کە بە پەرلەمان بەسـتراونەتەوە، وەکـو پرسـە ئالۆزەکان کە هاووڵاتییان ناتوانن چارەسەریان بکەن، یان رای خۆیان لە سـەر بــدەن، یــاخود ئەو پرســانەی کە پەیوســتن بە ئایینەکــانەوە، و پرســەکانی پەیوەست بە پـوختەی هـونەری، و ئەو پرسـانەی دەکەونە نێـو چوارچێـوەی

[١] جاد ناصر، سەرچاوەی پێشوو.

تایبەتمەندی دادگاوە، هەروەها ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بە پێوەرەکانی ئاسایشی وڵات، یاخود سیستەمی وڵات.[1]

**دووەم : دەرچوونی بڕیاری گەل، بە بەڵێ یاخود نەخێر**

مەبەست لەم ڕەگەزە، بڕیاری دەنگدەرە لەسەر بابەتی ڕاپرسی، بە بەڵێ یان نەخێر. ئەم جۆرە پێوەرە لە چەمکی ڕاپرسییەکاندا بە پێوەرێکی سەرەکی دادەنرێت، تەنانەت بۆ پەرلەمانیش لەکاتی دانانی یاساکان بە پێوەرێکی سەرەکی دادەنرێت. ئەگەر دەنگی دەنگدەران بۆ لایەنێك مەرجدار کرا، ئەوا بە دەنگدانێکی نادرووست دادەنرێت.[2] بۆیە دەکرێت بڵێین ئەم ڕەگەزە لە کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسی، دەبێت ژمارەیەك مەرج لەخۆبگرێت، وەکو سادەیی، ڕوونی، و نائالۆزی لەبابەتی ڕاپرسی.

---

[1] عبد الحمید متولی، أزمه النظم الدیمقراگیه،الإسکندریه: دار الگالب، ١٩٥٤، ص ١١٨.

[2] عصمت سیف الدوله، النظام البرلمانی ومشکله الدیمقراگیه، القاهره، المطبعه العربیه الحدیپه، ١٩٧٦، ص ١٥٠.

## ٢- ٢ بنچینەکانی ڕاپرسی

شـەریعەتی ئیسـلام، بەپێـی بنەمـای شـورا و بەیـعە (التشـاور و إعـلان التبرعات) ڕاپرسی پێناسـەی کـردووە. بەپشتبەسـتن بەم بنەمـایە لەسـەردەمی خەلیفەکـان، کە پێیانـدەوترا (البیعـة الصـغرى و البیعـة الکـبرى)، چەنـدین ڕاپرسـیی ئەنجـام دراون. یەکەمجـار لەدوای ڕەزامەنـدی (البیعةالصـغرى) خەلیفە دیاریدەکرا، دواتر بە ڕەزامەنـدی گشـتی (البیعـةالکبرى)، شـەرعییەتی وەردەگرت.[١]

بنچینەی ڕاپرسییەکان لە سەردەمی نوێ و مۆدێرندا، بـۆ دەوڵەتی سویسـڕا و فەرەنسا دەگەڕێتەوە، کە دانیان بە وشەی لاتینی ڕاپرسـی لەچوارچێـوەیەکی دیپلۆماسیدا نا. بەمەش یەکەم تۆوی ڕاپرسی لە وڵاتی فەڕەنسا، لە ڕاپرسـییەکی دەسـتووری نەشـونمای کـرا، وەکـو ڕاپرسـییەکی دامەزراوەیـی سـاڵی ١٧٩٣ پێناسـەکرا. ئەمەش یەکەم ڕاپرسـی بـوو، لەسـەر هەڵبـژاردنی نـاپلیۆن، وەك سـەرۆکی وڵات لەلایەن گەلەوە لە سـاڵی ١٧٩٩. بـۆیە ئەمەش بەروار و مێژوویەکی تایبەت و گرنگە بۆ فەڕەنسا، چونکە یەکەمجار بـوو، دەنگدانێکی سـەربەخۆ یـان سیسـتەمێکی ڕاپرسـی، لە دەسـتووری فەڕەنسـادا جێبەجـێ بکرێت.[٢]

لە جێبەجێکردنی ڕاپرسی، سویسـڕا لەدوای فەڕەنسـا هـات، بەمەش یەکەم تـۆوی ڕاپرسـی، لە شـێوازی ڕاپرسـی یاسـادانان چێـنرا و بە یەکەم ڕاپرسـی یاسادانانیش دانرا لەو وڵاتە دا، کە لە دەستوورەکەی ساڵی ١٨٧٤ لە مـاددەی

[1] "Auras Legal Forum," What is the referendum?" May 28, 2012, available at: http://sciencesjuridiques.ahlamontada.net/t2125-topic#top.

[٢] کمال الغالی، مبادئ القانون الدستوری والنظم السیاسیه،١٩٩٠، ص٢٩٠.

(٨٩)دا دەڵێت" یاساکانی فیدراڵ و فەرمانەکانی فیدراڵ، دەبێت لەلایەن هەردوو ئەنجوومەنەوە پەسەند بکرێن. ئەگەر هاتوو ٥٠٠٠ هەزار کەس، یاخود ٨ ویلایەت داوایان کردبوو دەنگدان لە سەری بکرێت، یاساکانی فیدراڵ و بەگشتی فەرمانە پابەندییەکانی فیدراڵی، بۆ پەسەندکردن یان پەسەند نەکردنییان، دەبێت پێشکەشی گەل بکرێن."[1]

لە سەدەی بیستەمدا، ئەنجامدانی ڕاپرسی، گەیشتە کۆمەڵگای ئەوروپی، چەندین وڵاتی ئەوروپی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، پەیڕەویان کرد. ئەمەش بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

١. زاڵبوونی بزووتنەوەی دیموکراسی لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، لەئەنجامی سەرکەوتنی ئەو وڵاتانەی بانگەشەی دیموکراسییان دەکرد، هەروەها گەشەکردنی وشیاری سیاسی، بەهۆی پەروەردەییەوە.

٢. حەزی لابردنی لاوازییەکان و زیانەکانی سیستەمی پەرلەمانی و سنووردارکردنی رۆڵی پەرلەمانتاری.[2]

وڵاتە ئەوروپییەکان، ئەنجامدانی ڕاپرسییان لە دەستوورەکانییاندا چەسپاند، وەکو ئەڵمانیا لە ماددەکانی ٧٣ و ٧٥ی دەستووری ساڵی ١٩١٩دا[3]،

---

[1] Switzerland Constitution, Art. 89, 1874.

[2] إبراهيم عبد العزيز شيعه، مبادئ النظم السياسيه (دول، حكومات)، بيروت، دار الجامعه، ١٩٨٢، ص ٢١٩.

[3] Germany's Constitution, 1919, Art. 73, 75. It states "A statute enacted by the Reichstag is to be submitted, before its promulgation, to a Popular Decision if the Imperial President within a month so determines." Article 75 sates "An enactment of the Reichstag can be set aside by a Popular

ئوستراليا له دەستووری ساڵی ١٩٢٠[١]، یۆنان له دەستووری ساڵی ١٩٢٠، چیکۆسلۆڤاکیا له دەستووری ساڵی ١٩٢٢، هەروەها ئیسپانیا له دەستووری ساڵی ١٩٣١.[٢] ئەمە لەکاتێکدایە هەرێمی کەتەلۆنیای سەر بە دەوڵەتی ئیسپانیا، له ١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧، پەنای بردەبەر ئەنجامدانی ڕاپرسی[٣]، بەڵام حکوومەتی ئیسپانیا به توندی ڕەتی کردەوە.

دوای وڵاتانی ئەوروپی، بنەمای ڕاپرسی بەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە عەرەبییەکانیشدا بڵاوبووە و له دەستوورەکانیاندا پەیڕەویان لێکرد. بۆ نموونە وڵاتی میسر له دەستووری ساڵی ١٩٥٦، مۆریتانیا له دەستووری ساڵی ١٩٦٠، سووریا له دەستووره کاتییەکەی ساڵی ١٩٧١، هەروەها سوودانیش له دەستووری ساڵی ١٩٧٣.[٤] جگەلەمانە، له هەرێمی کوردستانی عێراقیش، ڕاپرسی بەمەبەستی سەربەخۆیی، له ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ ئەنجامدرا، بەڵام ڕاپرسییەکەی هەرێم لەلایەن حکوومەتی فیدڕاڵەوە بەتوندی ڕەتکرایەوە

Decision only when a majority of those entitled to vote take part in the voting."

[1] Austria's Constitution, 1920,available at:
https://www.constituteproject.org/constitution/Austria_2009.pdf.

[٢] حمید متولی، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٢٢.

[3] David Alandete, "Independence in Catalonia – now what?," EL PAIS, October 10 ,2017, available at:
https://english.elpais.com/elpais/2017/10/10/inenglish/1507636762_251450.html.

[4] "Auras Legal Forum," What is the referendum?".

و کـاردانەوەی تونـدی سـەربازی و دیپلۆماسـی و ئـابووری و گۆشـەگیرکردنی هەرێمی بەدوادا هات.[١]

[1] Campbell MacDiarmid, "Masoud Barzani: Why It's Time for Kurdish Independence," Foreign Policy, June 15, 2017, available at: https://foreignpolicy.com/2017/06/15/i-want-to-die-in-the-shadow-of-the-flag-of-an-independent-kurdistan/.

## ٢- ٣ ڕاپرسی و دیموکراسی

ڕاپرسـی و بنچینەکـانی، بەشـێکن لە دیموکراسییەتی ناڕاسـتەوخۆ. ڕاپرسـی یەکـێکە لە دیاردەکـانی دیمـوکراسی، بەوپێـیەی لەسـەر بنەمـای شـێوازی دیموکراسی پەرلەمانی ئەنجام دەدرێت، کە پەیوەندییەکانی ئەندامانی پەرلەمان (لەدوای هەڵبژاردنییان) لەگەڵ گەلدا دەپچڕێنێت. لەهەمانکاتدا نابێت گەل، لە بەشـداریکردنی لە پەرلەمـان، بـۆ گەیشـتن بە دەسـەڵاتەکانی راسـتەوخۆی دەوڵەت لەسـەر پرسـە گرنگەکـان، بێـبەش بکـات. هەروەهـا، ڕاپرسـی لە دیموکراسـییەتی راستەوخۆشـدا دەردەکەوێـت، کە شـێوازی بەشـداری راستەوخۆی گەلە لە کاروباری فەرمانڕەواییدا.[1]

بەشـداری کـردنی گەل لە پڕۆسـەی دیموکراسـیدا، بـۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ پرسە چارەنووسازەکان، توانایەکی بەهێز بەدەسـەڵات دەبەخشـێت، هەروەهـا رۆڵـی پەرلەمـانیش بـۆ چـاودێریکردنی پرسـەکانی تـر بەهێزتـر دەکـات. بـۆیە دەکرێـت بڵێـین، بەشـداری کـردنی دەنگـدەران لە سیسـتەمی دیموکراسـیدا، دەبێـتە هـۆی درووسـتبوونی دەسـەڵاتی چـوارەم، هاوشـان لەگەڵ هەرسـێ دەسەڵاتەکانی تری یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا.[2]

لە هەڵبژاردنی گشـتیدا، پـڕۆژەی پێشـنیارکراو بنەمـای سـەرەکییە بـۆ گەل، تاکو رای خۆیان لەبارەیەوە بدەن. ئەگەر پرسـێکی کێشـەداریش هەبـوو، ئەوا تەنیـا لە حـاڵەتی دوای ئەنجامـدانی ڕاپرسـی لەسـەری، پەرلەمـان دەتوانێـت چارەسەری بکـات. بـۆیە لە هەمـوو حاڵەتەکانـدا، دەسـەڵات داوالێکـراوە بـۆ

[1] نوری لطیف، القانون الدستوری والنظام الدستوری العراقی، بغداد، مطبعه علاء، ١٩٧٩، ص ١٧٠.

[2] مصطفی کامل، شرح القـانون الدسـتوری والقـانون الأساسـی العراقـی، بغـداد، مطـبعه السلام، ١٩٤٧-١٩٤٨، ص ٢٩.

جێبەجێکردنی بڕیاری ڕاپرسی.[1] بەهۆی ئەوەی پابەندبوون بە خواستی گەل، نوێنەرایەتی دیموکراسی دەکات، ئەوا جێبەجێکردنی ڕاپرسیش، تەنیا پەیوەستە بە پیادەکردنی دیموکراسی.

دیموکراسی، بریتییە لە زمانی فەرمانڕەوایی گەل، یاخود دەسەڵاتی گەل. لە بنەڕەتدا بەپێی بنەمای سەروەری گەل، گەل خاوەن دەسەڵاتە و خاوەندارییەتی لە دیموکراسی دەکات، کە لەم ڕێگەیەوە بەئاشکرا گەل رای خۆی دەردەبڕێت. هەر کەسێك بەشی خۆی هەیە لە سەروەری و ئەندامانی پەرلەمان کە تەنیا نوێنەری گەلن، پێویستە پابەندبن بە جێبەجێکردنی فەرمان و خواستەکانی گەل، ئەگەرنا، دەکرێت ئەوانیش لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە بگۆڕدرێن.[2]

پەیوەست بە ڕاپرسی وەك شێوازێك لە شێوازەکانی دیموکراسییەتی ناڕاستەوخۆ، ئەمە بە ڕاپرسییەکی تەواو پەسەند نەکراوە، چونکە چەندین جۆری ڕاپرسی هەیە، لە خوارەوە بە درێژی باسم کردوون. لەوانە، شێوازێکە لە دیموکراسییەتی ناڕاستەوخۆ، بەهۆی نەبوونی بەشداری راستەوخۆی گەل لە یاسادانان. یان ئەم جۆرە ڕاپرسییانە ڕێگەیەکن بۆ پەسەندکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاخود ئامرازێکن بۆ نوێکردنەوەی متمانە بە سەرۆکێك یان سیاسەتەکەی.[3]

---

[1] ماجد راغب الحلو، النظم السياسيه والقانون الدستورى، الإسكندريه، مؤسسه المعرفه، ٢٠٠٠، ص ٥٢٤.

[2] إحسان المفرجى، كتران صغير و رعد الجده، النظريه العامه للقانون الدستورى والنظام الدستورى فى العراق، بغداد، دار الحكمه، ١٩٩٠، ص ٥٧.

[3] "Auras Legal Forum," What is the referendum?".

یەکەمیان: ڕاپرسی یاسادانان، لە سەر هەموو جۆر و شێوازەکانی پڕۆژەی یاسایی جێبەجێ دەبێت، کە بریتییە لە دیاردەیەکی نیمچە دیموکراسی، چونکە ڕێگە بە گەل دەدات، ببنە نوێنەر وەك ئەندامانی پەرلەمان، بۆئەوەی بەشداری لەدەسەڵاتەکانی یاسادانان بکەن.[1]

دووەمیان: ڕاپرسی دەستووری، زۆرینەی یاساناسان پێیانوایە، ئەم جۆرە ڕاپرسییە، دیاردەیەکی نیمچە دیموکراسیە نەك دیموکراسییەکی راستەوخۆ، چونکە دیموکراسی راستەوخۆ، بەبێ بوونی ناوبژیوانی نوێنەران، داوا لە گەل دەکات بەشێوەیەکی راستەوخۆ پیادەی دەسەڵاتەکانییان بکەن. ئەمە لەگەڵ ڕاپرسی دەستووریدا ناگونجێت، بەوپێیەی گەل ناتوانێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەستوور بنووسێتەوە و دەنگیشی لەسەر بدات، بۆیە ناتوانرێت ئەم جۆرە ڕاپرسییە بە شێوازێکی دیموکراسیی راستەوخۆ لەقەڵەم بدرێت.

هەرچی جۆری سێیەمە، ڕاپرسی سیاسی بەپێچەوانەی ڕاپرسی دەستووری، شێوازێك نییە لە نیمچە دیموکراسی، چونکە جەخت لە دەسەڵاتی گەل لەسەر پەرلەمان ناکاتەوە. دەرفەت بە دەنگدەران نادات، تاکو هاوشان لەگەڵ پەرلەمان، بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری دەسەڵاتەکان بکات، بەڵکوو تەنیا مەبەستییەتی سۆزی گەل بۆ لای سەرۆکی وڵات، یان بۆ سیاسەتەکانی سەرۆك رابکێشێت.[2]

[1] محمود حلمی، المبادئ الدستوریه العامه، دار الفکر العربی، ١٩٦٤، ص ٣١٥.
[2] شمران حمادی، النظم السیاسیه، بغداد، مطبعه الارشاد، ط٤، ١٩٧٥، ص ١١٣.

## ٢ - ٤ جۆرەکانی ڕاپرسی

لەبارەی جۆرەکانی ڕاپرسی، بۆ ئەم مەبەستە زۆرینەی یاساناسان لەسەر پێوەرێکی تایبەت کۆك نین، بەڵکوو لە سەر چەند جۆرێك دابەشی دەکەن، وەکو لە خوارەوە باسییان دەکەین.

### ٢- ٤- ١ ڕاپرسی دەستووری (Constitutional Referendum)

ڕاپرسی دەستووری، بریتییە لە وەرگرتنی رای گەل لەسەر پرسە دەستوورییەکان، وەکو پەسەندکردنی دەستوورێکی نوێ، یان هەموارکردنی چەند ماددەیەکی دەستووری.[1] بۆیە ئەم جۆرە ڕاپرسییە، بەسەر دوو جۆر دابەش دەبێتەوە: یان ئەوەتا ڕاپرسییەك لە سەر نووسینەوەی دەستوورێکی نوێی دەوڵەت، یانیش ڕاپرسییەك لەسەر هەموارکردنی چەند ماددەیەکی دەستووری، کە پێیدەوترێت ڕاپرسی هەموارکردن، ئەنجام دەدرێت.

**یەکەم: ڕاپرسی، بۆ دانانی دەستوورێکی نوێ:**

ئەم ڕاپرسییە، لەسەر ڕەشنووسی دەستوورێکی نوێ بۆ دەوڵەت ئەنجام دەدرێت، کە لەلایەن لیژنەیەکی هەڵبژێردراو یان لەلایەن پەرلەمانەوە ئامادەکراوە، جا ئەو لیژنەیە هونەری بێت یان ناهونەری. ئەرکی ئەم لیژنەیە بریتی دەبێت لە نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوور، دواتریش بۆ هەڵسەنگاندن پێشکەشی پسپۆڕەکان دەکرێت. گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، ڕەشنووسی دەستوور کاتێك دەبێتە دەستوور و شەرعیەت وەردەگرێت، دوای

---

[1] جورجيو شفيق سارى، أساسيات ومبادئ النظم السياسيه، قواعد التنظيم السياسى، ١٩٩٧، ص ٢٩٨.

ئەوەی لەلایەن گەلەوە لەڕێگەی ڕاپرسییەوە پەسەند دەکرێت.[1] بە مانایەکی تر، ئەم ڕەشنووسە هیچ بەهایەکی شەرعی نابێت، تەنیا لەحاڵەتێکدا نەبێت، کاتێك دەخرێتە ڕاپرسییەوە و گەل دەنگی پێدا دەدات. بۆیە لەسەر پرسی دەستوور، تەنیا گەل خاوەنی بڕیاری کۆتاییە.

ئەم جۆرە ڕاپرسییە، لەدانانی دەستوورەکاندا، یەکێکە لە شێوازەکانی نیمچە دیموکراسی، چونکە گەل بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەروەری دەستووریانەی خۆی پیادەی دەکات، بەڵام ناتوانێت دەستوور بنووسێتەوە، بەڵکوو ئەمە ئەرکی لێژنەیەکی پسپۆڕیی و پەرلەمانییە.[2] ڕەزامەندی گەل لەسەر ڕەشنووسی دەستوور، مانای مسۆگەرکردنی تایبەتمەندییەتی دڵنیاییە لەسەر ڕەشنووسی دەستوور، چونکە دەیکات بە یاسا، کە دواتر نوێنەرایەتی گەل دەکات. بۆیە ئەم ڕاپرسییە دەرفەتێك بە تاکەکانی گەل دەدات، تا رای خۆیان بە بەڵێ یان نەخێر، لەسەر ڕەشنووسی دەستوورەکە بدەن.

شایانی باسە، چەندین دەستووری وڵاتان بەم جۆرەی ڕاپرسی (ڕاپرسی دەستوور)، ڕێچکەی دەستووریانەی خۆیان گرتووە، وەکو چوارەم دەستووری فەڕەنسی لەساڵی ١٩٤٦ لەلایەن ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراوی پەرلەمانییەوە نووسرایەوە، دواتر پێشکەشی گەل کرا بۆ پەسەندکردنی، بەڵام ڕەتکرایەوە. وە دەستووری پێنجەمی فەڕەنسی- لەساڵی ١٩٥٨، کە لەلایەن لێژنەیەکی

[1] محمد كامل ليلى، القانون الدستورى والدستور المصرى، القاهره، دار الفكره عربى، ١٩٦٧، ص ٧٠.

[2] نعمان أحمد الخطيب، الوسيط فى الأنظمه السياسيه والقانون الدستورى، عمان، دار الثقافه للنشر والتوزيع، ١٩٩٩، ص ٥٦.

تایبەتمەندی حکوومەتەوە ئامادە کرابوو، دواتـر لەلایەن گەلەوە پەسـەندکرا[1]، دەســتووری میسرــ هــی ســاڵی ١٩٥٦ لەلایەن لێــژنەیەکی تایبەتمەنــدی حکوومەتەوە نووسرابوو، دواتر لەڕێـگەی ڕاپرسـییەوە خـرایە بەردەم گەل بـۆ پەسەندکردنی، لە ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٦ یش کـار بە دەسـتوورەکە کـرا. دەستووری ئێستای میسر هی ساڵی ١٩٧١، دوای ئامـادەکرنی لەلایەن لێـژنەی ئامــادەکردنی دەســتوورەوە، دوای ئەنجامــدانی ڕاپرســی لەســەری، لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە پەسەندکرا[2]، هەروەها دەستووری تورکیـا هی ساڵی ١٩٦١ و ١٩٨٢ نموونەیەکی تری ئەم جۆرە ڕاپرسییەن.[3]

پێویســتە بگوترێــت، زۆریــنەی یاساناســان پێشکەشــکردنی ڕەشــنووسی دەستوور بە گەل، بەپێویست دەزانن. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ئەوەی ئەم پێوەرە بەرهەمدار بێت، دەبێـت پێگەیشـتوویی سیاسی و وشـیاری گەل، لە ئاسـتێکی بەرز و پەسـەندکراو دابێـت. لەسـەردەمی ئەمڕۆمانـدا، گـرنگە تێبینـی ئەوە بکەیـن، کە پیـادەکردنی ڕێبـازی ڕاپرسـی لە دانـانی دەسـتوورەکاندا، بـووەتە ڕێبـازێکی هـاوبەش، سـەرەڕای وتنـی راسـتییەك، کە ئەم ڕێبـازە بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ دیموکراسـییەکی نمـوونەیی بەرهەم دێنێـت. دەتـوانین بڵێـین ئەم ڕێبـازەش، لەلایەن زۆرێـك لە سیسـتەمە دیکتاتۆرییەتەکـانەوە، لە سـەرەتا و

[1] Dieter Nohlen & Philip Stöver, *Elections in Europe: A data handbook* (2010) , 674 -685.

[2] James P. Jankowski, *Nasser's Egypt, Arab Nationalism, and the United Arab Republic* (Lynne Rienner Publishers: 2002), 67 And Dieter Nohlen, *Michael Krennerich & Bernhard Thibaut, Elections in Africa: A data handbook* (Oxford University Press: 1999), 340.

[3] Dieter Nohlen, Florian Grotz & Christof Hartmann, *Elections in Asia and the Pacific: A Data Handbook* (Oxford University Press: 2001), 254.

لەکاتی پیادەکردنی دەسەڵاتدا، بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە. هەربۆیە ئەو بۆشاییەی لە نێوان دیموکراسییەکی ئازاد و پیادەکردنی رواڵەتی هەیە، گرێدراو نییە بە ڕێبازی ڕاستەقینەی ڕاپرسی، بەڵکوو لەماوەی بەڕێوەچوونی ڕاپرسیدا، لەدوای کۆمەڵێك سەرنج لە ژینگەی ڕاپرسیدا، پەستان خراوەتە سەر پڕۆسەی هەڵبژاردنەکە.

**دووەم : ڕاپرسی، بۆ هەموارکردنی دەستوور:**

ئەم جۆرە ڕاپرسییە دەستوورییە، لەکاتێکدا ئەنجام دەدرێت، کە بابەتی ڕاپرسییەکە بریتی بێت لە هەموارکردنەوەی دەستوور، جا هەموارکردنەکە تایبەت بێت بە چەند ماددەیەکی دەستووری، یان هەموارکردنێکی گشتی بێت بۆ هەموو ماددەکانی دەستوور. ئەم ڕاپرسییە وەك جۆرێکی ڕاپرسیی تایبەت بە هەموارکردنی دەستوورەکان پێناسەکراوە. بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە یان بەناچاری، تەنانەت ئەم مافە پێشنیار کرابێت لەلایەن یەکێك لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، یان لەلایەن ژمارەیەك هاووڵاتییەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی، هەموارکردنەکە لەلایەن پەرلەمان و حکوومەتەوە ئامادەکرابێت.[١]

لەم پێناسەی سەرەوەدا، ڕوونە کە کارڕاییەکانی هەموارکردن لە دەستوورێکەوە بۆ دەستوورێکی تر جیاوازە، ئەمەش بەپێی ئەو ئاراستە جیاوازە سیاسییەیە، کە دەستوورەکە لە خۆی گرتووە.

لەڕووی پێویستی پەیڕەوکردنی ڕاپرسی لە دەستوورەکاندا، دەکرێت ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور، بکرێتە ڕاپرسییەکی ناچاری. بەمەش ئەرکی دەسەڵاتە، ڕاپرسی وەك بنەمایەکی پابەندبوون بەدەستوور جێبەجێی بکات. ئەم ئاراستەیەش، لەلایەن زۆربەی ویلایەتەکانی

[١] کامل لیلی، سەرچاوەی پێشوو.

ئەمەریکاوە گیراوەتەبەر.[1] هەروەها دەستووری ژاپۆن هـی سـاڵی ١٩٤٦، ئەم ئاراستەیان بەپێی ماددەی (٩٦) پەیـڕەو کـردووە. وەك مـاددەی(٩٦) دەڵێـت "دەبێت دەستپێشخەری هەموارکردنەکان بۆ دەسـتوور، لەلایەن ئەنجـوومەنی دایت(دەستەی یاسادانەرانی ئەنجوومەن)ەوە بکرێت، ئەمەش لە ڕێگەی دوو لەسەر سێ، یـان تەواوی ئەنـدامانی هەریەك لە ئەنجوومەنەکـانەوە دەبێـت، دواتر دەبێت راستەوخۆ بخرێتە بەردەم گەل بـۆ پەسـەندکردنی، کە پێویسـتی بە دەنگی زۆرینەیە. کاتێـك بەنـاوی گەلەوە هەموارکردنەکـان، وەك بەشـێکی یەکگرتــووی ئەم دەســتوورە پەســەندکران، دەبێــت راســتەوخۆ لەلایەن ئیمپراتۆرەوە پەسەند بکرێت".[2]

لەبـارەی دەسـەڵاتی هەمـوارکردنی دەسـتوور، دەسـتوورەکان لەبـابەت دیـارکردنی دەسـەڵاتەکانەوە لەیەکـتر جیـاوازن. هەنـدێکجار دەسـەڵاتی هەموارکردن بە دەوڵەت دەدرێت، هەنـدێکجاریش دەشـێت بە هاووڵاتییـان بدرێت. بۆ نموونە لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هی ساڵی ١٧٩٨ لە ماددەی (٥) دا، مافی پێشنیارکردنی ڕاپرسیی هەمـوارکردنی دەسـتوور، دراوەتە پەرلەمان.[3] شایەنی باسە، بەپێی مـاددەی ١٢٦ لەدەسـتووری ئێسـتای

---

[1] أحمد الخطیب، سەرچاوەی پێشوو.

[2] Japan Constitution, Art.96, 1946.

[3] U.S. Constitution, Article V, 1798. It states that “The Congress, whenever two thirds of both houses shall deem it necessary, shall propose amendments to this Constitution, or, on the application of the legislatures of two thirds of the several states.”

عێـراق هـی سـاڵی ٢٠٠٥، جەخـت لەسـەر هەمـوارکردنەوەی دەسـتوور لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە کراوەتەوە.[١]

## ٢-٤- ٢ ڕاپرسی یاسادانان (Legislative Referendum)

ڕاپرسی یاسادانان، بریتییە لە وەرگرتنـی رای گەل لەسـەر یاسـایەك یـاخود پرۆژەیاســـایەکی ئامـــادەکراو، کە لەلایەن دەســـەڵاتە گشـــتییەکانەوە ڕێکدەخرێت، تاکو رای خۆیـان بە بەڵـێ یـان نەخێـر لەسـەر بـدەن. ڕاپرسـی یاسادانان، دەکرێتە دوو بەش یان دوو جۆر:

یەکەم: مەبەستی رای گشتییە لەسەر ڕەشنووسی یاسـایەکە، پـێش دەرچـوونی، یان پێش بوونی بەیاسا. بۆ نموونە لەڕووی بنچینەییەوە.

جـۆری دووەم: رای گشـتییە دوای دەرچـوونی یاسـاکە، کە مەبەسـت لێـی بەدەســتهێنانی ڕەزامەنــدی گەلە.[٢] ڕەزامەنــدی گەل شــەرعییەت دەداتە ڕەشنووسی یاساکە، تاکو ببێت بە یاسا. ئەم ڕاپرسییە گرنگییەکی گەلەك مەزنـی هەیە، بەوپێیەی لەکاتی دەرچـوونی یاسـاکان، بەشـداری گەل هاوشـانە لەگەڵ پەرلەمــان. بــۆیە ئەم رۆڵەی گەل، گــرنگە لە دەرکــردن و پێــداچوونەوەی یاسـاکان کە پەیوەسـتن بە ژیـانی تـاك، چـونکە هاووڵاتییـان، دەتـوانن هەر

[١] دەسـتووری هەمیشـەی عێـراق، ٢٠٠٥، مـاددەی ١٢٦ بـڕگەی یەکەم ودووەم دەڵێـت "سەرۆك کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران، یان پێنچ یەکی ئەندامانی ئەنجـوومەنی نـوێنەران مافی پێشنیارکردنی هەموارکردنی دەسـتووریان هەیە. بـڕگەی دووەم دەڵێـت، نابێـت ئەو بنەمـا بــنەرڕ ەتییــانەی لە بەنــدی یەکەم و ئازادیــانەی لە بەنــدی دووەم کە لەم دەستوورەدا هـاتوون هەمـوار بکـرێن، مەگەر پـاش دوو خـووڵی هەڵبـژاردنی تـر و بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ڕازیبوونی گەل لە ڕێگەی ڕاپرسیەوە و پەسەندکردنی سەرۆك کۆمار لە ماوەی حەوت رۆژدا."

[٢] أحمد الخطیب، ص ٦٥، سەرچاوەی پێشوو.

ڕەشنووسە یاسایەك ڕەت بکەنەوە، ئەگەر لەگەڵ خواستەکانییان نەگونجێت. هەروەها ئەوان ئازادی رادەربڕینییان هەیە، لە وەرگرتنی بڕیاری گونجاودا.[١]

شایانی باسە، بەم جۆر چەندین وڵات، لە مەسەلەی ڕاپرسییان روانییە. لەوانە دەستووری مەغریب هی ساڵی ١٩٩٦ لە ماددەی ٦٩، بەم جۆرە ئاماژەی بە ڕاپرسی کردووە: کە "ماف بە پاشای وڵات دەدات، بۆ ڕێکخستنی ڕاپرسی لەسەر هەر ڕەشنووسێك یاخود هەر پڕۆژەیەك، جگە لەو پڕۆژە یاسایانە یان ئەو ڕەشنووسانە نەبێت، کە لەلایەن زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی هەریەك لە دوو ئەنجوومەنەکەی پەرلەمانەوە، پێشکەشکراون یان ڕەتکراونەتەوە. هەروەها دەبێت هەموو کەسێك پابەندبێت بە ئەنجامەکانی ڕاپرسی."[٢] دەستووری فەرەنسا هی ساڵی ١٩٥٨، بەم جۆرە ڕاپرسی وەرگرتووە: "لەسەر هەر پڕۆژەیاسایەك پەیوەستە بە ڕێکخستنی دەسەڵاتە گشتییەکان، یاخود چاکسازیی پەیوەست بە سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەوڵەت، بۆ خزمەتگوزارییەکانی گشتی و بەستنی ڕێککەوتننامەیەك لەنێوان چەندین وڵات، یان بۆ ڕێگەدان بە پەسەندکردنی ئەو پەیمانناماانەی کە هاوتا و لێکچووی دەستوورن، بەڵکوو کاریگەری دەبێت لەسەر کار و پرۆسەی ڕێکخستنە گشتییەکان".[٣]

---

١ بیداء عبد الجواد العباسی، الاستفتاْ التشریعی، المرجعه الکترونیه للمعلوماتیه، متواجد فی: https://almerja.net/reading.php?i=7&ida=1291&id=973&idm=21746

2 Morocco Constitution, Art 69, 1996. It states "After a second reading, the King may, by Royal Decree, submit any draft bill or proposed law to referendum, except in the case of those submitted for a new
reading which shall have been adopted or rejected by a two-thirds majority of the members of each one of the two Houses."

## ٢- ٤- ٣ ڕاپرسی سیاسی (Political Referendum)

ڕاپرسی سیاسی، بریتییە لە وەرگرتنی رای گشتی گەل، لەسەر بەرپرسیاریەتی کەسێکی دیارکراو، بۆ وەرگرتنی پێگەیەکی سیاسیی دیارکراو، ئەمەش بە ڕاپرسی کەسی دادەنرێت. بۆ نموونە هەڵبژاردنی کەسێك وەك سەرۆکی وڵات، یاخود کاتێك گەل رای خۆی دەردەبڕێت لەسەر سیاسەتێك کە سەرۆکی وڵاتێك مەبەستییەتی جێبەجێی بکات. بۆیە بابەتی ئەم جۆرە ڕاپرسییە یاخود ناوەڕۆکەکەی، بریتییە لە کەسێکی دیارکراو یان بەرنامەی کارکردنی کەسێك، کە لەلایەن خودی خۆیەوە پێشنیار کراوە، وەکو بابەتی ڕەشنووسی دەستوور، هەموارکردنی دەستوور، بڕیاری سیاسی یاخود پلانێکی دیارکراو.[١]

زیاتر لەمەش، چەندین بابەتی تر دەکەونە نێو چوارچێوەی ئەم جۆرە ڕاپرسییانەوە، کە پەیوەستن بە پرسە چارەنووسازە گشتیەکانی وڵاتەوە، لەوانە ڕاپرسی بۆ هەڵبژاردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی - مافی چارەی خۆنووسین - پەسەندکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان - زیادکردنی خەرجی گشتی وڵات، وە دیارکردنی ناوبژیوانی.

---

[3] French Constitution, Art.11, 1958. It states "The President of the Republic may, on a proposal from the Government when Parliament is in session or on a joint motion of the two assemblies, published in either case in the Journal official, submit to a referendum any government bill which deals with the organization of the public authorities, or with reforms relating to the economic or social policy of the Nation and to the public services contributing thereto, or which provides for authorization to ratify a treaty that, although not contrary to the Constitution, would affect the functioning of the institutions."

[١] عبد الجواد العباسی، مصدر صابق.

نموونەی ئەم جۆرە ڕاپرسییانە، وەکو ڕاپرسی گەلی عێراق لەسەر وەرگرتنی تاجی پاشایەتی عێراق لەلایەن مەلیك فەیسەڵەوە لەساڵی ١٩٢١، ڕاپرسی لەسەر هەڵبژاردنی ئەدۆلف هێتلەر بۆ سەرۆکی ئەڵمانیا، ڕاپرسی لەسەر مۆسۆلۆنی بۆ سەرۆکی ئیتاڵیا.

لایەنێکی نەرێنی ڕاپرسی سیاسی ئەوەیە، لە هەندێك حاڵەتدا دەنگدەر تێیدا سەربەست نییە، لەوانەیە دەنگدەر بکەوێتە ژێر فشار، بۆئەوەی دەنگ بە کەسێك یاخود سیاسەتی کەسەکە بدات. لەلایەکی ترەوە، ئەنجامەکانی ئەم جۆرە ڕاپرسییانە، هەمیشە ئەنجامی گەورەن و لە بەرژەوەندی کەسەکاندایە، ئەمەش بەهۆی خۆشەویستی دەنگدەرانە بۆ کەسی هەڵبژێردراو. لەلایەکی تریشەوە، کەسانێك هەن ئەم جۆرە ڕاپرسییانە بە ڕاپرسی دیکتاتۆری وەسف دەکەن، هەندێکی تریش، بە سیستەمێکی پڕ لە کەموکوڕی و لەکەداری دیموکراسی دەبینن.[1]

گرنگە بگوترێت، ناساندنی ئەم جۆرە ڕاپرسییانە، وەکو ڕاپرسییەکی دیکتاتۆری، ڕەنگە بۆچوونێکی ڕاست نەبێت. بەڵکوو ئەم ڕاپرسییە، بریتییە لە سیستەمێکی دیموکراسی و کرداریی، ئەگەر لە کەشێکی دیموکراسی و ئازاد و بێگەرددا ئەنجام بدرێت، بەشێوەیەك خواستی ڕاستەقینەی گەل، بەبێ دەستێوەردان پیشان دەدات. بۆیە ئەم جۆرەیان، لەزۆربەی وڵاتان جێبەجێ کراوە. بۆ نموونە ماددەی ٧٦ی دەستووری میسرـ هی ساڵی ١٩٧١، ئەم ڕاپرسییەی لەخۆگرتووە، کە دەڵێت "بۆ ئەوەی وەك کاندید بۆ سەرۆکایەتی پەسەند بکرێت، دەبێت سەرۆك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دەنگدانی نهێنی هەڵبژێردرێت. دەبێت بەلایەنی کەمەوە لەلایەن ٢٥٠ ئەندامی هەڵبژێردراوی

[1] هەمان سەرچاوە.

ئەنجـــوومەنی گەل، ئەنجـــوومەنی شـــوراو و کـــۆمەڵە هەرێمیـــیە هەڵبژێردراوەکانەوە پشتگیری لە کەسەکە بکرێت. بەلای کەمەوە دەبێـت ٦٥ کەسییان ئەندامی ئەنجوومەنی گەل - ٢٥ ئەنـدامی ئەنجـوومەنی شـوورا - ١٠ ئەندامی کۆمەڵە هەرێمییەکان، بەلایەنی کەم لەناو ١٤ هەرێمدابن".[1]

بـۆ زانـین، ڕاپرسـی سـیاسی، ئەو بابەتـانە دەگـرێتەوە، کە پەیوەسـتن بە سیاسـەتی دەوڵەت و حکـوومەتەوە. نمـوونەش بـۆ ئەمە، دەسـتووری یەکێتـی سـۆڤیەتە هـی سـاڵی ١٩٧٧، کە لە مـاددەی (٥)دا، بەم جـۆرە بـاس دەکـات: "زۆربەی پرسـەکانی دەوڵەت، دەبێـت لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی پێشـکەش بکرێن، دواتر بـۆ گەل بە(ڕاپرسـی) پێشـنیار بکـرێن." هەروەهـا دەسـتووری عێراقـی سـاڵی ١٩٩٠، مـاددەی ٩٨، جەختـی لەسـەر ئەم جـۆرە ڕاپرسـییەی کردۆتەوە و دەڵێت "دەبێت سەرۆککۆمار، ڕاپرسی لەسەر ڕەشنووسی یاساکان و پرسە گرنگەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتەوە، ئەنجام بـدات. ئەنجامی ڕاپرسی، دەبێت بەزۆرینەی ڕەها بێـت".[2] شـایەنی وەبیرهێنـانەوەیە، دەستووری ئێسـتای عێـراق هـی سـاڵی ٢٠٠٥، بەشـێوەیەکی سرووشـتی بـاسی ڕاپرسی کردووە، بە ڕاپرسـی هەمـوارکردنەوەی دەسـتووری وەرگرتـووە، بەڵام ئاماژەی بەم جۆرە ڕاپرسییە نەکردووە.

**٢-٤-٣-١ شێوازەکانی ڕاپرسی سیاسی**

لەژێـر ڕۆشـنایەی ئەمەی سـەرەوەدا، ڕاپرسـی سـیاسی، چەنـدین شـێواز لەخۆدەگرێت، وەك ئەمانەی خوارەوە:

---

[1] Egypt Constitution, Art. 76, 1971.

[2] Soviet Union Constitution, Art. 5, 1977 And Iraq Constitution draft, Art. 98, 1990.

**١- ڕاپرسی، بۆ هەڵبژاردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی:**

ڕاپرسی سیاسی، دەبێت لەلایەن گەلەوە ئەنجام بدرێت، بۆ دەنگدان لە سەر هەڵبژاردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی خۆیان، جا سیستەمەکە کۆماری بێت، یان پادشایەتی، یان پەرلەمانی، یان سەرۆکایەتی بێت، یان تێکەڵەیەك بێت لەنێوان سیستەمی پەرلەمانی و سەرۆکایەتیدا. نموونەش بۆ ئەم شێوازە ڕاپرسییە، ڕاپرسی گەلی یۆنانە لەبارەی گەڕانەوەی سیستەمی پاشایەتیی ساڵی ١٩٤٦، ڕاپرسی گەلی ئیتالیا لەسەر کۆتایهاتنی فەرمانڕەوایی پاشایەتی و ڕاگەیاندنی سیستەمی کۆماری لەساڵی ١٩٤٧، هەروەها ڕاپرسی بڕیاری گەلی ئێران بۆ هەڵبژاردنی سیستەمی پاشایەتی ساڵی ١٩٧٩، کە زۆرینەیان دەنگیان بە دامەزراندنی سیستەمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا.[١]

**٢- ڕاپرسی، بۆ پەسەندکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان:**

مەبەست لەم شێوازە، وەرگرتنی رای گەلە لە پەسەندکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان. بۆ نموونە، ڕاپرسی گەلی ئەڵمانیا بۆ هاتنەدەرەوە لە کۆمەڵەی گەلان لەساڵی ١٩٣٣. ڕاپرسی گەلی فەڕەنسا لەساڵی ١٩٧٢ بۆ پەسەندکردنی هەریەك لە وڵاتانی بەریتانیا و نەرویج و ئێرلەندا وەکو ئەندامی بازاڕی هاوبەشی ئەوڕوپی، ڕاپرسی گەلی ئێرلەندا دەربارەی پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی نیس (Nice Treaty) هی ساڵی ٢٠٠٢، کە بنەمایەکی یاسایی لەخۆگرتبوو، بۆ فراوانکردنی ئەندامییەتی لە یەکێتی ئەوڕوپا.[٢]

---

[١] بیداء عبد الجواد العباسی، الاستفتاْ السیاسی، المرجعه الکترونیه للمعلوماتیه، متواجد فی: https://almerja.com/reading.php?i=6&ida=1291&id=973&idm=21750

[2] Nohlen & Stöver, Elections in Europe: A data handbook, p, 762. n 91 And “The Robert Schuman Foundation at the Heart of Europe,” Referendum on the Nice treaty in Ireland 19th October 2002,available at:

**٣- ڕاپرسی، بۆ زیادکردنی خەرجی گشتی:**

ئەم شێوازەی ڕاپرسی، لەسەر هەر بڕیارێك ئەنجام دەدرێت، بۆ زیادکردنی خەرجـی گشـتی لە چوارچێـوە ئاسـاییەکەی خۆیـدا، یـان بـۆ بەرزکـردنەوەی نرخەکانی باج بـۆ ڕێـژەیەکی دیـارکراو، یـان بـۆ سـەپاندنی بـاجی نـوێ، یـانیش زیادکرنی قەرزەکان. نموونەش بۆ ئەم شێوازە: دەستووری سویسـڕا و هەنـدێك لە ویلایەتەکانی ئەمەریکا، بەم شێوازە ڕاپرسیان ئەنجامـداو، بـۆ پەسـەندکردنی بڕیارەکـانی درووسـتکردنی بـاج، یـان مسـۆگەر کـردنی قەرز. جگەلەمـانە، فەڕەنسـاش لەسـاڵی ١٩٦٩، بـۆ پەسـەندکردنی چەنـد ڕەشنووسـێکی یاسـاکانی دارایی، ئەم شێوازەی ڕاپرسی بەکارهێناوە.[١]

**٤- ڕاپرسی ناوبژیوانی (Arbitration Referendum):**

ئەم ڕاپرسـییە، کە بەمانـای نـاوبژیوانیکردنی گەل دێـت، لە کـاتی درووستبونی ململانێ لەنێوان دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، یان لەنێوان حکوومەت و ئۆپۆزسیۆندا پەیڕەو دەکرێت. بۆ نموونە دەستووری میسر لەساڵی ١٩٧١ لە مـاددەی ١٢٧، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی نێـوان ئەنجـوومەنی گەل و حکوومەت، ئەم جـۆرە ڕاپرسـییەی بەکارهێنـاوە، دەڵێـت "ئەنجـوومەنی گەل، دەبێـت بەرپرسـیارەتی سـەرۆك وەزیـران، لەبـارەی پێشـنیاری (١٠) لە ئەندامەکانی دیـاری بکـات. بڕیـارێکی لەوشـێوەیە، دەبێـت لەلایەن زۆریـنەی ئەندامانی ئەنجوومەنەکەوە پەسەند بکرێت."

https://www.robert-schuman.eu/en/eem/0066-referendum-on-the-nice-treaty-in-ireland-19thoctober2002.

[١] مروه ابو العلا، بحث ودراسه حول الاستفتاء فی القانون والدستور، استشـارات قـانونیه مجانیه: محاماه نت، متواجد فی: https://www.mohamah.net/law/

گــرنگە بگوترێــت، حکــوومەت و زۆریــنەی پەرلەمــان، بەشــێوەیەکی دیموکراسی و لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە، لەکاتی هەبوونی کێشە لە نێوان خـۆی و ئۆپۆزسیۆن، دەتوانن بەرنامەی خۆیـان جێبەجـێ بـکەن، بەمەش دەتوانرێـت کۆتایی بە هەموو کێشـەکانی نێـوانی خۆیـان بهێنرێـت.[١] بـۆیە لەم شـێوازەی ڕاپرسییدا، بڕیاری یەکەم و کۆتایی لە هەموو حاڵەتەکاندا، لەلای گەلە.

**٥- ڕاپرسی، بۆ مافی چارەی خۆنووسین:**

ئەم جــۆرە ڕاپرســییە، بــریتییە لە وەرگرتنــی رای گەل لەســەر پــرسی چارەنووسی خۆیان، جـا لەپێنـاو دەوڵەتی سـەربەخۆ بێـت، یـان مـانەوە لەنـاو دەوڵەتێکدا بێت. نموونەش بۆ ئەم شێوازە، ڕاپرسی گەلی هەرێمی کوردسـتانە، کە لە ٢٥ی ئەیلـوولی ٢٠١٧ هـاتە ئەنجامـدان، کە زۆرینەیـان دەنگیـان بە جیـابوونەوە لە دەوڵەتی عێـراق دا[٢]، لە ڕاپرســییەکەی گەلی کەتەلۆنیـا لە ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧، زۆرینەی گەل دەنگیان بە جیابوونەوە لە ئیسپانیا دا، هەروەها ڕاپرسی گەلی بەریتانیا لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٦ بۆ جیابوونەوە یـان مانەوە لە یەکێتی ئەوڕوپا هاتە پێکئانین.[٣]

---

[١] محمد قدری حسن، الاستفتاء فی النظام الدستوری المصری، ١٩٩١، ص ٣٣.

[2] "South North," Iraq's Kurdistan Region Holds Independence Referendum (Overview), September 25, 2017, available at: https://southfront.org/iraqs-kurdistan-region-holds-independence-referendum-overview/.

[3] Alandete, "Independence in Catalonia – now what?" . And "GOV.UK," EU referendum, available at: https://www.gov.uk/government/topical-events/eu-referendum.

ڕێبازی سەربەخۆیی لەڕێگەی ڕاپرسییەوە، پەیوەستە بە یاسای پەرلەمان. لەڕووی ڕێکخستنی یاسادانانەوە، ئەم ڕاپرسییە پێویستە بەپێی یاساکان، کە لە دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچن، ئەنجام بدرێت. لە یاسای نێودەوڵەتییدا، ئەم جۆرە ڕاپرسییانە، بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان یان بەپێی یاسای عورفی (Customary Law) ئەنجام دەدرێت. پرسی هەڵسەنگاندنی شەرعی و فەرمی، سەبارەت بە ڕاپرسییەکانی تایبەت بە سەربەخۆیی، پێویستە لە سۆنگەی یاساییبوونی نەتەوەکەوە ئەنجام بدرێت، پێویستە ئەمەش لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتییدا، هاوشان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی باڵای دەستوور، دەربکەوێت.[١]

رای جیاواز هەیە، لەسەر بوونی بنەمایەکی یاسایی بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە ڕاپرسییانە. بیردۆزی سرووشتی و داندراو بۆ یاسا، لەسەر هێزی سەلماندنی پێوانە یاساییەکان، پێیوایە دەبێت ئاماژە بە کۆی گشتی سیستەمی یاسایی تەواو بکرێت، بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسییەك لەسەر پرسی مافی چارەی خۆنووسین. لایەنگرانی بیردۆزی سرووشتی، پێیانوایە، ڕەزامەندی لەسەر چۆنیەتی ڕەوشتی بەرز، شەرعییەت بە چەمکەکانی یاسایی دەدات. هەرچی لایەنگیرانی بیردۆزی داندراون، پێیانوایە، ڕەوشت لەسەرووی یاساوەیە، کە پێیدەوترێت (meta-legal concept)، واتە چەمکی یاسای بەرز. تەواوی یاساکان، لەسەر

[1] Olivier Beaud, "skeptical about the legitimacy of a European referendum or advocacy for more constitutional realism," *in The Referendum Europe*, ed. A. Auer and J.F. Flauss (Bruxelles: Bruylant,1997), 125-180. And Andrei Marmor, "Exclusive Legal Positivism," *in The Oxford handbook of jurisprudence and philosophy of law* , ed. Jules L. Coleman, Kenneth Einar Himma, and Scott J. Shapiro (Oxford: Oxford University Press, 2002),105.

بنچینەی خۆیان دامەزراون. هەرشتێك پشت بە بنچینەی خۆی نەبەستێت، بە یاسا دانانرێت.[1]

بۆیە لەبەر نەبوونی بنەمایەکی یاسایی نووسراو بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسییەکان، هەڵوێستی لایەنگرانی بیردۆزی داندراو لە ڕوانگەی یاساوە، هەڵسەنگاندنی ڕاپرسییەکان رەتدەکەنەوە. ئەمە لەکاتێکدایە، تیۆرناسەکانی یاسای سرووشتی، وەکو بەهایەکی یاسایی، چەمکی ڕەوشتیی گونجاو پێناسە دەکەن، سەرەڕای ئەوەی ئەمە لەناو دەستوورەکاندا بەتەواوی ڕوون نەکراوەتەوە، کە ئایا ڕێککەوتننامە نێودەولەتییەکانن، یان بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانن؟. یان بە مانایەکی تر، بنەمای ڕەوشتی بە بنچینەی یاسا دادەنێن. هەروەها، بیردۆزناسەکانی یاسای سرووشتی، پێیانوایە، پیادەکردنی تەمەنی یاسا، بۆ گۆڕینی یاسا و درووستکردنی یاسایە. تۆماس[2] پێیوایە ئەمە سەروەریە بۆ ژیری (سیادە للعقل)، لەبەرئەوەی بیرۆکەی مرۆڤ بنەمایەکی سەرەکی دامەزراندنی یاسایە. گرنگی ئەم شێوازە لەوەدایە، بیردۆزی یاسایی سرووشتی، ژیری و هۆشیاری پێوەری یاسایی گونجاو، لەگەڵ ڕەوشتە پێوانەییەکان، بە ڕەوا دەبینن. بەم هەڵوێستە، تەنیا خاوەنداریەتی سەروەری، خاوەنی نییەتی دەسەڵاتی خۆیانن لەسەر سەربەخۆی خۆیان. بۆیە ڕاپرسییەکان تەنیا ڕێگەن،

[1] Ibid.

[2] Thomas Aquinas notes, in this line of thinking, that "a legal norm fails to be valid if it goes against the human reason, regardless of the fact that it has been adopted by the state." Quoted in Murphy, Philosophy of Law: The Fundamentals, 38-45.

یاسـاییەتی دامەزراوە ڕاسـتەقینەکانی دەوڵەت ( De-facto situations of State) و پێکهاتەی دەوڵەت دادەمەزرێنن.[1]

بەپـێچەوانەوە، بەبـڕوای لایەنگـرانی بیـردۆزی دانـدراو، سـەرچاوەی دەنگدەرانی سەربەخۆیی، یاسایە. لەحاڵەتێکی وادا، ئەمە بە فەرمانێکی یاسـایی لێکدەدرێتەوە. ئەمەش دەبێتە چەمکێکی سەرەتایی، بـۆ دامەزرانـدنی کیانێـك لەلایەن کۆمەڵەیەکی یەکگرتـووی سـتانداردەوە. زیـاترلەمەش، لە ڕێـگەی ئەم سیسـتەمە یاسـاییەوە، شـەرعیەتی سـتانداردی یاسـایی، لەلایەن شـوێنکەوتوانییەوە تـاك بە بنەمـایەکی سـەرەکی ئەژمـار دەکرێـت، بەوپێـیەی سەرچاوەیەکی هاوبەشی شەرعی کیانێکی یاسایین.[2] گرنگە لێـرەدا بوترێـت، کە بیـردۆزی سرووشـتی، زیـاتر ڕاسـتەقینەترە، تـا بەهـۆیەوە گەل پیـادەی رای ڕاستەقینەی خۆی بکات، تەنانەت ئەگەر بنچینەیەکی یاسایشی نەبێت، چـونکە زیاتر ئاشتی و ئاسایشـی لێـدەکەوێتەوە، بەپـێچەوانەی بیـردۆزی دانـدراو کە بنچینەیەکی یاسایی بەپێویست دەزانێت بۆ ئەنجامـدانی ڕاپرسـییەکان، ئەمەش لەوانەیە لەناو کۆمەڵگادا ئاشتی و ئاسایش بەدی نەهێنێت، بەتایبەتی کاتێـك دەوڵەتان یاسا لە بەرژەوەندی گەلەکانییان دانارێژن.

---

[1] Kemal Gözler, *The Power of Constitutional Review* (Villeneuve d'Ascq: University Presses of the Septentrion, 1997), 285-368.

[2] Hans Kelsen, *Pure Theory of Law, trans. Max Knight* (New Jersey: Law book Exchange, 2002), 195.

## ٢- ٥ سەروەری ڕاپرسییەکان، لە یاسای نێودەوڵەتی و دەستووریدا

بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، ڕاپرسی بریتییە لە ڕەگەزێك، کە پێکدێت لە:

(١) پرسێکی پێشنیارکراو بۆ دەنگدان کە پرسێکی یاسای نێودەوڵەتییە.

(٢) بنەمایەکی شەرعی بۆ ڕاپرسی وەکو ئامرازێکی یاسای نێودەوڵەتی، کە دەکرێت ڕێککەوتنێك بێت، یان ئامرازێکی دەستەیەکی جیهانی بێت.

(٣) ڕۆڵگێڕە نێودەوڵەتییەکان، لەماوەی قۆناغی جێبەجێکردنەکە.

بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، ئەم ڕێوشوێنانە، دەبێت بەلایەنی کەمەوە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی جێبەجێ بکرێن. ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، کۆکن لەسەر جێبەجێکردنی ئەم ڕێوشوێنانە. ئەمە لەکاتێکدایە، ئەو هەڵبژاردنانەی لەلایەن ڕژێمەکانی دوای قۆناغی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەنجامدراون، بوونەتە هۆی شکاندنی چەمکە نەتەوەیی و نەژادییەکان، بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان نەبوون، وەهیچ قورساییەکی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتییدا نەبووە. چونکە ئەگەر بەم پێوەرە نێودەوڵەتییانە بێت، لەوانەیە شیاو نەبێت بۆ ئەو ڕاپرسییە دیفاکتۆیانەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك لەسەر جوگرافیایەکی دیارکراو، ئەنجامدەدرێن.[1] هەرچەندە چەمکی ڕاپرسی نێودەوڵەتی، باشترین مانایە بۆ ئەو ڕاپرسیانەی بەهەماهەنگی پابەندبوونی نێودەوڵەتی ئەنجامدراون، جا بەشێوەیەکی هەمەلایەنە یان دوولایەنە بێت، یان بە پشتبەستن بە بڕیارێك یاخود ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی بێت. بەگشتی، دەکرێت بگوترێت ئەو ڕاپرسیانەی، بە پشتبەستن بە یاسای

---

[1] Ilker Gokhan Şen, *Sovereignty Referendums in International and Constitutional Law* (Switzerland: Springer International Publishing, 2005), 71.

نـــاوخۆی وڵات ئەنجامـــدراون، نـــاکەونە نێـــو چوارچێـــوەی ڕاپرســـییە نێودەوڵەتییەکانەوە.[1]

لێـرەدا پرسـیارێکی سـەرەکی خـۆی دەسـەپێنێت، ئەویـش ئەوەیە، ئایـا ڕاپرســـییەکان بـــۆ مەبەســـتی دامەزرانـــدنی دەوڵەت، دەکەونە کـــام چوارچێوەیەوە؟. بەشێوەیەکی زانستی، بەپێی بیردۆزی سـەربەخۆیی دەوڵەت، ئەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان یاسای نەرم و یاسـای ڕەق ( Hard law and Soft law). یاسـای ڕەق جەخـت لە سـەر دوو بنەمـای سـەرەکی دەکـاتەوە: ڕێککەوتننامەکان و یاسای عورفی. هەرچی یاسای نەرمە، هەمـوو ئەو بڕیـار و ئـــامرازە ناپابەنـــدییانە دەگـــرێتەوە، کە لەلایەن دەوڵەتـــان و کۆمەڵگـــای نێـودەوڵەتییەوە، لە پەیوەنـدیە نێودەوڵەتییەکانـدا پیـادەکراون. بـۆ نمـوونە بەیاننامەکـــانی دەوڵەت لە کۆنفڕانســـەکاندا، بڕیارەکـــانی ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکـانUN، ئەنجـوومەنی ئاسـایش، بڕیارەکـانی ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەکان، گرنگتر لەمانە، بڕیارەکانی یەکێتی ئەوروپا.[2]

یاسای نەرم، ناتوانێت پەیوەسـت بێـت بە یاسـایەك، کە لە خـودی خۆیـدا هەیە، بەڵکوو بەڵگەیەکە لە بوونی یاسـا، یـان دیـارکردنی ڕای یاسـایی، یـانیش پیـادەکردنی دەوڵەت کە یاسـایەکی نـوێ دەهێنێـتە کـایەوە. هەروەك ڕوونە جیاوازییەکی زۆر بەرچاو هەیە لە نێوان یاسای نێودەوڵەتی و یاسـای نـاوخۆیی وڵات، جیـاوازییەکەش ئەوەیە "چەمـکی سـەربەخۆیی دەسـتووری لە نێـوان دەوڵەتاندا، ڕێگە بە نوێنەرایەتی سەپاندنی یاسای بـاڵا و سیسـتەمی سـەپاندنی

[1] Jerzy August Bolesław Gawenda, *Plebiscite in international law* (Fribourg: Imprimerie St. Paul, 1946), 36-37.

[2] Anthony Aust, *Handbook of International Law* (New York: Cambridge University Press, 2005), 12.

سیاسـەتێکی یەکگرتـووی نێـودەوڵەتی نـادات." ئەمەش تێکگیرانێـك لەنێـوان یاسای نەرم و یاسای ڕەقدا درووست دەکات و وا لە زانایانی یاسـایی دەکـات، دووربــکەونەوە لە شـێوازی دڵنیـانەکەر و یاســای نەرم. یاسـاکانی نەرم ئەو ڕێڕەوانەن، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە بـوونی جیـاوازیە یاسـاییەکان، لەسـەر ئاسـتی ژینگەیەکی نێودەوڵەتی و نەتەوەیی داڕێژراون.[1]

هەرچەندە لە کاروباری دەوڵەتانی هاوچەرخدا، هێـزێکی ئەخلاقـیش هەیە کە هـیچ گفتوگـۆیەك هەڵناگرێـت بـۆ جیاوازییەکـان، لەبـارەی شـەرعیبوونی بنەمـای یاسـایی ڕاپرسـییەکان، هۆکـاری ئەمەش، عـورفە دیموکراسـیەکانن لە جێبەجێکـردنی دەسـەڵاتی سیاسـیدا، کە بـوونەتە بنەمـایەکی زاڵ لە ڕێوشـوێنە شەرعییە نێودەوڵەتیی و نیشـتمانییەکان. ئەمەش پێشـکەوتنێکی بەرچـاوە، بـۆ یەك ئاراستەیی ڕێوشوێنە شەرعییە نیشتمانیی و نێودەوڵەتییەکان.[2]

جێبەجێکردنی سیستەمی دەستووری نێودەوڵەتی، لەژێر ڕۆشنای سیستەمی باڵای نێودەوڵەتی و بنەماسەرەکیەکان، پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی هەیە. نەریـتە یەکسـانەکان و بیروبـاوەڕە بنەڕەتییەکـان، بـۆ مافەکـانی هاووڵاتییـان

---

[1] Alan Boyle, *Soft law in international law making* ed. Malcolm D. Evans (UK: Oxford University Press, 2014), 141 and Hugh Thirlway, "The sources of international law," *in International law*, ed. Malcolm D. Evans (New York: Oxford University Press, 2006), 118.

[2] Erika De Wet, "The International Constitutional Order," *International and Comparative Law Quarterly* 55, no.1 (January 2006):51 and 57, available at: http://sci-hub.tw/https://doi.org/10.1093/iclq/lei067. And Konrad Lachmayer, "The International Constitutional law approach: An introduction to a new Perspective on constitutional challenges in a globalizing world," *ICL Journal* 1, n. 2 (2007): 92-93, available at:

دادەمەزرێنن. بنەماکانی سیستەمی باڵای نێودەوڵەتی، هەموو ئەو چەمکانە لەخۆدەگرێت، کە پشتگیرییەکی بەهێزی ئەخلاقیان هەیە و دەوڵەتەکانیش لەسەر بنەمای پێوەرەکانی یاسای دانراو، پەیڕەویان دەکەن.[1]

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠، مافی دیموکراسی، بووەتە مافێکی یاسایی مۆدێرنی وڵاتان لە یاسای نێودەوڵەتییدا. بەشێکی ئەمەش، بەپێی پیادەکردنەکانی بنەمای عورفی و بەشێکیشی- بەپێی ڕێککەوتنە هەمەلایەنەکان بووە. جگەلەمەش، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، گەشەکردنی پیادەکردنی دیموکراسی لەڕێگەی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکان، هۆکارێکی تربوو. ئەم پێشکەوتنەی دیموکراسی، کلیلی سەرەکی بوو بۆ سیستەمێکی ڕێکخراوەیی جیهانی، بەپێی ڕێوشوێنە دیموکراسییەکان بۆ شەرعیەتدان، بە وەرگرتن و بەکارهێنانی دەسەڵات.[2]

بۆ وەڵامی پرسیاری سەرەوەی تایبەت بە چوارچێوەی یاسایی و ئەنجامدانی ڕاپرسییەکانی پەیوەست بە سەربەخۆیبوونی حکوومەتێك یان وڵاتێك، جیابوونەوە، پرسی دەستلەکارهەڵگرتنی هەرێمەکان، ئەم جۆرە ڕاپرسیانە دەچنە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی. ئەمە مافێکە لە سەرووی دەستوورەوەیە. بۆیە لەناو دەستوورەکاندا، هیچ بنچینەیەکی سەرەکی نییە بۆ

https://www.lachmayer.eu/wp-content/uploads/2014/05/2007_ICL-Journal _No-2_The-International-Constitutional-Law-Approach.pdf.

[1] Ibid.

[2] Ibid.

ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی ڕاپرسییەکان. لە ڕێگەی یاسای نەتەوەیی، مافێکە ناتوانرێت پووچەڵ بکرێتەوە.[1]

مافی چارەی خۆنووسین، مافێکی بنەڕەتییە، زیاتر لەوەی تەنیا مافێکی یاسایی بێت. ئەم بنەمایەش پیادەکردنی دیموکراسی، درووستکردنی بڕیار لە دەزگا سیاسییەکان و ئازادی سەرچاوە ئابووریەکان لەخۆدەگرێت. ڕێگەی تایبەتی بەدەستهێنانی ئەم مافە، بریتییە لە ئەنجامدانی ڕاپرسی. بەهۆی ئەم ڕێگایەوە، تەنیا گەل دەتوانێت دەنگ لەسەر هەر ڕێککەوتنێك، یان هەر گۆڕانکارییەك بۆ سیستەمی فەرمانڕەوایی وڵات بدات. هیچ دەسەڵاتێك، دەزگایەکی ئیداری، سیاسی، تاکەکەسی، ناتوانێت ئەم مافەی گەل زەوت یان سنووردار بکات. بەپێی بڕیاری ٦٣٧ی ساڵی ١٩٥٢ی ئەنجوومەنی ئاسایش، ڕاپرسییەکان چوارچێوەیەکی یاسای نێودەوڵەتییان هەیە، بە وشەی (plebiscites) ئاماژە بە ڕاپرسییەکان کراوە. ئەم بڕیارە وەکو ڕێگەیەکی دیموکراسی، جەخت لەسەر پیادەکردنی مافی ڕاپرسی دەکاتەوە، بەوپێیەی گەل بۆ هەڵبژاردنی سیستەمی سیاسی خۆی، دەتوانێت رای ڕاستەقینەی خۆی پیادە بکات.[2] بۆ نموونە، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، چەندین وڵات

---

[1] Li Ming-juinn, "Referendum is a matter of international law," *Taipei Times*, February 15, 2004, available at:
http://www.taipeitimes.com/News/editorials/archives/2004/02/15/2003098856/2.

[2] Ibid. UN General Assembly, Seventh session, the right of peoples and nations to self-determination, Resolution A/RES/637, 1952. It states "the wishes of the people being ascertained through plebiscites or other recognized democratic means, preferably under the auspices of the United Nations."

هێشتا سەربەخۆییان بەدەست نەهێنابوو، پێیان دەگوترا وڵاتانی داگیرکراو یان هەرێمی سەربەخۆ، دواتر لەڕێگەی ئەنجامدانی ڕاپرسییەوە، ڕازیبوونییان پیشاندا لەسەر قەوارەی دەستووری خۆیان، بەچاودێری ئەو دەوڵەتانەی کە حوکمڕانی خۆیانیان دەکرد.[١]

[1] Li Ming-juinn, "Referendum is a matter of international law,".

## ٦-٢ ڕاپرسی وەکو ئامرازێك، بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، لەلایەن هەرێمی کوردستانی عێراقەوە

بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین لەڕێگەی ڕاپرسییەوە لەلایەن ئەو گەلانەی لەژێر ملکەچکردن و چەوسانەوەدان، دەبێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان. زۆرن ئەو وڵاتانەی، لەپێناو دیارکردنی چارەنووسی داهاتووی خۆیان، پەنایان بردۆتەبەر ئەنجامدانی ڕاپرسی. بۆ نموونە سەربەخۆیی ئەریتریا لە ساڵی ١٩٩٣، تیموری ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٩٩، باشووری سوودان لە ساڵی ٢٠١١.[1] بۆیە درووستبوونی ئەم دەوڵەتانە، بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیان، بەڵگەن لەسەر ئەوەی، چۆن پەنایان بردۆتەبەر ئەنجامدانی ڕاپرسی.

هەریەك لە ڕاپرسییەکانی تایبەت بە دوورگەی کریمیا بۆ جیابوونەوە لە ئۆکرانیا (کە چووەتە پاڵ ڕووسیا)، هەروەها ڕاپرسی سکۆتلەندییەکان بۆ جیابوونەوەیان لە بەریتانیا لەساڵی ٢٠١٤، ئەمانە نموونەی بەرچاون، کە دەیانەوێت داهاتووی سیاسی خۆیان دیاری بکەن.[2] ئەمە لە کاتێکدایە

[1] Fernando Mendez and Micha Germann, "Contested Sovereignty: Mapping Referendums on Sovereignty over Time and Space," *British Journal of Political Science* 48, no.1 (January 2018):16, available at: https://sci-hub.do/https://doi.org/10.1017/S0007123415000563

[2] Christian Marxsen, "The Crimea crisis–an international law perspective." *Heidelberg Journal of International Law*74, no. 2 (2014): 367-391, available at:https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=2520530. Andrew Black, Scottish independence: Referendum to be held on 18 September, 2014, *BBCNEWS*, 21 March 2013. https://www.bbc.com/news/uk-scotland-scotland-politics-21828424.

هەرێمـــی کوردســـتانیش ڕاپرســـی بـــۆ جیـــابوونەوە لە عێـــراق لە ٢٥ی ئەیلوولی٢٠١٧ ئەنجامدا، بەڵام حکوومەتی فیـدڕاڵ دانی پێـدانەنا.[١] ئەمەش لە یاسای دەستووری و نێودەوڵەتییدا، دەکرێت ببێتە جێگای مشتومڕ.

لەڕووی دەســتوورییەوە ئەم هەنگــاوەی حکــوومەتی فیــدڕاڵ، چەنــد لێکــدانەوەیەکی جیــاوازی بەدوای خۆیــدا هێنــا. هەنــدێك لایەن هەبــوون پێیانوابوو، دەستووری هەمیشـەیی عێـراق، هـیچ مـاددەیەکی تێـدانییە ڕێـگە بەجیابوونەوەی هەرێمێك بـدات بـۆ مەبەسـتی سـەربەخۆیی، لەهەمانکاتـدا هەنـدێکیتر ببـاوەڕبوون بەپێـی مـاددەی ١١٧ی[٢]دەسـتوور، عێـراق دان بە تایبەتمەنــدی هەرێمــی کوردســتاندا دەنێــت، تەنیــا وەکــو هەرێمــێکی خۆبەڕێــوەبەری(Autonomy) لەنــاو دەوڵەتی عێراقـدا. ئەمەش مانــای وایە گەلی کــورد  لە عێــراق، هەر لە ســاڵی ١٩٩٢ەوە ســەربەخۆیی خــۆی بەدەســتهێناوە، کاتێــك پەرلەمــانی خۆیــان هەڵبــژارد و حکــوومەتێکی خۆبەڕێوەبەریان بەناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزراند.[٣]

پەنابردن بۆ ڕاپرسی وەکو ئامرازێکی یاسایی بۆ بەدەستهێنانی مـافی چـارەی خۆنووسین لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەپێی مـاددەی ١١٧

[1] Gopal Srihari, "The Kurdistan Referendum – Overstepping the Right of Self-Determination?," *Cambridge International Law Journal* (April 2018). http://cilj.co.uk/2018/04/06/the-kurdistan-referendum-overstepping-the-right-of-self-determination/.

[٢] ســەرچاوەی پێشــوو. مــادەی ١١٧ بــڕگەی ١ دەڵێــت "ئەم دەســتوورە لە بەرواری پیادەکردنییەوە، دان بە هەرێمـی کوردسـتان و ئەو دەسـەڵاتانەی ئێسـتا هەیەتـی وەك هەرێمێکی فیدراڵی دەنێت".

[3] Srihari, "The Kurdistan Referendum – Overstepping the Right of Self-Determination?,".

پاساوێکی دەستووریی و یاساییە و کۆکیشە لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی، کە جەخت لە سەر رای گەل دەکەنەوە، بۆ پیادەکردنی ئازادانەی مافە سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و شارستانیەکانییان.[1]

هەندێك لە نووسەران، ئەم ڕاپرسییە، بەناهاوتا لەگەڵ ماددەی ١ی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەزانن، بەوپێیەی جەخت لەسەر یەکگرتوویی عێراق دەکاتەوە.[2] بەڵام ئەگەر سەیری دیباجەی دەستوور بکەین، دەبینین جۆرێك لە دژبەری هەیە، چونکە لە دیباجەکەدا دەڵێت "پابەندبوون بەم دەستوورە، یەکێتی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەری عێراق دەپارێزێت." بۆیە پاساوی ئەنجامدانی ڕاپرسی لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، جێبەجێنەکردنی دەستوور بوو لەلایەن حکوومەتی فیدڕاڵی عێراقەوە.

بە تێگەیشتنێکی تر، لە دوو لایەنەوە دەکرێت شەرعیەت بە ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بدرێت:

یەکەم: حکوومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانڕەوایی هەرێمی خۆبەڕێوەبەری خۆی دەکات و هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستووریە، بەپێی ماددەی ١١٧ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، وەکو هەرێمێکی فیدڕاڵ دانی پێدانراوە.

---

[1] John A Collins, "Self-Determination in International Law: The Palestinians. Case Western Reserve, *Journal of International Law*12, no.1 (1980):138,available at:
https://scholarlycommons.law.case.edu/jil/vol12/iss1//.

[2] سەرچاوەی پێشوو، (٢٣). مادەی (١) دەڵێت "کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدڕاڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، رژێمی حوکمڕانی تێیدا نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسیە، ئەم دەستورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت".

دووەم: دەستوور ڕێگەی بە درووستکردنی هەرێمی نوێ داوە. ئەمەش بەو مانایە دێت، هەرێمی کوردستان هەم وەکو هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری، هەمدیس وەکو هەرێمێکی فیدڕاڵی، دەسەڵاتە دەستووریەکانی خۆی پیادە کردووە.

بەدیوێکی تر، دەستووری عێراق دان بە فەرمانڕەوایی یاسایی هەرێم دادەنێت و پشتگیری شەرعیەتی هەر یاساو بڕیارێکی دادگا و ڕێککەوتنێك دەکات کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت، مەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی هەر لەڕێگەی هەمان یاساوە هەڵیبوەشێنێتەوە. زیاتر لەمەش، ماددەی ١١٧ بە ئاشکرا، قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆی لە ناو عێراقدا، بۆ هەرێمی کوردستان مسۆگەر کردووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، گەلی کورد، هەر لە ساڵی ١٩٩٢وە سەربەخۆیی ناوخۆیی خۆی لە حکوومەتی عێراق بەدەست بێنێت. دواتر، یەکەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا و حکوومەتێکی دیفاکتۆ بەناوی "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" دامەزرا.[1]

جیا لەمەی سەرەوە، چارەسەرکردنی پرسی گەلی کوردستان، تەنیا ئەرکی حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق نییە، بەڵکوو ئەوان (خەڵکی هەرێمی کوردستان) خاوەن قەوارەیەکی دەستووری خۆیانن بەناوی هەرێمی کوردستان و دەتوانن پرسە ناوخۆیەکانییان بەپێی دەسەڵاتێك چارەسەر بکەن، ئەو دەسەڵاتەش

[1] Joost Jongerden, "Governing Kurdistan: Self-Administration in the Kurdistan Regional Government in Iraq and the Democratic Federation of Northern Syria," *Ethnopolitics* 18, no.1,(November 2018):61–75,available at:
https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/17449057.2018.1525166.

تایبەتە بە هەرێمەکان، وەك لەدەستووری عێراقدا، لە ماددەی ١١٥ ئاماژەی پێکراوە، کە دەڵێت"هەر شتێك لە سنووری دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکوومەتی فیدڕاڵیدا ئاماژەی پێنەکرابێت، ئەوە دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە. ئەگەر ناکۆکی لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکوومەتی فیدڕاڵ و حکوومەتی هەرێمەکان درووستبوو، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکانە." لێرەدا دەردەکەوێت لەکاتی بوونی ناکۆکی لەنێوان یاسای هەرێم و یاسای حکوومەتی فیدڕاڵ، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکانە.

بەگشتی، ئەو ڕاپرسییەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامیدا، کۆکبوو لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراق، بەتایبەتی بەگەڕانەوە بۆ دیباجەی دەستوور، وەك بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ یەکێتی عێراق. لە یاسای نێودەوڵەتییدا، چارەی خۆنووسین بە مافێکی بنەڕەتی گەلان دانراوە، بۆئەوەی بتوانن سیستەمی سیاسی خۆیان پیادە و ئاشا بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، وەك پێشتر باسمان کرد بەدەستهێنانی ئەم مافە لەڕێگەی ڕاپرسییەوە، بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش ژمارە ٦٣٧ی هی ساڵی ١٩٥٢، ڕێگەیەکی یاساییە. مافی چارەی خۆنووسین دەکرێت مانای پچڕاندنی پەیوەندی سیاسی بێت لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، ئەو کاتەی گەلی کوردستان ئەم بڕیارە دەدا.[1] شایەنی باسە، چەندین را و بڕیاری تری یاسایی لەبارەی مافی چارەی خۆنووسینەوە هەن، لە بەشەکانی داهاتوودا زیاتر لەسەریان دەوەستین.

[1] Meher Wadhawan," Iraq‘s Kurds: Questions on Self-Determination," *Berkeley Political Review*, December 23, 2017,available at:
https://bpr.berkeley.edu/2017/12/23/iraqs-kurds-questions-on-self-determination/.

## ٣- مێژووی هەرێمی کوردستان و مافی چارەی خۆنووسین

مێژووی دروستبوونی عێراقی مۆدێرن بۆ ساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە، کاتێك دەوڵەتی بەریتانیا ئینتیدابی میزۆپۆتامییای لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵەی گەلان دروست کرد. عێراق قەوارەیەکی نێودەوڵەتییە و ژمارەیەك نەتەوەی جیاوازی لەخۆگرتووە، پێکهاتەی عەرەب تێیدا زۆرینەن و باڵادەستن لەسەر جوگرافیایەکەی. شایەنی باسە کوردەکانیش گەورەترین و سەرەکیترین کەمینەی نەتەوەیین لە عێراقدا، کە لە نێوان ٢٠% بۆ ٢٦.٥ %ی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن.[١]

کوردەکان دانیشتووی ناو پانتاییەکی زۆری ئابووری و کۆمەڵایەتیین لە عێراقدا، وەکو کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك کە تاڕادەیەکی زۆر بەشدارن لە ئابووری نەتەوەیی حکوومەتی عێراق، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری کوردەکان دانیشتووی هەرێمی کوردستانی عێراقن. لەڕووی ئایینیەوە کوردەکان کۆمەڵگایەکی فرەئاینن، زۆرینەیان موسڵمانی سوننەن، ئەوانیتریش دابەش دەبن بەسەر ئایینەکانی مەسیحی و ئێزدی و کاکەیی و سابیئە.[٢]

بەگەڕانەوە بۆ مێژوو، هەرێمی کوردستان چەندین سەدە کەوتۆتە ژێر دەسەڵات و هەیمەنەی ناڕەوای ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی. دوای ڕووخاندنی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەلایەن هاوپەیمان و زلهێزەکانی وەکو بەریتانیا، فەڕەنسا، رووسیا لەساڵی ١٩١٩، گەلی کورد جۆرێك لە ئازادی بەدەستهێنا و لەژێر

---

[1] Robert Lyman, Iraq 1941: The Battles for Basra, Habbaniya, Fallujah and Baghdad. Vol. 165. Osprey Publishing, 2006.

[2] Amy Tikkanen, “Kurd, History, Culture, & Language,” *Encyclopaedia Britannica*, available at: https://www.britannica.com/topic/Kurd.

دەستی عوسمانییەکان ڕزگاریبوو. هەرێمی کوردستان لەناو پڕۆسەی داگیرکەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابوو، بۆیە کاتێك عێراق کەوتە ژێر داگیرکاری بەریتانیا، بە چاودێری کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان عێراق لە ساڵی ١٩٢١ دامەزرا، هەرێمی کوردستانیش بەشێك بوو لەم داگیرکارییە. ئەمەش لەلایەن شارەزایانی سیاسی و یاسای نێودەوڵەتییەوە، هەرێمی کوردستانی عێراق وەك دەوڵەتێك هەڵسەنگێنرا.[1]

بۆئەوەی هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتیی پەیوەست بە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕوون بکەینەوە، خستنەڕووی دیمەنێکی گشتی لە مێژووی پڕۆسەی ئازادی گەلی کورد، بۆ ئێمە گرنگی خۆی هەیە. ئەمەش کرۆکی ئەم بەشەی پەرتووکەکەمان پێکدێنێت، بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی هەرێمی کوردستان وەکو دەوڵەت، وە باسکردنی چارەنووسی دەوڵەتی عێراق لەکاتی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر بنەمای سیاسی و کۆمەڵایەتی پێکهاتەی گەلی کورد، وەکو خاوەن قەوارەیەکی دەستووری بەناوی هەرێمی کوردستانی عێراق. لەم بەشەدا، هەوڵ و تەقەلای سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ سەربەخۆیی دەخەینەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەربارەی وەڵامی حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق و دەسەڵاتەکانی داگیرکاری لەبارەی سەربەخۆیی گەلی کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی زانیاری بەسوود بەخوێنەران دەبەخشین. بۆیە لەم بەشەدا ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەورژێنرێن:

---

[1] Janet Klein, "The Fate of the Kurds," the History Departments at The Ohio State University and Miami University 13, no 5 (february 2020), available at:
https://origins.osu.edu/article/kurds-stateless-turkey-syria-iraq-iran.

کوردەکان کێن؟، بەپێی تێپەڕبوونی کات چۆن هەستی ناسیۆنالیستی لای گەلی کورد گەشەی کردووە؟، بۆچی هەریەك لە هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق، لەبارەی تایبەتمەندییە دەستوورییەکانی تایبەت بە داهاتووی عێراق ناکۆك و جیاوازن؟. هەموو ئەم پرسیارانە تەوەری گفتوگۆکەمان پێکدێنن.

## ٣- ١ پێشینەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد لە عێراقدا

کورد، کۆنترین گەلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، کوردستان شوێنی لەدایکبوونی زۆرینەی گەلی کورد. بنچینەی قۆناغی گەشەی سیاسی کورد، بۆ سەردەمی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم دەگەڕێتەوە. کورد یەکێکن لەو نەتەوەنەژادییانەی، کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشتەجێن. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنی بنەڕەتی نەتەوەیی کوردە، ئەوان پێکهاتەیەك لەناو هەریەك لە وڵاتانی عێراق، سووریا، ئێران، تورکیا پێکدێنن. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشتمانی هەرە لە پێش و کۆنی ئەوان بووە.

کەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، دواهەمین کاریگەری بوو بەسەر ئازادی سیاسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لە عێراق. لەگەڵ کەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کە گەلی کورد بۆ چەندین سەدە لەژێر چەپۆکی ئەو ئیمپراتۆریەتەدا بوو، کورد ناچارکرا بەوەی بەشێوەیەکی زۆردارانە و دوور لە ئارەزووی خۆی، بەچەندین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بلکێندرێ. ئەم لکاندنە ناسرووشتی و ناچارییەی گەلی کورد بەچەند دەوڵەتێکەوە، بووەتە پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر گرنگ لە ناوچەکەدا. یان بەشێوەیەکی تر بڵێین، ئەم شوێنەوارە بێکۆتاییەی ئازادی سیاسی کورد، پرسێکی سیاسییە و بەدرێژایی چەندین ساڵ بەردەوامە و لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕێتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی سەرقاڵکردنی دەسەڵاتە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بەخۆیەوە، کە لە بەرژەوەندیاندایە لەهەندێك حاڵەتدا پارێزگاری لە کورد بکەن.

لەڕووی پۆلینکردنی زمانەوانییەوە، گەلی کورد دەگەڕێتەوە سەر گەلی هیند و ئەوروپییەکان. کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ریزبەندی چوارەمین

کەمایەتی نەتەوەییدا جێدەگرن، کەتا ئێستا بێ دەوڵەتن. لەڕووی ئایینیەوە، زۆرینەی کورد موسڵمانی سوننە مەزهەبن. زمانێکی هاوبەشیان هەیە، ئەمەش وا دەردەکەوێت، کورد خاوەنی کلتووری خۆیانن و لە دراوسێیەکانییان جیاوازترن. لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، لەعێراقدا سەرژمێرییەکی دیارکراو نییە، بەڵام ژمارەیان بەنزیکەی هەشت ملیۆن و پێنجسەد هەزار کورد مەزەندە دەکرێن، و پێکهاتەیەکی تایبەتن لەناو عێراقدا.[1]

مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی لەناو عێراقدا، پڕە لە تێکۆشانی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسیی خۆیان. ئەوان لە عێراقدا توانییان بڕێك مافی خۆبەڕێوەبەری (Autonomy) و فەرمانڕەوایی ناوخۆیی، هاوتا لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراق و پەیڕەوە چواردە خاڵییەکەی تۆماس ویدرۆ ویلسۆن (٢٨)مین سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کۆتایهێنان بە جەنگی دووەمی جیهان بەدەست بێنن. یەکێك لەو خاڵانەی کە تایبەت بوو بە پرسی سەربەخۆیی گەلان، سەروەری و پاراستنی گەلی کوردبوو لە دەست دەوڵەتی تورکیا، کە ئەم خاڵە بۆ کورد مسۆگەری و گرنگییەکی زۆری هەبوو. دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەچوارچێوەی

[1] Kenneth Katzman, "The Kurds in Post-Saddam Iraq." (CRS Report for Congress Prepared for Members and Committees of Congress, October 1, 2010). Carole A. O'Leary, "The Kurds of Iraq: Recent History, Future Prospects," *Middle East Review of International Affairs* 6, no.4 (December 2002):
17, available at, http://www.rubincenter.org/meria/2002/12/oleary.pdf. And Bird, A Thousand Sighs, a Thousand Revolts: Journeys in Kurdistan.

ڕێککەوتننامەی سیڤەردا، بۆیەکەمجار دان بە مافی سەربەخۆی بۆ گەلی کورد نرا.[1]

ڕێککەوتنی سیڤەر لە ساڵی١٩٢٠ لەنێوان دەوڵەتی تورکیا و هێزە هاوپەیمانەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەسترا، کە هاوپەیمانەکان پێکهاتبوون لە فەڕەنسا، بەریتانیا، ژاپۆن، رووسیا و ئیتاڵیا. لە ماددەی ٦٢و٦٣و٦٤ ی ئەم ڕێککەوتنەدا، ئاماژە بە دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ کورد کراوە، کە دەڵێت "کورد دەبێت لەماوەی یەك ساڵدا لە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکە، بە پشتبەستن بە ڕای زۆرینەیان، داوایەك بۆ سەربەخۆیی خۆیان لە تورکیا پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن، ئەگەر ئەنجوومەن پەسەندی کرد کە ئەم گەلە شایەنی دەوڵەتە، ئەوکات دەبێت راسپاردە بکرێت بۆ مسۆگەرکردنی سەربەخۆییان و دەوڵەتی تورکیاش دەبێت راسپاردەکە جێبەجێ بکات".[2]

شایەنی ئاماژەپێدانە، ئەم ڕێککەوتنە هەرگیز جێبەجێ نەکرا، بەڵکوو ڕێککەوتنێکی تر بەناوی ڕێککەوتنی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ جێگای گرتەوە. لەم ڕێککەوتنەدا، بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بە سەروەری گەلی کورد نەکرا. بە مانایەکی تر، ئەم ڕێککەوتنە بووە هۆی بێبەشکردنی گەلی کورد لە مافی

[1] Ed Kashi, *When the Borders Bleed: The Struggle of the Kurds*, ed. Hitchens Christopher (Pantheon Books 1994), 32-61.And Aimee Gennell, "Arguing Wilson's 12th Point in the Ottoman Empire," A National Endowment for the Humanities Summer Seminar for College and University Teachers, 2014, available at:
https://blogs.commons.georgetown.edu.

[2] The Peace Treaty of Sevres.

سەربەخۆیی و بەسەر هەریەك لە وڵاتانی تورکیا، سووریا، ئێران، عێراقدا دابەشکران. لەگەڵ ئەمەشدا عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، کەوتە ژێر داگیرکاری بەریتانیاوە. وایلێهات بەریتانیا هەوڵیدا ستراتیژیەتی سیاسەتی خۆی فراوانتر بکات، ئەمەش لەپێناو دەستگرتن بوو بەسەر هەردوو پارێزگای کەرکووك و مووسڵ، بەوپێیەی خاوەن کانگای گەورەی نەوتن. بۆیە بەریتانیا بەپێی بەرنامەی داگیرکاری خۆی، نەیهێشت ئەم شارانە بە شاری کوردی دابنرێن و خستییە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.[1]

پابەندنەبوونی عێراق و بەریتانیا بە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەکان، تایبەت بە سەربەخۆیی گەلانی داگیرکراو لە ساڵی ١٩٢٥، هێدمە و تەوژمێکی دژوار بوو بۆ نەتەوەی کورد. لەساڵی ١٩٣٢، بەبێ دانان و ڕێگەدان بە سەربەخۆی گەلی کورد، هەیمەنەی داگیرکەری عێراق کۆتایی پێهات، کوردیش بە عێراقەوە لکێنران. بۆیە دژی ئەم هەوڵە، بۆ وەستانەوە دژی حکوومەتی ئەوسای عێراق، لەژێر ڕێنمایی و سەرکردایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی، شۆڕش و ڕاپەڕین دەستپێکرد.[2]

لە ساڵی ١٩٤٦، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، پارتێکی بەناونیشانی "پارتی دیموکراتی کوردستان"دامەزراند، کە ئامانج و بنەمای سەرەکی ئەم سازییە،

---

[1] Peter Sluglett., *Britain in Iraq: Contriving King and Country* (Columbia University Press, 2007), 121. And Larry Everest, *Oil, Power, & Empire: Iraq and the U.S. Global Agenda* (Common Courage Press, 2004), 64.

[2] Israel T. Naamani, "The Kurdish Drive for Self-Determination," *The Middle East Journal* 20, no.3 (Summer 1966): 288 , available at: http://sci-hub.tw/https://www.jstor.org/stable/4324022.

بەهێزکــردنی هەســتی نەتەوەیــی و ســەربەخۆی گەلی کــورد بــوو. دوای دامەزراندنی ئەم پارتە جەنگی سیاسی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکوومەتی بەعسی عێراق دەستپێکرد، تاکو لەساڵی ١٩٧٠ هەردوولا گەیشتنە ڕێککەوتنێـک بەنـاوی ڕێککەوتننـامەی ١١ی ئـادار، تـاڕادەیەك ئاشـتی لە نێوانییانـدا هاتەکـایەوە. بەپێـی ئەم ڕێککەوتـنە، دەبێـت سـەرژمێری بـۆ دیارکردنی سنووری هەرێمی کوردستان و هەندێك مافی تـری تـایبەت بە گەلی کـورد ئەنجـام بـدرێت. ئەمەش یەکەمجـار بـوو، حکـوومەتی بەعـس دان بە مافەکانی گەلی کورد، لەسەر بنەمای ناسنامەی خۆیـان لەنـاو دەوڵەتی عێراقـدا بنێـت، بەڵام دواتـر حکـوومەت لە جێبەجێکـردنی نـاوەڕۆکی ڕێککەوتـنەکە پاشگەزبووەوە. لەئەنجامدا، جـارێکی تـر شـۆڕشی کـورد لە دژی حکـوومەتی بەغدا دەستپێکردەوە. شایەنی باسە، شۆڕش دووچاری شکست هات.[1]

لە سـاڵی ١٩٧٩، کاتێـك سـەدام حسێن دەسـەڵاتی عێراقـی گـرتە دەسـت، ململانێیەکان لە نێوان حکـوومەتی عێـراق و سـەرکردایەتی سیاسی گەلی کـورد زیـاتر و تونـدتر بـوون و پەیوەنـدییەکان بەرەو خـراپتر چـوون. لەلایەکـی تریشەوە، جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێـراق و ئێـران، کە لەسـاڵی ١٩٨٠ - ١٩٨٨ ڕوویـدا.[2] حکـوومەتی بەعـس بەدڕەفتـارترین و نامرۆڤـانەترین هێـرشی

[1] Charles Tripp, *A History of Iraq* (Cambridge University Press, 2002), 117, 200, 212.

[2] Joost Hiltermann, "Iraq‘s Assault against the Kurds," World Peace *Foundation„s blog*, June 13, 2013, available at: https://sites.tufts.edu/reinventingpeace/2013/06/13/iraqs-assault-against-the-kurds/ And Middle East Watch Report, "Genocide in Iraq: The Anfal Campaign against the Kurds," (1993),available at: https://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal /

دەرهەقــی کــورد ئەنجامــدا. ترســناکترینییان تــاوانی ئەنفــالی بارزانییەکــان و گەرمیان و کیمیابارانکردنی خەڵکی سڤیلی شاری هەڵەبجە بــوو. بــۆیە لەســاڵی ١٩٨٦ ســەرکردایەتی ســیاسی گەلی کــورد، بە ڕێــبەرایەتی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان و بەهاوکــاری حیزبەکــانی تــری کوردســتان، بڕیاریانــدا بەرەیەکی یەکگرتــوو، لەدژی هێزەکــانی ڕژێمــی بەعــس لە شــاڵاوەکانی ئەنفالــدا دابمەزرێنن.[١]

شاڵاوی ئەنفال گەورەترین تراژیدیا بــوو لە مێــژووی بزاڤــی ڕزگــاریخوازی گەلی کوردستاندا، کە لە ساڵی ١٩٨٠ تــاکو ســاڵی ١٩٨٨ دەســتی پێکــرد. ئەم شاڵاوە بووە هۆی لەناوبردنی هەزاران گونــد و بێسەروشــوێن کــردنی زیــاتر لە ١٨٢٠٠٠ هەزار کــوردی ســڤیل بــۆ بیابانەکــانی باشــوور و ڕۆژئــاوای عێــراق، لەنزیك سنوورەکانی ئوردن و سعوودیە. جگەلەمەش چەکی کیمیــایی لە شــاری هەڵەبجە بە فەرمانی سەدام حوسێن بەکارهات و فەرمــانەکەش لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە جێبەجێکــرا. ئەمەش بــووە هــۆی شــەهیدبوونی زیــاتر لە (٥٠٠٠) هەزار هاووڵاتی مەدەنی.[٢]

شایەنی باسە ئەم تاوانانەی ڕژێمــی بەعــس، بەپــێچەوانەی مــاددەی (٢)ی پەیماننــامەی تــایبەت بە قەدەغەکــردن و ســزای تــاوانی جینۆســایدی ســاڵی (١٩٤٨)ە، کە بەم شــێوەیە تــاوانی جنۆســایدی پێناســە کــردووە: "جینۆســاید،

[1] Jamal Jalal Abdulla, *The Kurds, A Nation on the Way to Statehood* (Author House, 2012)171.

[2] Ofra Bengio, *The Kurds of Iraq: Building a State Within a State* (Lynne Rienner Publishers, 2012) 180-181.And Charles Moore, "General Ali Hassan al-Majid," Daily Telegraph , April 7, 2003, available at:, https://www.telegraph.co.uk/news/?xml=/news/2003/04/08/db0801.xml.

تاوانێکی نێودەوڵەتی دژی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی، نەژادی، ڕەگەزی و ئایینە، جا هەموویان بن یان بەشێك لەو کۆمەڵەیە بن".[1]

سەرەڕای ئەو تاوانە نامرۆڤانانەی، کە ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامیدا، کەچی لەولاشەوە کارەکتەرە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان لەبەرامبەر ئەم جۆرە تاوانانەی ڕژێم بێدەنگ بوون. لە هەمووی سەرسوڕمانتر، وڵاتان چەکی گەورەی کیمیاییان بە ڕژێم دەفرۆشت، کە کوشتاری هاووڵاتییانی کوردی پێ ئەنجام دەدا. ئەمەش پشتگیریکردنێکی بەرچاوی هەرێمی و نێودەوڵەتی بوو بۆ عێراق. ئەوەی جێگەی تێبینیە ئەوەیە، کاتێك ڕژێمی بەعسی- عێراق کوێتی داگیرکرد، هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دژی ئەم داگیرکارییە وەستایەوە و کوێتییان لە دەست ڕژێم ئازاد کرد، لەکاتێکدا دەکرا گەلی هەرێمی کوردستانیش بپارێزن کە دووچاری ئەم هەموو تراژیدیایە بووەوە، بەڵام لە جیاتی ئەمە، هێرشەکانی ڕژێمیان بە پرسێکی ناوخۆی عێراقیان لەقەڵەمدا، پێیانوابوو دەستێوەردانی هێزی هاوپەیمانان لە کاروباری ناوخۆی عێراق، پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتییە.[2]

---

[1] Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide, 9 December 1948, Paris, available at:
https://legal.un.org/avl/ha/cppcg/cppcg.html.

[2] Paul A. Clark, "Taking Self-determination Seriously: When Can Cultural and Political Minorities Control Their Own Fate?" *Chicago Journal of International Law* 5, no.2 (February 2005):1, available at:
https://chicagounbound.uchicago.edu/cjil/vol5/iss2/18.

سـەرەڕای ئەوەی هـیچ لایەنێـك ئامـادەنەبوو گەلی کـورد لە هێرشـەکانی ڕژێمـی بەعـس بپارێزێـت، بەڵام کـورد بە راپەڕیـن و بەرگـری و شۆڕشـکردن بەرەنگاریان بوونەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕژێم هێرشـێکی تـر ئەنجـام بـدات، کە ئـاوارەبوونی زیـاتر لە ٢ ملیـۆن هـاووڵاتی کـوردی لـێکەوتەوە و ماڵەکانییان بەجێهێشت، و بەهۆی برسیەتییەوە بە هەزاران هاووڵاتی گیانییـان لەدەستدا.[١]

بەهۆی ئەم کارەساتە مرۆییە گەورەیەوە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتـایبەتی فەڕەنسا و ئەمەریکا و بەریتانیا، راستەوخۆ لە دژی ڕژێـم هـاتنە سـەر هێـل. دواتــر نەتەوە یەکگرتووەکــان لەپێنــاو بەرگــرتن بەم هێرشــانەی ڕژێــم، ستراتیژیەتی خۆی گـۆڕی. لەئەنجامـدا، لە مـانگی نیسـانی ١٩٩١، ئەنجـوومەنی ئاسایشی- نێـودەوڵەتی بڕیـاری ٦٨٨ دەرکـرد، کە ڕێـگە لەعێـراق دەگرێـت لە ئەنجامدانی هێرشی زیاتر بۆسەر کوردەکان.[٢]

لەژێر رۆشنای ئەم بڕیارەدا، ئەو پشتگیرییە نێودەوڵەتییە بۆ گەلی کـورد لە یاسـای نێودەوڵەتیـدا، بە بنەمـایەکی سـەرەکی دادەنرێـت. چـونکە لەلایەك، پشتگیری گەلی کورد دەکات، خۆیان رێبەری خۆیان بکەن بەبـێ گەڕانەوە بـۆ حکـوومەتی عێـراق، لەلایەکـی تریشـەوە، گرنگـی ئەم بڕیـارە لەوەدایە لایەنی نێودەوڵەتی خۆی دەستێوەردانی لە پرسە ناوخۆیەکـانی دەوڵەتی عێراقـدا کـرد.

---

[1] Stephen Zunes, "The United States and the Kurds: A Brief History," *Foreign Policy in Focus* , October 26, 2007, available at: https://www.commondreams.org/views/2007/10/26/united-states-and-kurds-brief-history.

[2] UN security Consul Resolution 688, April 5, 1991, UN Doc S/RES/688, available at: http://unscr.com/en/resolutions/doc/688.

زیــاتر لەمەش، ئەم بڕیــارە ئامــاژەی بە تەپەســەرکردن و کپکــردنی لایەنە ناوخۆییەکانی عێراق لەلایەن حکوومەتی بەعسی عێراقەوە کردووە، کە بـووەتە هۆی دروستبوونی قەیرانی پەنابەری، کە قەیرانی پەنابەریش زیان بە سـنوورە نێودەوڵەتییەکان دەگەیەنێت.[1]

شایەنی باسە دوای دەرچـوونی ئەم بڕیـارە، ئاشـتی و ئاسـایش لە هەرێمـی کوردستان جێگیر بوو. کورد یەکەم حکوومەت و پەرلەمـانی خۆیـان، بەنـاوی (حکـوومەتی هەرێمــی کوردســتان و پەرلەمــانی کوردســتان) لە ســاڵی ١٩٩٢ دامەزراند. لەوساوە قۆناغی فەرمانڕەوایی سەربەخۆییانە، دەستی پێکردووە.[2] هەرێمی کوردستان نیمچە خۆبەڕێوەبەرییەکی وەکـو هەرێمـێکی (De Facto) لە نێـوان سـاڵانی ١٩٩١ - ٢٠٠٣ وەرگـرت. لەدوای ئەم وێسـتگەیە، گـۆڕانێکی سیاسی لە عێراق ڕوویدا، ڕژێمی بەعس ڕووخا و سیستەمی فیدڕاڵی لەعێـراق دامەزرا. لەم چوارچێــوەیەدا ســەرکردایەتی ســیاسی کــورد بە ســەرۆکایەتی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، توانییان پێگەی هەرێمـی کوردسـتان زیـاتر بەرەو پێشــەوە بـبەن و وەکـو هەرێمـێکی فیـدڕاڵ لەنـاو دەوڵەتی عێراقــی فیدڕاڵـدا، لە دەسـتووری هەمیشـەیی سـاڵی ٢٠٠٥دا بچەسـپێنن.[3] بـۆیە ئەم دەستوورەی عێـراق سـەردەمێکی زێڕینـی بـۆ گەلی کوردسـتان هێنایەکـایەوە،

---

[1] Kerim Yildiz, *The Kurds in Iraq: The Past, Present and Future* (Pluto Press, 2007)38.

[2] McDowall, A Modern History of the Kurds.

[3] Tony Karon, "Why Turks and Kurds Prize Kirkuk," TIME, Apr. 10, 2003, available at: http://content.time.com/time/world/article/0,8599,425230,00.html. And Katzman, "The Kurds in Post-Saddam Iraq,".

بەڵام تائێستاش جێبەجێنەکردنی لەلایەن حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە، بووەتە جێگای نیگەرانییەکی زۆر بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

## ٢.٣ دەستووری هەمیشەیی عێراق، ساڵی ٢٠٠٥ و پێگەی هەرێمی کوردستان

دوای کەوتنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لەڕووی پێگەی سیاسییەوە بۆ گەلی کورد هاتەئاراوە. دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥، دەستوورێکی نوێی هەمیشەیی بۆ عێراق نووسرایەوە، ئەم دەستووره شەرعیەتی خۆی لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە وەرگرت. گەلی کورد بەلایەنی کەمەوە توانی چەند مافێکی دەستووری لە ناو حکوومەتی فیدڕاڵی عێراقدا بەدەست بێنێت. ئەمەش بەو مانایە دێت سەردەمی عێراقێکی فیدڕاڵ، سەردەمێکی تەواو جیاواز بوو لەگەڵ سەردەمی ڕژێمی بەعس، کە هیچ مافێکیان بۆ گەلی کورد بە ڕەوا نەدەبینی. ئەمەش وای لە هەرێمی کوردستان کرد، زیاتر ڕۆبچێتە ناو درووستکردنی پەیوەندی نێودەوڵەتی و دەرەکی.[١]

لە گرنگترینی دەستکەوتە دەستووریەکان ئەوەبوو، هەرێمی کوردستان توانی دانپێدانانێکی دەستووری وەکو هەرێمێکی فیدڕاڵ، بەپێی ماددەی ١١٧ وەربگرێت، کە پێشتر ئاماژەمان پێکردبوو، دەڵێت" دەستووری عێراق لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدڕاڵدا، دان بە هەرێمی کوردستان و بەهەموو دەزگاکانییەوە دەنێت وەك هەرێمێکی فیدڕاڵ". بەپێی ماددەی ٤ بڕگەی ١ ی دەستوور، زمانی کوردی هاوتا لەگەڵ زمانی عەرەبی، بەزمانی فەرمی دەوڵەت ناسرا.

[1] “Nbcnews,” Iraq Constitution has been approved, October 25, 2005, available at:
http://www.nbcnews.com/id/9803257/ns/world_news.

ماددەی ١٢٥ی دەستوور "مـافی سـیاسی و ڕۆشـنبیری بـۆ فێرکـردنی نەتەوە جیاوازەکانی وەك تورکمان و کلدان و ئاشووری و پێکهاتەکانی تر دەپارێزێت و بەپێـی یاسـا ڕێکـی دەخـات." مـاددەی ٣٥ ئامـاژە بەوەدەکـات"دەوڵەت سەرپەرشتی دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکان دەکـات، بەشـێوەیەك لەگەڵ مێـژووی شارستانی و ڕۆشنبیری عێراق بگونجێت، و پشتگیریان دەکات وەکـو عێـراقێکی ڕەسـەن." لێـرەدا دەردەکەوێـت ئەم دەسـتوورە، چوارچێـوەیەکی فیـدڕاڵی بە سیستەمی فەرمانڕەوایی عێراق دەبەخشێت، بەوپێـیەی پێکهـاتە جیاوازەکـانی نــاو عێـــراق، بە هەمــــاهەنگی لەگەڵ حکـــوومەتی فیـــدڕاڵ، جـــۆرە خۆبەڕێوەبردنێکیان هەیە. لەلایەکـی تریشـەوە، دەسـتوور پـێگەی هەرێمـی کوردســـتانی وەك هەرێمـــێکی فیـــدڕاڵ، مســـۆگەر کـــردووە.[1] بـــۆیە لەڕووی دەستوورییەوە، پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان بەتایبەتی کورد - شیعە - سـوننە، پەیوەنــدییەکی خۆویســتی عێــراقییە. شــایەنی باســە، لەڕووی جێبەجێکــردنی دەستوورەوە، بۆشاییەکی گەورە لە نێوانیـان هەیە، بەتـایبەتی پێکهـاتەی کـورد نــیگەرانە لە جێبەجێنەکــردنی دەســتوور، لەلایەن حکــوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە.

دیبـاجەی دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق، جەخـت دەکـاتەوە کە (گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتە جیاوازیەکانییەوە دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتـوو لەسەر بنەمای "ئارەزوومەنـدانە" لەئەسـتۆ دەگـرن، بەپێـی ئەم دەسـتوورەش پێـیەوە پابەنـد دەبـن). بەپێـی ئەم رسـتەیە، هەر پێکهـاتەیەك دەتوانێـت لە

[1] John McGarry and Brendan O'Leary, "Iraq's Constitution of 2005: Liberal consociation as political prescription," *International Journal of Constitutional Law* 5, no. 4(October 2007):676, available at: https://doi.org/10.1093/icon/mom026.

عێراقێکی یەکگرتوو دەربچێت. بۆ نموونە هەرێمی کوردستان هەرکاتێك بیەوێت لەسەر بنەمایەکی خۆویستانە، دەتوانێت لەناو دەوڵەتی عێراق بێتەدەرەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین، بەربەستێکی دەستووری لەبەردەم پرۆسەی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان نەبووە و نییە، بەڵکوو ئەوەی دەبێتە جێگەی ناکۆکی، ناوچە کێشە لەسەرەکانە، وەکو کەرکووك، وەك لە دەستووردا چارەسەری بۆ دانراوە.[1] ئەوەی لێرەدا گرنگە بوترێت، ئەگەر هەرێمی کوردستان بەبێ ناوچە کێشەلەسەرەکان ببێتە دەوڵەت، ئەوا ئەمە نابێتە هۆی لەدەستدانی کەرکووك، بەڵکوو کەرکووك لە پرسێکی ناوخۆییەوە دەبێتە پرسێکی نێودەوڵەتی، بەوپێیەی دەکەوێتە نێوان دوو دەوڵەت، ئەوکات دەکرێت هەرێمی کوردستان وەکو دەوڵەت لەڕێگەی دادگای دادی نێودەوڵەتییەوە، ئەم پرسە بجووڵێنێت و داوا بکات دادگا یەکلایی بکاتەوە، یانیش نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت راستەوخۆ بێتە ناو کێشەکەوە، هاوشێوەی کێشەی کشمیر لە نێوان پاکستان و هیندستان.[2]

لەدیباجەکەدا جیا لە بنەمای "ئارەزوومەندانە"، بنەمای "پابەندبوون" هەیە. واتە ئەگەر لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دەستوورەوە پابەندبوونی دەستووری نەبێت، ئەوا ئەوکات مافی پێکهاتەیەکی وەکو کوردە، لە دەوڵەتی عێراق جیاببێتەوە. بەڵام ئەزموونی نێودەوڵەتی هەمیشە ئەوەی سەلماندووە،

---

[1] Ibid.

[2] Security Council report , UN Documents for Jammu and Kashmir: Security Council Resolutions, available at: https://www.securitycouncilreport.org/un_documents_type/security-council-resolutions/?ctype=Jammu%20and%20Kashmir&cbtype=jammu-and-kashmir.

کە جیابوونەوە لەڕێگەی حکوومەتی ناوەندییەوە زۆر سەختە، بەتایبەتیش ئەگەر کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی لەسەری نەبێت، چونکە دەستوورەکان ئەگەر ڕێگە بە جیابوونەوەی پێکهاتەیەك یان کەمایەتییەکیش نەدەن، بەڵام ئەگەر پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی سیاسی هەبێت، دەکرێت جیابوونەوە ڕووبدات. بۆ نموونە، ئەگەر پشتگیری نێودەوڵەتی نەبوایە، ئەوا سربییەکان ڕێگەیان بە (کۆسۆڤۆییەکان) نەدەدا، داوای جیابوونەوە بکەن.[1]

ماددەی ١٠٩ جەخت دەکاتەوە، تەنیا حکوومەتی فیدڕاڵ ئەرکی پابەندبوونی یەکگرتوویی وڵاتی لە ئەستۆیە، بەوپێیەی دەسەڵاتی فیدڕاڵی، یەکێتی و یەکپارچەیی و سەربەخۆی و سەروەری، و سیستەمی دیموکراسی فیدڕاڵی عێراق دەپارێزێت. لێرەدا گرنگە بگوترێت، تەنیا دەستووری عێراق، هەرێمی کوردستان سەرپشك دەکات، لەوەی پابەندبێت بە پاراستنی یەکێتی دەوڵەتی عێراق یان پابەند نەبێت.[2]

زیاتر لەمەش حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق، جەخت لەسەر دەسەڵاتی دەرهێنان و دۆزینەوەی سامانە سرووشتیەکان دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ دەرفەتێك بداتە پێکهاتەکانی تری ناو عێراق، بۆ نموونە هەرێمی کوردستان.[3] ئەمەش مشتومڕی توند و دژواری لێدەکەوێتەوە، بەهۆی نەبوونی نادادی و

[1] Alexander Dawoody, "The Kurdish Quest for Autonomy and Iraq's Statehood," *Journal of Asian and African Studies* 41, no.5/6(2006):494, available at: http://sci-hub.tw/https://doi.org/10.1177/0021909606067405.

[2] Ibid.

[3] Brendan O'Leary, "Federalizing Natural Resources in Iraq's Constitution," *Lynne Reinne* (2007): 189-202, available at: https://www.researchgate.net/publication/258838299_Federalizing_Natural_Resources_in_Iraq's_Constituti.

نایەکسانی لە دابەشکردنی داهاتی نیشتمانی وڵات، هەر ئەمەش هەرێمی کوردستانی هاندا پەنا بباتە بەر جیابوونەوە.

ماددەی ١١٩ دەڵێت " لەڕێگەی ڕاپرسییەوە زیاتر لە پارێزگایەك، دەتوانن یەکبگرن و هەرێمێك دابمەزرێنن." ئەمەش بەو مانایە دێت، دەستووری عێراق ڕێگە بە درووستبونی هەرێمەکان دەدات، بەڵام ڕێگە بە جیابوونەوەی هیچ هەرێمێك لەناو دەوڵەتی عێراقدا نادات. ئەم ماددەیە دەکرێت ناکۆك بێت لەگەڵ دیباجەی دەستوور، کە ئاماژە بە پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق، بەپشتبەستن بە جێبەجێکردنی دەستوور دەدات.

ماددەی (١١٢) چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دۆسیەی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز دەخاتەڕوو. وەك دەڵێت "حکوومەتی فیدڕاڵ لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان، نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوەدەبات، بەمەرجێك داهاتەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لەسەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت. لەگەڵ دیارکردنی پشك بۆ ماوەیەك بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتووانەی، ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و ئەوانەش کە دواتر زیانییان بەرکەوت، بەجۆرێك گەشەسەندنێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت."

سەرەڕای ئەوەی هەردوو ماددەی ١١٩ و ١١٢ جەخت لە هاوبەشی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکان، لە نێوان هەرێمەکان و حکوومەتی فیدڕاڵی دەکەنەوە، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت، حکوومەتی فیدڕاڵ لەسەر ئاستی کردەیی کەمتەرخەم بووە بەرامبەر بە گەلی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە دۆسیەی بەڕێوەبردنی نەوت و دەرنەچوونی یاسای نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق، تەنانەت لە قەرەبووکردنەوەی خەڵکی زیانلێکەوتووی هەرێمی

کوردستان لەلایەن ڕژێمـی بەعسـیش، کە ئەنفـال و کیمیابـارانکران و مـاڵ و خانووەکانیـان رووخێـنران و گونـدەکانییان وێرانکـران و سـووتێنران. بـۆیە بەرامـبەر بەم پێشـێلکارییە دەسـتووریانەی حکـوومەتی فیـدڕاڵ، حکـوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە نیگەرانییەکی قووڵ دایە.

زیـاتر لەمەش، لە بـارەی بەڕێـوەبردنی کێڵگەنەوتییەکـان، مـاددەی ١١٢ سنوورێك بۆ دەسەڵاتی حکوومەتی فیدڕاڵ دیاری دەکـات.[١] وەك باسـمان کـرد، مــاددەی ١١٥ دەڵێــت "هەرشــتێك لە ســنووری دەســەڵاتە تایبەتییەکــانی حکوومەتی فیدڕاڵدا ئاماژەی پێنەکرابێت، ئەوا دەبێتە دەسەڵاتی هەرێـم و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە ناو سنووری هـیچ هەرێمـێکەوە. ئەگەر نـاکۆکی لەسـەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێـوان حکـوومەتی فیـدڕاڵ و حکـوومەتی هەرێمەکـان درووستبوو، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکەیە."

لەلایەکی تریشەوە، ماددەی ١٢١ ئاماژە"بە دەسەڵاتی هەرێمەکان دەکات، لە پیـادەکردنی دەسـەڵاتەکانی یاسـادانان و ڕاپەڕانـدن و دادوەری بەگـوێرەی دەستوور، جگە لەو دەسەڵاتانەی  تایبەتن بە حکوومەتی فیدڕاڵیەوە."

لێـرەدا دەردەکەوێـت، دەسـتووری عێـراق بەڕوونی چـۆنیەتی بەڕێـوەبردنی کێڵگە نەوتییەکانی نێوان حکوومەتی فیـدڕاڵ و هەرێمـی کوردسـتانی لەسـەر بنەمایەکی هاوبەش دیاری کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا دەسـەڵاتیش بە هەرێمـی کوردســتان داوە، لە بەڕێـوەبردنی ئەو کـێڵگە نەوتییـانەی دەکەونە سـنووری جوگرافیای ژێر ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە نـاکەونە سـنووری

[1] Donald L. Horowitz, "The Sunni Moment," The Wall Street Journal, December 14, 2005, available at:
https://law.duke.edu/features/2005/sunnimoment/.

دەسـەڵاتەکانی حکـوومەتی فیـدڕاڵ. بەڵام بە پێناسـەی حکـوومەتی فیـدڕاڵی، دەرهێنـان و بەرهەمهێنـانی نەوت بەگشـتی دەبێـت لەژێـر کـۆنترۆڵی خۆیـدا بێت، بۆیە ئەمەش بووەتە هۆی ناکۆکی لەنێوان هەردوو حکـوومەتی فیـدڕاڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

فیـــدڕاڵیزم، بـــریتییە لە سیســـتەمێکی پێکهـــاتەی حکـــوومەت، کە بەرپرسیارییەتەکان دابەشی سەر پێکهاتەکانی نـاو دەوڵەتـی فیـدڕاڵی دەکـات. ئەم سیستەمە، بـۆ پێشخسـتن و بەهێزکـردنی ڕێکخسـتنی نەتەوە جیاوازەکـان لەناو یەك دەوڵەتـدا بەکاردێـت. سیسـتەمێکە لە سیسـتەمەکانی بەڕێـوەبردنی حکوومەت، کە دانـراوە بـۆ کـۆکردنەوەی لایەنە جیـاوازە سیاسـییەکان لەژێـر چەتری یەك دەوڵەتدا، ئەمەش بە ئامانجی هێنانەدی پاراسـتن و سـەقامگیری و ئاشـتییە.[1] شـایەنی گـوتنە، بـوونی سیسـتەمێکی فیـدڕاڵی سـەرکەوتوو، دەگەڕێـتەوە بـۆ بەهێـزی بنەمـای دیمـوکراسی دەوڵەت. ئەگەر دەوڵەتێـك بنەمای دیموکراسی پەیڕەو نەکات، ئەوا پرۆسەی فەرمـانڕەوایی بەسـەر لایەنە جیاوازەکانی ناو دەوڵەتدا، ئەسـتەم دەبێـت.[2]ئەمەش بەئاشـکرا لەنـاو دەوڵەتی عێراق ڕەنگی داوەتەوە، بەوپێـیەی پێکهـاتەی شـیعەی دەسـەڵاتدار، هەردوو پێکهاتەی کورد و سوننەی لەنـاو سیسـتەمی فەرمـانڕەوایی عێراقـدا پشـتگوێ

[1] Nico Steytler and Johann Mettler, "Federal Arrangements as a Peace making Device During South Africa's Transition to Democracy," *The Journal of Federalism* 31, no.4 (2001):93, available at: http://sci-hub.tw/https://doi.org/10.1093/oxfordjournals.pubjof.a004922 .

[2] Michael M. Gunter and M. Hakan Yavuz, "The Continuing Crisis in Iraqi Kurdistan," *Middle East Policy XII*, no.1(2005): 126, available at: http://sci-hub.tw/https://doi.org/10.1111/j.1061-1924.2005.00190.x.

خستووە. بۆیە دەکرێت بڵێین بنەمای ڕاستەقینەی دیموکراسی، لە پەیڕەوکردنی بنەمای یەکسانی و دادپەروەری، لەناو دەوڵەتی عێراقدا لاوازە.

سیستەمی فیدراڵی عێراق، لەسەر بنەمای مەزهەبی و نەژادی، لەلایەن پێکهاتەی شیعەی دەسەڵاتدارەوە پەیڕەو دەکرێت. ئەمەش نیگەرانی کورد و تەنانەت سوننەکانیشی لێکەوتۆتەوە، بەوپێیەی مافەکانییان لێ زەوت کراوە. بۆ نموونە پێکهاتەی شیعە، بەبێ بەشداری پێکردنی هەردوو پێکهاتەی کورد و سوننە، دەستی بەسەر لایەنی سیاسی و ئابووری دەوڵەتدا گرتووە. ئەمەش بەپێچەوانەی بنەمای سیستەمی فیدراڵییە، کە دەبێتە هۆی بێهێزکردن و نکۆڵیکردن لە مافی کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان.[1]

لەوڕا، بوونی سیستەمێکی بەهێزی فیدراڵی، دوور لە وابەستەیی مەزهەبی و نەژادی، پێویستی بە هەوڵی هەموو لایەنە جیاوازەکانی ناو دەوڵەتی عێراقە. لە هەمووی گرنگتر، پێگیریکردنە بە دەستووری هەمیشەیی عێراق، بەتایبەت لەلایەن پێکهاتەی شیعەی دەسەڵاتدارەوە.[2] پێویستە بگوترێت، بەهۆی نەبوونی بڕوای شیعەکان بە بنەمای دیموکراسی، سەرکەوتنی سیستەمێکی فیدراڵی لە عێراق ئەستەمە، ئەمەش بە زەقی لەو ئەزموونە خراپەی فەرمانڕەواییان دەرکەوتووە، کە لەدوای ٢٠٠٣ەوە لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی

[1] Bo Wang, "The Political Perspective of the Iraqi Kurds after the US Military Retreat," Journal of Middle Eastern and Islamic Studies (in Asia) 4, no.2 (2010):2, available at:
https://www.tandfonline.com/doi/pdf/10.1080/19370679.2010.12023152.

[2] Mark A. Dewhurst, "Assessing the Kurdish question: what is the future of Kurdistan?" (Master Thesis., the U.S. Army War College, 2006), 9.

ناو عێراق، بەتایبەتی پێکهاتەی کورد پەیڕەویان کردووە. هەر ئەم بارودۆخە نالەبارەش، حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ جیابوونەوە لە عێراق هاندا.

بەگشتی، هەموو ئەو مادده دەستوورییانەی جەخت لەسەر بنەمای هاوبەش لەنێوان حکوومەتی عێراق و پێکهاتەکانی تر دەکەنەوە، ئەگەر وەکو خۆیان جێبەجێ نەکرێن، ئەوا سیستەمی فیدڕاڵی لە عێراق ناتوانێت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر تەبایی پەیوەندییەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی ناو دەوڵەتی عێراق. بۆیە پەیڕەو نەکردنی سیستەمێکی فیدڕاڵی سەرکەوتوو، کە گرێبەستێکە لە نێوان پێکهاتەکانی ناو عێراق بەتایبەتی لەگەڵ پێکهاتەی کورد، دەبێتە مەترسی بۆ سەر یەکێتی عێراق.

## ٣.٣ ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧

بیـــرۆکەی ئەنجامـــدانی ڕاپرســـی، لەدوای ئەو نیگەرانییـــانەی حکـــوومەتی هەرێمی کوردستان هات، کە ڕۆژ بەڕۆژ بەرامـبەر مـامەڵە نادەسـتوورییەکانی حکوومەتەکـانی عێـراق زیـاتر دەبـوون، کە تـا نووسـینی ئەم پەرتـووکەش بەردەوامە، بەتـایبەتی دوای ئەوەی حکـــوومەتی نـوری مـالیکی بـوودجە و مووچەی گەلی هەرێمی کوردستانی لە ساڵی ٢٠١٤ بڕی .[١]

ئەمەش وای لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد، زیـاتر پشـت بەخـۆی ببەستێت و سەرچاوە سرووشتیەکانی خۆی بەمەبەستی دەسـتکەوتنی داهـات بـــۆ گەلی هەرێمـــی کوردســـتان، بنێـــرێتە دەرەوە. بـــۆ ئەمەش ســـەرەڕای ڕێگرییەکانی حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق، هەرێمی کوردسـتان زیـاتر پشـتی بە نـاردنە دەرەوەی نەوت، لەڕێـگەی بەنـدەری جەیهـان تورکیـاوە بـۆ وڵاتـانی ئەوڕوپا بەست.[٢]

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕازی نەبـوو نەوتی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ دەرەوە هەنـاردە بکرێـت، بەڵکـوو پێیوابـوو دەبێـت هەنـاردەکردن لەدەسـت حکـوومەتی فیـدڕاڵی عێراقـدا بێـت، ئەمە لەکاتێکدایە هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی نزیکی ئەمەریکایە، بەتایبەتی لە پرۆسـەی ڕزگـارکردنی عێـراق و شـەڕی دژی ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی جیهـانی (داعش).

---

[1] Jim Muir, "Iraq crisis: Incumbent PM Maliki left out as country moves on," *BBC News*, August 12, 2014, available at: https://www.bbc.com/news/world-middle-east-28765649.

[2] Keith Wallis, "Kurdish oil cargo unloaded at sea, destination a mystery," *Reuters*, July 31, 2014, available at: https://www.reuters.com.

دەرکەوتنی ڕێکخراوی تیرۆرستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاتنی بۆ عێراق، هۆکاری کەوتنی دەوڵەتی عێراق بوو لەڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە، سەرەڕای هۆکاری دابەزینی نرخی جیهانی نەوت، بەوپێیەی کە عێراق٩٠% پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت. ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستییە مەترسی بۆسەر گەلی کوردستان درووست کرد، چونکە حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق لەڕووی ئابووری و سەربازییەوە، هیچ گرنگییەکی بە هەرێمی کوردستان نەدەدا، بەڵکوو بەتەواوی پێکهاتەی کوردی پشتگوێ دەخست. ئەم کەتوارەش حکوومەتی هەرێمی کوردستانی خستە بەردەم ئەگەرێك، کە دەبوایە بەرگری لە خۆی و گەلەکەی بکات دژی ئەم ڕێکخراوە.[1]

بۆیە بەهۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرکردایەتی راستەوخۆی سەرۆك مەسعود بارزانی، بە هەماهەنگی هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان، نەك تەنیا هەرێمی کوردستان پارێزرا، بەڵکوو کەرکووك و ناوچەکانی دەوروبەریشی بەدەستەوەهاتن، کە لە ٢٠٠٥ەوە دەبوایە حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق لەڕێگەی ماددەی١٤٠ی دەستوورەوە، بیگەڕاندبوایەوە بۆ سەر ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمە جگە لەوەی، هەرێمی کوردستان بووە پەناگەیەك، بۆ ئەو هاووڵاتیە عێراقییانەی، بەهۆی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشەوە، ڕوویان لە هەرێمی کوردستان دەکرد.[2] لەلایەکی

[1] "BBC News," Iraqi Kurdistan profile – timeline, October 13, 2017, available at: https://www.bbc.com/news/world-middle-east-15467672.

[2] Loveday Morris,"Report: Kurds displacing Arabs in Iraq in what could be 'war crimes'," *Washington Post*, January 19, 2016, available at: https://www.washingtonpost.com.

تریشەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوشان لەگەڵ هاوپەیمانـان، دژ بە ڕێکخراوی داعش جەنگان، ئەمەش دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی بوو بە هەرێمـی کوردستان.

لەسـاڵی ٢٠١٤، لە ئەنجـامی ئەو بـارودۆخە نالەبـارە سیاسـیە، ئەمنـیە، ئابووریەی عێراق، کە بەهۆی فەرمانڕەوایی نـوری مـالیکی سـەرۆك وەزیـرانی ئەوکـات هـاتە ئـاراوە و کـاریگەری نەرێنـی لەسـەر هەرێمـی کوردسـتان درووست کرد، وای لە سەرکردایەتی سیاسی گەلی کورد بە سەرۆکایەتی سـەرۆك بارزانی کـرد، بەدوای ڕێگەچـارەیەکی گونجـاودا بگەڕێـن، بـۆ ڕزگـارکردنی گەلی کوردستان لەو ڕەوشە نالەبارەی تێیکەوتووە. بۆیە بـانگەوازی بـۆ ئەنجامـدانی ڕاپرسی بە ئامانجی سـەربەخۆیی کـرا، بەڵام بەهـۆی سـەرقاڵبوون بە جەنـگ دژی ڕێکخراوی داعش، تا مانگی ئەیلوولی ٢٠١٤ دواخرا.[١]

لەساڵی ٢٠١٦، سەرۆك بارزانی داوای لە حکوومەت و پەرلەمـانی هەرێمـی کوردستان کرد، ئامادەکاری بکەن بۆ ئەنجامـدانی ڕاپرسـی لە مـانگی تشرـینی یەکەمی ٢٠١٦، بەڵام جارێکی تـر دواخـرا، بەهـۆی نەبـوونی کەشـێکی سـیاسی گونجـاو.[٢] لە مـانگی ئـابی هەمـان سـاڵ، سـەرۆك وەزیـرانی عێـراق حەیـدەر

[1] BBC News," Iraq Kurdistan independence referendum planned, July1, 2014, available at:
https://www.bbc.com/news/world-middle-east-28103124. And Roy Gutman, "Kurds agree to postpone independence referendum," *the Star*, September 5, 2014, available at:
https://www.thestar.com/news/world/2014/09/05/kurds_agree.

[2] "Radio Free Europe/Radio Liberty," Iraqi Kurdish Leader Calls For Nonbinding Vote On Independence, February3, 2016 available at:

ئەلعەبادی رایگەیاند، مافی کوردە داوای سەربەخۆی بکەن، بەڵام داوای لە سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کرد، ئەم پرۆسەیە دوابخات، تا دوای ئازادکردنی شاری مووسڵ، لەژێر دەستی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش.[1]

لە مانگی نیسانی٢٠١٧، لڤین و جووڵەکان بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی خێراتر بوون. هێزەکانی پێشمەرگە بە بەرگرییەکی ئازایانەوە، ئامادەبوون بۆ ئازادکردنی مووسڵ لە دەستی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش. هەردوو پارتییە سەرەکییەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاوشان لەگەڵ حیزبە سیاسیەکانی تری هەرێمی کوردستان بەسەرکردایەتی سەرۆك بارزانی، بڕیاریاندا ڕاپرسی لەناو ساڵی ٢٠١٧دا بکرێت.[2]

---

https://www.rferl.org/a/iraqi-kurdish-leader-barzani-calls-for-nonbinding-vote-independence/27529166.html. "Kurdistan24," Barzani: Kurdistan will hold referendum before October, March 23, 2016, available at: http://www.kurdistan24.net/en/news. And "Kurdistan24," PM Barzani: Mosul could be liberated within three months, October 31, 2016, available at: http://www.kurdistan24.net/en/news.

[1] Yasar Yakis,"An uncertain referendum for Iraqi Kurdistan," *Arab News*, June 20, 2017, available at: http://www.arabnews.com/node/1117626. And "The New Arab," Iraqi Kurdistan renews call for post-IS independence, December 5, 2016, available at:
https://www.alaraby.co.uk/english/news/2016/12/4/iraqi-kurdistan-renews-call-for-post-is-independence.

[2] "Thematic report: The Security Situation in Iraq: July 2016–November 2017," Lifos – *Centre for Country of Origin Information and Analysis*, no.4 (December 2017):6,available at:

شـــایانی باســـە، ڕای جیـــاواز لەســـەر بەرواری ئەنجامـــدانی ڕاپرســـییەکە و دواخستنی پرۆسەکە هەبوو، هەنـدێك ئـالۆزی پێـوە دیـاربوو، بەڵام سـەرۆك بارزانی لە مـانگی حـوزەیرانی ۲۰۱۷، گلـۆپی سـەوزی بـۆ ئەنجامـدانی ڕاپرسـی هەڵکرد. دواتـر بەئاشـکرا بڕیـاردرا ڕۆژی ۲٥ ئەیلـوولی۲۰۱۷ ڕاپرسـی ئەنجـام بـدرێت. ڕاپرسـییەکە تەواوی هەرێمـی کوردسـتانی گـرتەوە بە نـاوچە کێشـە لەسەرەکانی، وەك کەرکووك، مەخموور، شنگال، خانەقینشەوە.[1]

لە ١٤ ئـــابی ۲۰۱۷، لەگەڵ نزیکبـــوونەوەی کـــاتی ئەنجامـــدانی ڕاپرســـی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیدا لەگەڵ حکـوومەتی فیـدڕاڵی ئەو کـاتی عێراق، ڕێکبکەون لەسـەر ئەنجامـدانی ڕاپرسـی و ئەنجـامەکەی. بەشـێوەیەکی فەرمـی پێشـکەوتنەکان بەردەوام بـوون، تـاکو گەیشـتنە سـەرەتای مـانگی ئەیلـوولی ۲۰۱۷. ڕاپرسـی وەکـو پێشـتر پـلانی بـۆ دانرابـوو، کـاتەکەی نزیـك دەبـووەوە. حکـوومەتی فیـدڕاڵ هەوڵـی دەدا لەڕێـگەی کەنـاڵە دیپلۆمـاسی و سیاسـییەکانەوە، بەهەرشـێوەیەك بێـت پرۆسـەی ئەنجامـدانی ڕاپرسـییەکە بوەسـتێنێت، پەرلەمـانی عێـراقیش بەتونـدی ئەنجامـدانی ڕاپرسـیی لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕەتکردەوە.[2]

---

file:///C:/Users/2017/Downloads/18012202.pdf.

[1] Sardar Sattar, "A Year on: Kurdistan Never Regrets 2017‘s Independence Referendum," *basnews*, September 25, 2018, available at: http://www.basnews.com/index.php/en/reports/468395. And Cabana, "Iraqi Kurds to have independence referendum on Sept 25," *NationStates*, May 21, 2012, available at: https://forum.nationstates.net/viewtopic.php?f=20&t=414664#p31892601.

[2] Mina Aldroubi, "Iraqi Kurds launch independence vote," *The National*, September 5, 2017, available at:

سـەرەڕای ڕەتکـردنەوەی ڕاپرسـی لەلایەن حکـوومەتی فیـدڕاڵەوە، بەڵام پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دوای پێشنیاری سەرۆك بارزانی، کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکەی پەسەندکرد. لەکۆتایدا، ڕاپرسی لە ٢٥ ئەیلوولی٢٠١٧ ئەنجام درا. ٩٣% گەلی کوردسـتان دەنگیـان بە سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان و جیـابوونەوە لە دەوڵەتی عێـراق دا.[1] ئەمە لەکاتێکـدابوو، ڕاپرسـییەکەی سکۆتلەندییەکان بـۆ جیـابوونەوە لە بەریتانیـا لە ١٨ ئەیلـوولی ٢٠١٤ ئەنجـام درابـوو، کە بە ڕێـژەی%٥٥.٣ بەرامـبەر %٤٤.٧ دەنگیـان بە مـانەوە لەنـاو بەریتانیـا دابـوو،[2] بەپـێچەوانەی ڕاپرسـییەکەی گەلی هەرێمـی کوردسـتان، کە زۆرینەیـان دەنگیـان بـۆ جیـابوونەوە لە عێـراق دا. لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەنجامەکـانی ڕاپرسـی سـکۆتلەندییەکان هەرچـیەك بـوو پەسـەندکرا، بەڵام ئەنجامەکـانی ڕاپرسـی گەلی کوردسـتان بەتونـدی ڕەتکـرایەوە. هۆکـاری ئەم جیـاوازیەش، بـۆ دوو شـت دەگەڕێـتەوە، یەکەمیـان ڕوون و ڕەوانی یاسـای حکـوومەتی بەریتانیـایە، کە ڕێـگەی بە سـکۆتلەندییەکان دا ڕاپرسـی بـۆ سەربەخۆیی ئەنجام بدەن[3] لەکاتێکدا ڕاجیایی و جیاوازییەکی قـووڵ، لەسـەر ئەنجامـدانی ڕاپرسـی سـەربەخۆیی لەڕێـگەی دەسـتوورەوە لە نێـوان هەردوو

---

https://www.thenational.ae/world/mena/iraqi-kurds-launch-independence-vote-1.625834.

[1] MacDiarmid, "Masoud Barzani: Why It's Time for Kurdish Independence,".

[2] BBC News, Should Scotland be an independent country?, available at: https://www.bbc.co.uk/news/events/scotland-decides/results.

[3] "Scotland must have choice over future". Scottish Government. 13 March 2017, available at: https://www.gov.scot/news/scotland-must-have-choice-over-future/.

حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدڕاڵی عێراقدا هەیە. دووەمیشیان بۆ پێشکەوتنی چەمکی دیموکراسی لە کۆمەڵگای بەریتانیا دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەم چەمکە لە کۆمەڵگای عێراقیدا لاوازە.

هەرچەندە حکوومەتی فیدڕاڵ ڕاپرسییەکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بە کارێکی نادەستووری دانا، بەڵام حکوومەتی هەرێم رایگەیاند ئامانجی ڕاپرسییەکە ڕاگەیاندنی راستەوخۆی سەربەخۆیی نییە، بەڵکوو دەکرێت ئەنجامەکان گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت، بۆ دیارکردنی شێوازێکی تری پێگەی هەرێمی کوردستان لەناو دەوڵەتی عێراقدا.[1]

بەگشتی، کێشەی سەرەکی ئەم ڕاپرسییە ئەوەیە، حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق دانی پێدانەناوە، لەهەمانکاتدا، زۆرینەی گەلی هەرێمی کوردستانیش بە پەرۆشن بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتی عێراق، پاساوی حکوومەتی فیدڕاڵیش نادەستووریبوونی ڕاپرسییەکەیە. بۆیە ئەم ڕەتکردنەوەی حکوومەتی فیدڕاڵی، کاریگەری خۆی هەیە. لەحاڵەتێکدا ئەگەر پشتگیریی نێودەوڵەتی هەبێت، تەنانەت ئەگەر پشتگیرییەکی هەرێمیشی ـ نەبێت، دەکرێت ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە لە داهاتوودا کاریگەری خۆی هەبێت.

[1] David Zucchino, "Iraq Orders Kurdistan to Surrender Its Airports," *The New York Times*, September 26, 2017, available at: https://www.nytimes.com/2017/09/26/world/middleeast/iraq-kurds-independence.html.

### ١.٣.٣ شوێنەواره یاساییەکانی، ڕاپرسی هەرێمی کوردستان

چۆنیەتی ئەنجامدان و گرتنەبەری ڕێکارەکانی ڕاپرسی لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، پرسێکە جێگەی مشتومڕە. سەرۆك مەسعود بارزانی رایگەیاند، زنجیرەیەك کۆبوونەوە لە نێوان حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەنجامدانی ڕاپرسییەوە ئەنجامدراون. پێیوابوو بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق ڕاپرسی مافی حکوومەتی هەرێمە، بەڵام بەغدا نکۆڵی لەم مافەی هەرێم کرد و بە ڕاپرسییەکی خاڵی لە بنەمای یاسایی و دەستووری دانا.[١]

پێویستە بگوترێت مامەڵەی نادادپەروەرانە و نادەستوورییانەی حکوومەتی فیدڕاڵ، هۆکارێکی سەرەکی بوو تا بەهۆیەوە، حکوومەتی هەرێمی کورستان سەرەڕای ڕێگەنەدانی دەستووری هەمیشەیی عێراق بەم مافە، پەنا بۆ داواکردنی مافی چارەی خۆنووسین ببات، کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا دانی پێدانراوە، ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەیەکی ئاشتییانەوە بێت، کە ئەویش ڕێگەی ڕاپرسییە.[٢]

لەلایەکی ترەوە، ئەوەی جێگەی پرسیارە لەلایەن سەرکردەکانی عێراق و دەستوورناسانەوە، ئەوەیە، ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان ناوچە کێشە لەسەرەکانیشی لەخۆگرتبوو، کە لە دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمن. بەپێی دەستوور لەژێر ئیدارەی حکوومەتی فیدڕاڵی عێراقن، بۆیە پێیانوایە ئەم ڕاپرسییە لەلایەن حکوومەتی فیدڕاڵەوە پەسەند ناکرێت، بەڵکوو تەنیا

---

[1] MacDiarmid, "Masoud Barzani: Why It‘s Time for Kurdish Independence".

[٢] بڕوانە لاپەڕە ١١- ١٣.

پێویستی بەوە هەیە بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ڕاپرسی لە ناوچە کێشەلەسەرەکان بکرێت، بەوپێیەی ئایا بگەڕێنەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان یان بگەڕێنەوە بۆ سەر ئیدارەی حکوومەتی فیدڕاڵ!.[1]بۆ زانین ماددەی ١٤٠ی دەستوور، تاکو ئێستاش لەلایەن حکوومەتە یەك لەدواییەکەکانی عێراقەوە جێبەجێ نەکراوە. ئەمەش دەکرێت بە پێشێلکردنی دەستوور دابنرێت و پاساوێکی دەستووریشە بۆ ڕەوایەتیدان بە ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان.

بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی، بەتەنیا بەس نییە بۆ بەیاساییبوونی ڕاپرسی، بەڵکوو پێویستی بە مەرجی دانپێدانانیشە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نیشتمانی. بەواتایەکی تر، ئەگەر دانپێدانانی دەوڵەتێك پێوەرێکی سەرەکی یاسای نێودەوڵەتی بێت، ئەوا ئەو دانپێدانانە یاساییبوونی ڕاپرسییەکە دەسەلمێنێت. لەڕووی دەستووری هەمیشەیی عێراقیشەوە، دەکرێت و دەتوانرێت، ڕاپرسی تەنیا لە چەند حاڵەتێکدا ئەنجام بدرێت:

یەکەمیان، بەپێی ماددەی ١٤٠ دەکرێت ڕاپرسی، بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانەی  کە حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدڕاڵ کێشەیان لەسەرە، ئەنجام بدرێت.

دووەمیان، دەتوانرێت ڕاپرسی بۆ لەخۆگرتنی زمانێکی نوێی فەرمی، ئەنجام بدرێت.

---

[1] Eric Pichon,"Iraqi Kurdistan's independence referendum," *EPRS* (October 2017): 2, available at: http://www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/BRIE/2017/608752/EPRS_BRI(2017)608752_EN.pdf.

سێیەمیان: دەتوانرێت ڕاپرسی بۆ پێکهێنانی هەرێمێك یان زیاتر، لە پارێزگایەك لەناو دەوڵەتی عێراقدا ئەنجام بدرێت.

چوارەم: دەتوانرێت ڕاپرسی، بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور ئەنجام بدرێت.[1]

شارەزایانی دەستوور و زۆربەی توێژەران، ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بە ڕاپرسییەکی کێشەدار دەبینن، لە ڕوانگەی ئەوەی ڕاپرسییەکە یەکلایەنانە بووە، کە دەستوور ڕێگەی پێنەداوە.

بەدیوێکی تردا، دەستووری هەمیشەیی عێراق، لەهیچ شوێنێك ئاماژەی بە ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی، یان بۆ جیابوونەوە نەداوە. زیاتر لەمەش، پێیانوایە دەستووری عێراق بەهۆی ماددەکانی ١و١٣و١٤٠، جەخت لە سەروەری عێراق و باڵادەستی یاسای عێراقی و دیارکردنی سنووری ئەنجامدانی ڕاپرسی، تەنیا لە ناوچە کێشەلەسەرەکان دەکاتەوە، ڕێگە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نادات بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەپێخەمەت سەربەخۆیی.[2] بەڵام دەبێت تێبینی دیباجەی دەستوور ڕەچاو بکرێت، کە

[1] دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥، مادەی ٤بڕگەی ٥ دەڵێت "هەر هەرێم و پارێزگایەك مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی بکاتە زمانی فەرمی، ئەگەر زۆریەی دانیشتوانەکەی، لە راپرسییەکی گشتیدا بڕر یاریان لە سەردا". ماددەی ١١٩ دەڵێت "پارێزگایەك یان زیاتر مافی پێکهێنانی هەرێمێکیان هەیە، بەپشتبەستن بە داواکارییەك بۆ ئەنجامدانی رڕ اپرسی لەسەری". ماددەی ١٢٦ بڕگەی ٤ دەڵێت "نابێت هیچ هەموارکردنێك لەو ماددانەی دەستووردا ئەنجامبدرێت، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو دەستەڵاتانەی کە ناکەونە سنووری دەستەڵاتە تایبەتەکانی حکوومەتی فیدرڕ اڵیـیەوە تەنها بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی پەیوەندیدار و ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانی لە رێگەی رڕ اپرسی گشتیەوە".

[2] İlker Gökhan Şen, "On Legal Aspects of the Independence Referendum of Iraqi Kurdistan," *VerfBlog*, September 29, 2017, available at:

تەکەز لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی عێراق لەڕێگەی جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە دەکاتەوە، کە لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق نووسراوەتەوە، بەتایبەتی یەکێك لە پێکهاتەکان کە کوردە، نیگەرانن لە بەرامبەر پێنەدانی مافە دەستووریەکانییان لەلایەن حکوومەتەکانی عێراقەوە لەدوای ٢٠٠٣ەوە. هەروەها وەك پێشتریش باسمان کرد، لەدیباجەی دەستووردا ئاماژە بەوەکراوە "مانەوەی پێکهاتەکانی ناو عێراق ئارەزوومەندانەیە". بەمەدا دەردەکەوێت، ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان دەستووریە.

ئەم خشتەیەی خوارەوە ئەنجامەکانی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو، کە لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەنجامدرا:

ئەنجامەکانی ڕاپرسی هەرێمی کوردستانی عێراق - ٢٠١٧:[1]

| هەڵبژاردن | دەنگەکان | ڕێژەی % |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢,٨٦٦١,٤٧١ | ٩٢.٧٣ |
| نەخێر | ٢٢٤,٤٦٤ | ٧.٢٧ |
| دەنگە یاساییەکان | ٣,٠٨٥,٩ ٣٥ | ٩٣.٣٥ |
| دەنگە نایاساییەکان | ٢١٩,٩٩٠ | ٦.٦٥ |
| کۆی گشتی دەنگەکان | ٣,٣٠٥,٩٢٥ | ١٠٠.٠٠ |
| دەنگە تۆمارکراوەکان | ٤,٥٨١,٢٥٥ | ٧٢.١٦ |

https://intr2dok.vifa-recht.de/receive/mir_mods_00002703.

[1] The Independent High Elections and Referendum Commission, “Primary Results”, available at:
http://www.khec.krd/pdf/173082892017_english%202.pdf.

### ٢.٣.٣ ڕاپرسی و کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان

لە سیستەمی ئێستای جیهانی فەرمانڕەوایدا، جیابوونەوەی هەر هەرێمێك لە دەوڵەتێکی فیدڕاڵ، پێویستی بە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و پشتگیری هێزە باڵادەستە نێودەوڵەتییەکان هەیە. ئەم دوو ئامرازە پێویستن، بۆئەوەی شەرعیەت بە پرۆسەکە بدرێت، ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستانیش، چەندین کاردانەوەی جیاوازی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، بۆیە لە خوارەوە بە تێروتەسەلی باسی ئەو کاردانەوانە دەکەین.

دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەبارەی ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستانەوە پێیوابوو، ڕاپرسییەکە دژی بنەمای یەکگرتوویی عێراق بوو. ئەمەش بەو مانایەدێت، هەڵوێستی حکوومەتی ئێران لەپاڵ حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق، دژی ڕاپرسی بوو. هۆکاری ئەم هەڵوێستەی ئێران بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لەو وڵاتە دەگەڕێتەوە، بەوپێیەی کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئاسایشی- ناوخۆی دەوڵەتی ئێران و لەداهاتوودا داوای جیابوونەوە دەکەن.[1] بۆیە هەڵوێستێکی چاوەڕوانکراو بوو، کە ئێران دژی ڕاپرسی بوەستێت، بەمەش ئێران دانینەنا بە ڕاپرسییەکە.

لەهەمانکاتدا، کاردانەوەکەی دەوڵەتی تورکیا جیاوازتر نەبوو لە هەڵوێستی ئێران، بەڵکوو ئەمیش دژی ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان بوو. دەوڵەتی تورکیا پێیوابوو بوونی دەوڵەتێکی کوردی، بارودۆخی ئاسایشی-

---

[1] "The Iran Project, "Iraqi Kurdistan's 'Unilateral' referendum plan only to cause new problems: Iran, June 10, 2017, available at: http://theiranproject.com/blog/2017/06/10/iraqi-kurdistans-unilateral-referendum-plan-cause-new-problems-iran/.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتە مەترسییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتێکی دراوسێی وەکو سووریاش دژی ڕاپرسییەکە بوو، کە پێیوابوو ڕاپرسی یەکلایەنە پەسەندکراو نییە، کارێکی لەم شێوەیە دەبێت کۆك بێت لەگەڵ دەستووری عێراقدا.[1] شایەنی باسە، ژمارەیەکی بەرچاوی کورد لەناو هەردوو دەوڵەتی تورکیا و سووریادا هەن، بۆیە هاوشێوەی ئێران، تورکیا و سووریاش دانییان بە ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان نەنا.

کاردانەوەکان تەنیا لەسەر ئاستی وڵاتانی دراوسێ نەمانەوە، بەڵکوو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژئاواش، هەڵوێستیان لەسەر ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان هەبوو. بۆ نموونە حکوومەتی ئوردن رایگەیاند" مژاری ڕاپرسی هەرێمی کوردستانی عێراق خواستێکی دیموکراسییە، دەبێت گرنگی پێبدرێت، ئەم پرسە پرسێکی ناوخۆی عێراقییە لە بەرژەوەندی حکوومەتی ئوردندا نییە دەستێوەردان بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان پرسێکی ناوخۆیی عێراقییە و دەبێت عێراق مامەڵەی لەگەڵدا بکات".[2] هەر لە کەنداو، شانشینی سعوودیەش پێیوابوو، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بیرۆکەی ڕاپرسی وەلابنێ و ئاشتی لە عێراق بەرپا بێت.[1]

[1] "Turkish Ministry of Foreign Affairs," No: 181, 9 June 2017, Press Release Regarding the Decision to Organize Independence Referendum in the KRG on 25 September 2017, June 9,2017, available at:
http://www.mfa.gov.tr. And Azad Gamkari, "Syrian official: the process of independence of the Kurdistan Region need to legal texts in the Constitution," *Rudaw*, June14, 2017, available at:
http://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=309296.

[2] Baxtiyar Goran, "Jordan FM: Kurdistan referendum Iraq's domestic affair," *Kurdistan24*, August 10, 2016, available at:

لەلایەکی تریشەوە، وڵاتانی جیهان بەتایبەتی زلهێز و ڕۆڵگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جەختیان لەسەر پاراستنی یەکگرتووی خاکی عێراق دەکردەوە، لەهەمانکاتدا پشتگیرییان لە هەرێمی کوردستان و ئەو خۆبەڕێوەبەرییەی لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا هەیەتی دەکرد. بۆ نموونە (هێزر ناوەرت) وتەبێژی ئەو کاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند "ئێمە پشتگیری لە عێراقێکی فیدراڵ و یەکگرتوو و سەقامگیر دەکەین. ئێمە لە خواستی شەرعی گەلی کوردستانی عێراق تێدەگەین و بەرزی دەنرخێنین، بەڵام ڕاپرسی چاوپۆشی لە تێکشکاندنی یەکجارەکی داعش دەکات. ئێمە نیگەرانییەکانمان گەیاندۆتە دەسەڵاتداران لە هەرێمی کوردستان، کە نەك تەنیا ئەنجامدانی ڕاپرسی، بەڵکوو ڕاپرسییەکی ناپابەندیش دەبێتە هۆی چاوپۆشیکردن لە پێشینە پێویستەکانی وەك: ڕێکخراوی داعش، سەقامگیری، گەڕانەوەی خەڵکە دوورخراوەکان، چارەسەرکردنی تەنگژەی ئابووری، چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق".[2]

هەرچی کاردانەوەی دەوڵەتی رووسیایە، پێیوابوو، ئێستا کاتی ڕاپرسی نییە و پێویستە بەپێی پێوەرەکانی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت. یەکێتی ئەوڕوپاش هەمان هەڵوێستی ئەو وڵاتانەی هەبوو، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان

http://www.kurdistan24.net/en/news/9d9d8cab-55e4-4187-804a-fdd2efbecce2.

[1] "ARAB NEWS," Saudi Arabia urges Barzani to call off Kurdish independence referendum, last modified September 21, 2017, available at: https://www.arabnews.com/node/1164416/middleeast.

[2] Frances Martel, "Baghdad Pans Kurdish Freedom Referendum as U.S. Warns against Islamic State Distractions," *Breitbart*, June 9, 2017, available at: https://www.breitbart.com/national.

پێدا، کە رایگەیاند، "هەرێمی کوردستان ئەو شوێنەیە، ئێمە هەمیشە لەو ڕێگەیەوە هاوکاریە مرۆییەکانمان پێشکەش بە پەنابەران لە عێراق و سووریا کردووە، سەرەڕای هەستکردن بە خواستی کورد بۆ سەربەخۆیی، بەڵام پێویستە ئەنجامدانی ڕاپرسی بەپێی دەستووری عێراق و لەڕێگەی حکوومەتی فیدراڵەوە بێت. لەهەمانکاتیشدا یەکێتی ئەوروپا پشتگیری سەلامەتی یەکگرتوویی عێراق دەکات".[١]

هەروەها، لەهەمبەر ڕاپرسی هەرێمی کوردستان هەریەك لە وڵاتانی چین و ئەرمینیاش بەدەرنەبوون لە کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان. وڵاتی چین رایگەیاند، چین پشتگیری لە یەکگرتوویی عێراق دەکات و گفتوگۆیەکی کراوەش بەپێویست دەزانێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. هەرچی ئەرمینیاش بوو پێیوابوو" دەبێت چارەسەرێکی ئاشتییانەی پەیوەست بە بابەتی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی بدۆزرێتەوە، و ئەرمینیا چاوەڕێی دەسەڵاتدارانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات، بۆئەوەی بتوانن گرژییەکان دوورخەنەوە و دەریچەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزنەوە".[٢] گرنگە بگوترێت، ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانانی کورد لە وڵاتی ئەرمینیا هەن، بەڵام هەڵوێستی ئەو وڵاتە تایبەت بە خواستەکانی گەلی کورد،

---

[1] KRG's Department of Foreign Relations, available at: http://dfr.gov.krd/p/p.aspx?p=210&l=12&r=364. And Pichon, "Iraqi Kurdistan's independence referendum," n184.

[2] "Reuters," China says supports Iraq's unity as Kurds vote in referendum, September 25, 2017, available at: https://www.reuters.com/article. And "News.am," Armenia MFA hopes for peaceful settlement regarding Iraqi Kurdistan referendum on independence, September 27, 2017, available at: https://news.am/eng/news/412159.html.

جیاوازتر و ئەرێنیتر و ئاشتیخوازانەتر بوو بە بەراورد بە وڵاتانی تر، بەتایبەتی هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران.

جیا لەوەی سەرەوە، سەرکردایەتی سیاسی کورد و گەلی کورد، چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد، ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، پشتگیری نێودەوڵەتی بەدەستبێنێت، بەتایبەتی لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە. هۆکاری ئەم چاوەڕوانییەش ئەوەبوو، لە کاتی پرۆسەی ئازادی عێراق و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش، ئەمەریکا هاوپەیمانێکی نزیکی هەرێمی کوردستان بوو، کە هەرێم ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە هاوکاریکردنی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی. بەڵام ئەنجامەکان بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکەی گەلی کوردستان دەرچوون، بەوەی زۆربەی وڵاتان (جگە لە دەوڵەتی ئیسرائیل) دژی ئەم خواستەی گەلی کورد وەستانەوە و پشتگیرییان لە حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق کرد.[1]

لە ئەنجامی ئەوەی سەرەوەدا، دەردەکەوێت، هەموو کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان، لەدژی ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان بوونە و پشتگیرییان لە عێراقێکی یەکگرتوو کردووە، بەدەر لە دەوڵەتی ئیسرائیل، کە بە ئاشکرا پشتگیری لە ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستانی کردبوو. ئەمەش

---

[1] Avraham Sela, The Continuum Political Encyclopedia of the Middle East, ed. Avraham Sela (New York: Continuum, 2002), 444 - 474. And "The National's Opinion," How Kurdish independence is central to Israel's plans to reshape the region, last modified October 2, 2017, available at:
https://www.thenational.ae/opinion/how-kurdish-independence-is-central-to-israel-s-plans-to-reshape-the-region-1.663503 .

بەو مانایە دێت، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەرژەوەندی خۆیان لە دابەشکردنی دەوڵەتی عێراق نەدەبینییەوە.

ئەوەی زۆر گرنگە بوترێت ئەوەیە، دوای ئەو هەمـوو قوربانییانەی بـۆ مافەکانییان و بـۆ دیموکراسییان بەخشی، وەك ئەنفالی بارزانییەکان و گەرمیان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و قوربانییەکانی پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش بۆ پاراستنی ئاسایشی جیهان، کەچی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاپەیمانەکانی، پشتگیرییان لە دۆزێکی ڕەوای وەك دۆزی گەلی کورد نەکرد، کە بەڕاستی شەرمەزارییەکی گەورەی حاشاهەڵنەگرە. ئەمەش وا پێویست دەکات سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جارێکی تر پێداچوونەوە بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان بکەن، بەشێوەیەك ئەنجامەکانی ڕاپرسی بکرێتەوە بە پرسێکی نێودەوڵەتی و بۆ سەربەخۆیی دانی پێدابنرێت.

## ٤. یاساییبوونی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، بۆ مافی چارەی خۆنووسین

ئەنجامدانی ڕاپرسی دوایین ئامانجی گەلی کوردستان بوو بـۆ بەدەسـتهێنانی مافی سەربەخۆیی، ئەویش لەڕێگەی جیابوونەوە لە دەوڵەتی عێـراق. بەپێـی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، ناتوانرێت هەڵسەنگاندنێکی یاسـایی بـۆ ڕاپرسـییەکی یەکلایەنانە بکرێـت، بەڵام بـۆ گەلی هەرێمـی کوردسـتان، ڕاپرسـی بـریتییە لە مافێکی سرووشتی و هیچ لایەنێکی نەیار ناتوانێت ئەم مافەی لێ زەوت بکات. بنەماکانی یاسای نێـودەوڵەتی ئەوە دەسـەپێنن، کاراکتەرەکـانی نێـو سیسـتەمی نێـودەوڵەتی، لەناویشـیاندا دەوڵەت، تـاکە لایەنـن لە دیـارکردنی یاسـاییبوون و دانپێـــدانان بە ڕاپرســـی بـــۆ ســـەربەخۆیی. چـــونکە بەبـــێ دانپێـــدانانی (recognition) دەوڵەتان، ڕەنگە ڕاپرسی هیچ قورساییەکی ئەوتۆی لە شـانۆی یاسایدا نەبێت.[١]

ئەنجامــدانی ڕاپرســی، شــێوازێکی سرووشــتی پیــادەکردنی مــافی چــارەی خۆنووســینە، جـا لەلایەن هەر گـرووپ و کەمـایەتییەکەوە بێـت، کە لەنـاو سیستەمێکی سیاسـیدا دەژیـن. هەرچەنـد کۆمەڵێـك یـان کەمـایەتییەك لەنـاو سیستەمە سیاسیەکەیدا، هەست بە گۆشەگیری و ناسەقامگیری خـۆی بکـات، ئەوا یاسای نێودەوڵەتی ڕێگای پێدەدات، بەدوای ئامرازێکی یاساییدا بگەڕێـت،

[1] Alessandro Simoni, Landi Giulia and Frulli Micaela, "Secession and Referendum: a new Dimension of International Law on Territorial Changes?," (Address in International and European Union Law Scientific Sector IUS / 13-14): 215-218, available at: https://flore.unifi.it/retrieve/handle/2158/1126648/333221/LANDI%20GIULIA_Secession%20Referendum_Doctoral%20Thesis.pdf.

بۆ جیابوونەوە لە سیستەمە سیاسیەکە، یان لە حکوومەتە ناوەندییەکەی خۆی.[1]

یەکێك لەو ئامرازانەی کۆمەڵە یان کەمایەتییەك بتوانێت لەوڕێگەیەوە مافەکانی بەدەست بێنێت، بریتییە لە ئەنجامدانی ڕاپرسی. جیابوونەوەیەکی یاسایی لەڕێگەی ڕاپرسییەوە، دەتوانرێت وەکو پرسێکی گشتی هەڵبسەنگێندرێت، بەوپێیەی گەل رای ڕاستەقینەی خۆی دەردەبڕێت. نموونەش بۆ ئەمە، ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستانە کە وەك گەورەترین پێکهاتەی ناو عێراق لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بۆ جیابوونەوە ئەنجام درا. هەرچەندە ڕاپرسییەکە لەلایەن حکوومەتی فیدڕاڵی عێراقییەوە ڕەتکرایەوە. بۆیە لەم بەشەی پەرتووکەکەماندا، دەمانەوێت، وەك چارەسەرێك بۆ دیارکردنی یاساییبوونی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، یەکەمجار هەڵوێستی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی، وەك پێوەرەکانی: دەوڵەتبوون، دانپێدانان، تیۆری جیابوونەوەی چارەسەرییانە، وە سەروەری بەدەستهێنراو هەڵبسەنگێنین. هەروەها هەوڵ دەدەین، تیشك بخەینە سەر لایەنە یاساییەکانی ڕاپرسییەکە و هەڵسەنگاندێکیش بۆ شوێنەوارە یاساییەکانی ڕاپرسییەکە بکەین، بەوپێیەی ڕاپرسییەکە دانی پێدانەنراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دانپێدانەنانی حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق بە ڕاپرسییەکە و پەیوەندی بە چەمکی مافی چارەی خۆنووسین و یاسای نێودەوڵەتی، لەم بەشەدا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین.

[1] François Rocher, " Self-determination and the Use of Referendums: the Case of Quebec",*International Journal of Politics, Culture, and Society* 27, No. 1 (March 2014): 25-45, available at: https://www.jstor.org/stable/24713360.

## ١.٤ پێناسەی مافی چارەی خۆنووسین

مافی چارەی خۆنووسین، لایەنێکی گرنگی یاسای نێودەوڵەتییە. بابەتێکی مشتومڕ هەڵگرە، مێژووەکەی بۆ چەند دەیەیەك بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە. ئەم مافە نێودەوڵەتییە، لەسەرانسەری جیهان دەرفەتی داوە بە زۆربەی نەتەوەکان - دەوڵەتان - گرووپە نەتەوەییەکان، بۆئەوەی بتوانن سەربەخۆیی خۆیان بەدەستبێنن و ببنە خاوەن سەروەری خۆیان. هەروەها ڕێگەیەك بووە نەتەوەکان پەنایان بۆ بردووە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەری، کە تائێستاش لەژێر سێبەری ئەم بنەمایە یاساییە دەژین. ئەم مافە کە لە یاسای نێودەوڵەتییدا جەختی لێکراوەتەوە، دەرفەتێکی بە گەلان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان داوە، بەبێ چەوساندنەوە و جیاوازیکردن، بە شێوەیەکی ئازادانە، مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانییان پیادە بکەن.[1]

بەدیوێکی تر، بەهای مافی چارەی خۆنووسین، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، کە ماف بە گەلان دەدات، ژیانی خۆیان، لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەی و بەبێ هیچ دەستێوەردان و کاریگەرییەکی دەرەکی، بۆ خۆیان هەڵبژێرن. گرنگە بگوترێت، مافی چارەی خۆنووسین هاوشان لەگەڵ بنەماکانی تری وەکو (یەکسانی دەوڵەتان، سەروەری دەوڵەت، یەکگرتوویی وڵات، مافی دەستێوەرنەدان لە وڵاتان) بەیەکەوە گرێدراون. مافی چارەی خۆنووسین، گرەنتی بەدەستهێنانی هەموو بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەکات. بنەمای مافی چارەی خۆنووسین، لە

[1] The International Covenant on Civil and Political Rights and International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights.

سەدەی بیست و یەکدا، بووە هۆی کۆتاییهێنان بە پرۆسەی داگیرکاری، ڕێگای بە هەندێك نەتەوەدا، سەربەخۆی خۆیان لەو دەوڵەتانەی پێشوو تێیدا دەژیان بەدەست بێنن. بنەمای مافی چارەی خۆنووسین، لایەنێکی یەکگرتووی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای مافەکانی مرۆڤە. بۆیە ژمارەیەك مژار دێنەپێش، کە پێناسەیان بۆ نەکراوە و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم بنەمایەش بە ناڕوونی بۆ هەموو گەلانی جیهان بەجێهێڵدراوە. لێرەدا چەند پرسیارێك دروست دەبن، وەك:

- چۆن پێناسەی مافی چارەی خۆنووسین دەکرێت؟.
- چەمکی وشەی گەل (people)، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، چییە؟.

ماددەی ٥٥ و ١ بڕگەی ٢ ی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنووسین دەکاتەوە، کە پێشینەیەك دادەنێت بۆ ئەو هەرێمانەی سەربەخۆ نین و لەژێر سیستەمی چاودێریکردندان. ماددەی ١ بڕگەی دوو دەڵێت، یەکێك لە ئامانجەسەرەکییەکانی پشت دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان، بریتییە لە "بەرەوپێشبردنی پەیوەندیی هاوڕێیانەی نێوان نەتەوەکان، ئەمەش بەپێی ڕێزگرتنە لە بنەمای مافی یەکسان و مافی چارەی خۆنووسینی خەڵك." ماددەی ٥٥ دەڵێت"دروستکردنی بارودۆخێکی سەقامگیر و خۆشگوزەران، کە پێویستە بۆ پەیوەندیی هاوڕێیەتیی و ئاشتیخوازانەی نێوان نەتەوەکان، بەپێی ڕێزگرتن دەبێت لە بنەمای مافی یەکسان و مافی چارەی خۆنووسینی خەڵك".[١]

زیاتر لەمەش، ڕاگەیەنراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، ناوەڕۆکی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانی پەیڕەو کردووە. دواتر ماددەی ١ی هاوبەشی هەردوو

[1] UN charter, Articles 1, 55, 1945.

ڕێککەوتننـامەی نێـودەوڵەتی، تـایبەت بە مـافە شارسـتانی و سیاسـییەکان و تـایبەت بە مـافە ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و رۆشـنبیرییەکان ICCPR و ICESCR لە ساڵی ١٩٧٦ وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، جەختـی لەسـەر مـافی چارەی خۆنووسین کردۆتەوە بەوەی" هەموو خەڵك مافی چارەی خۆنووسـینی هەیە، دەتوانن ئازادانە چارەنووسی سیاسی خۆیان دیاری بکەن."

بەپێـی مـاددەی ١٨ی ڕێککەوتننـامەی ڤییەنـای تـایبەت بە یاسـای ڕێککەوتننامەکان، هەر نەتەوەیەك کە واژووی ڕێککەوتننامەیەکی نێـودەوڵەتی کـردووە "نابێـت کارێـك بکـات، ببێـتە هـۆی پێشـێلکردنی ئامـانج و نیـازی ڕێککەوتننامەکە."[1]

بۆیە، ماددەی ١ی هاوبەشی هەردوو ڕێککەوتننـامەکە، خواسـتێکی بەهێـز بە خەڵك دەدات، بۆ بەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی خۆیـان. لە هەمانکاتـدا، ڕێککەوتننـامەی ڤییەنـاش وڵاتـانی ئەنـدام لەهەر ڕێککەوتـنێکی نێـودەوڵەتی پابەنـد دەکـات، کە نابێـت بەپـێچەوانەی نـاوەڕۆکی ڕێککەوتننـامەکە مـامەڵە بـکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت کە دەبێـت ڕێـز لە بنەمـای مـافی چـارەی خۆنووسین بگرن، وەك لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە.

لەلایەکی تـرەوە، بڕیـاری ژمـارە ١٥١٤ی سـاڵی ١٩٦٠ی کـۆمەڵەی گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەخت لە مافی چارەی خۆنووسین دەکاتەوە، بـۆ ئەو نەتەوانەی هێشـتا لەژێـر دەسـەڵاتی بێگـانە یـاخود داگیـرکەر دان. واتە هەر

[1] Vienna Convention on the Law of Treaties, 1969, Vienna, Article 18 that provides “A State is obliged to refrain from acts which would defeat the object and purpose of a treaty.” Available at: https://legal.un.org/ilc/texts/instruments/english/conventions/1_1_1969.pdf.

نەتەوەیەك ئەگەر داوای مـافی سـەربەخۆی خـۆی بكـات، دەبێـت لەژێـر فەرمـانڕەوایی داگیرکاریـدا بێـت، بەوپێـیەی دژی ئەمە، بە پـێچەوانەی پەیماننـامەی نەتەوەیەكگرتووەکـانە.[1] ئەمە لەکاتێکـدایە، مـافی چـارەی خۆنووسـین وەك لە ڕێککەوتننـامە نێودەوڵەتییەکانـدا هـاتووە، لەنێـوان نەتەوەکاندا سنووردار نەکراوە.

بڕیاری ژمـارە ٢٦٢٥ی سـاڵی ١٩٧٠، ئامـاژەی بەچەنـدین شـێوازی پـێگەی سیاسی داوە، بەوەی گەلان لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنووسیندا، دەتـوانن پیـادە بـکەن، وەك دەڵێـت "دامەزرانـدنی دەوڵەتـێکی خـاوەن سـەروەری و سـەربەخۆ، کـۆمەڵەیەکی ئـازاد یـان یەکگـرتنێکی ئـازادانە لەگەڵ دەوڵەتـێکی سەربەخۆ، یانیش دەرکەوتنی لەناو پێگەیەکی تری سـیاسی بەئـازادانە، لەلایەن گەلەوە دیاری بکرێت، کە شێوازەکانی جێبەجێکردنی مـافی چـارەی خۆنووسـین لەڕێگەی گەلەوە بەجێ بێنێت."[2]

---

[1] UN General Assembly, Resolution 1514, n 6. Article 1 of the Declaration states "The subjection of peoples to alien subjugation, domination and exploitation constitutes a denial of fundamental human rights, is contrary to the Charter of the UN and is an impediment to the promotion of world peace and co-operation."

[2] UN General Assembly, Resolution 2625 (XV), A/8082, 1970. It further added that "The establishment of a sovereign and independent State, the free association or integration with an independent State or the emergence into any other political status freely determined by a people constitute modes of implementing the right of self-determination by that people."

تــوێژەرە یاســاییەکان پێیــانوایە، لەو کــاتەی هەردوو ڕێککەوتننــامە نێــودەوڵەتییەکە ICCPR و ICESCR لە ســاڵی ١٩٧٦ چــوونە بــواری جێبەجێکردنەوە، نیگەرانییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی مافی چارەی خۆنووسین زیاتر بووە، کە بووەتە هۆی کێشەیەکی نەگۆڕ بۆ سەربەخۆیی و سەربەخۆخوازان، لەناو ئەو سیستەمە سیاسییانەی کە دەبنە هۆکارێك بۆ ناسەقامگیری ئاشتی و ئاسایشی جیهانی.[1] شایەنی باسە تــا ئێســتاش زۆر نەتەوە هەن، بەبــێ دەوڵەت مــاونەتەوە، لەوانە نەتەوەی کورد، کە ژمارەیان زیاتر لە سی و پێنچ ملیۆن کەسە.

لەمەش ئەولاتر، توێژەرە یاساییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، مافی چارەی خۆنووســین، بــۆ ئەو نەتەوانەی دەیانەوێــت ســەربەخۆیی خۆیــان، یــان حکوومەتی سەربەخۆی خۆیان لەناو ئەو دەوڵەتانەی تێیدا دەژیـن هەبێـت، لەیاسای نێودەوڵەتیشدا ئەو مافە بە بنەما وەرگیراوە.[2]هەروەها سەرۆکی هەرە لە پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی یەکەمی جیهانی، چەمکی مافی چارەی خۆنووسینی هێنایەکایەوە، ئەمەشــی لەمیــانەی کۆبــوونەوەیەکی کــۆمەڵەی نەتەوەکــان ( League of Nations) لەساڵی ١٩١٩دا باسکرد و رایگەیاند "مافی هەموو گەلێکە ئەو

[1] Paul Harris, “Is Tibet entitled to self-determination?,” Centre for Comparative and Public Law, no.18 (August 2008):4, available at: http://www.tibetpolicy.eu/wp-content/uploads/148_2008.08_Is-Tibet-Entitled-to-Self-Determination.pdf.

[2] Milena Sterio, “On the Right to External Self Determination: “Selfistans,” Secession and the Great Powers”, Minnesota Journal of International 19, no.1 (November 2009):141, available at: http://minnjil.org/wp-content/uploads/2015/09/137-Sterio.2.pdf.

سەروەریە هەڵبژێرێت کە تێیدا دەژیت، بۆ ئازادبوون لە باڵادەستی بێگانە، وە ئەگەر خاوەندارییەتی هەبوو، نابێت لە سەروەرییەکەوە بۆ سەروەرییەکی تر رادەست بکرێت. ماف درووست دەبێت کاتێك دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی گەلێکی داگیرکراو هەیە، بۆ ئەوەی ئەو گەلە بە ئازادی سەربەخۆی خۆی هەڵبژێریت یان لەگەڵ دەوڵەتێکدا یەکبگرێت".[1]

ئەو پێشکەوتنانەی بەدەستهاتوونە، زۆربەی ڤەکۆڵەر و توێژەرەکانی هانداوە، تا گرنگی بە مافی چارەی خۆنووسین بدەن و دەوڵەمەندیشی بکەن، هەروەها بووە رەمزێکی گرنگ، کە ئاراستەی جێبەجێکردنی سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر تاکەکان و کۆمەڵانی خەڵك دیاری دەکات. بۆیە مافی چارەی خۆنووسین بریتییە لە ڕێگەیەك یاخود پرۆسەیەك، کە مافی کۆمەڵە خەڵکێکە یان تاکێکە لە ناو سیستەمێکی دیارکراوی سیاسیدا، دەتوانرێت لەو ڕێگەیەوە ئەو مافە بەدەست بێنێت، جا چ بەیەکگرتن بێت لەناو دەوڵەتدا، یان بە لێکدرانی دوو پێگەی سیاسی، یانیش سەربەخۆیی بێت.[2]

---

[1] Daniel Berrigan, Liberating Faith: Religious Voices for Justice, Peace, and Ecological Wisdom, ed. Roger S. Gottlieb (New York: Rowman & Littlefield, 2003) 300. And Deborah Z. Cass, "Re-thinking Self-determination: A Critical Analysis of Current International theories," Syracuse Journal of International Law and Commerce 18, no. 1 (1992):24, available at:
https://surface.syr.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1273&context=jilc.

[2] Vaughan Lowe and Malgosia Fitzmaurice, ed. Fifty Years of the International Court of Justice (New York: Cambridge University Press 1996), 351. And Ibid.

پەیوەســت بە گەل و کەمــایەتی واتە (People and Minority)، دوو چەمکی هاوشێوەن. کەمایەتییەکـان نـاکەونە نێـو چوارچێـوەی چینـی تەواوی گەل، وەکو لە ماددەی ١ی هـاوبەشی ICCPRو ICESCR ئامـاژەی پێکـراوە، بەم ڕێـگەیە، نـاتوانن تایبەتمەنـدی پیـادەکردنی مـافی چـارەی خۆنووسـینیان هەبێـت. بەشـێوەیەکی بنچینەیـی بەپێـی بنەمـای مـافی چـارەی خۆنووسـین، کـۆمەڵ یـان گرووپێـك، بە تایبەتمەنـدیە سرووشـتییەکەی خـۆی، ڕێـگەی پێدەدرێت پـێگەی سیاسی خـۆی هەڵبژێرێـت. بـۆ ئەم مەبەسـتەش، دەبێـت یەکەمجار هەڵگری تایبەتمەندی گەل (People) بێت.[1]

بـۆ دەستیشـانکردنی کـۆمەڵەیەك وەکـو گەل، دەبێـت دوو لایەن لەخـۆ بگرێـت. یـان بە مانـایەکی تـر، گەل دەبێـت دوو پێکهێـنەر لەخۆبگرێـت، ئەوانیش پێکهێنەری خـودی و بـابەتیین. پێکهێـنەری سـەرەکی کە پێکهێـنەری بـابەتییە، کاردەکـات بـۆ هەڵسـەنگاندنی کـۆمەڵەیەك بـۆ ئەو ئاسـتەی کە ئەندامەکانی هاوبەشن لەسـەر بنەمـای سرووشـتی نەژادی، نەتەوەیـی، زمـان، ئایین، مێژوو، و میراتی نەریتـی کـۆن. هەرچـی پێکهێـنەری خـودییە، بـریتییە لەوەی بەشێوەیەکی سرووشتی سەیری ئاستی ئەو خەڵـکە دەکرێـت کە لەنـاو کۆمەڵەکەدان و خودی خۆیشیان دەبینن وەکو تاك و کـۆمەڵ، بەتـایبەتی لەو ڕووەوە ئایا ئەوان دەتـوانن کیـانێکی سـیاسی گونجـاو بۆخۆیـان دابمەزرێـنن؟. بەڵام تەنیـا بـوونی پەیوەنـدییەکی نەژادی یـان نەتەوەیـی یـان ڕەچەڵەکیـی و

[1] Michael P. Scharf, "Earned Sovereignty: Juridical Underpinnings," Denver Journal of International Law and Policy 31, no. 3 (March, 2002):373, available at: https://www.tamilnet.com/img/publish/2011/10/earnedsovereignty3.pdf.

مێژوویی، بەس نییە بۆئەوەی هەڵگری زاراوەی گەل بێت، بەڵکوو پێویستە خاوەنی دنیابینی و تایبەتمەندییەك بێت کە بیروباوەڕیان پێی هەبێت.[1]

تاکێك ناتوانێت شوێنی خۆی داگیر و زەوت بکات، وە خەڵکێك ناچار بکات تاکو لەخۆی بگرێت، پێویستە کۆمەڵەکە بڕیاربدات ئایا ئەو تاکە شایەنی ئەوەیە ببێتە ئەندامی کۆمەڵەکە؟. بۆیە، بۆئەوەی کۆمەڵەیەك بە گەل هەژمار بکرێت، دەبێت کۆمەڵەکە یەکەمجار خاوەنی پەیوەندییەکی هاوتا و هاوشێوە بێت لەسەر خاکێکی دیارکراو.[2]

لە ژێر رۆشنایی ئەمەی سەرەوەدا، دەردەکەوێت کە چۆن کۆمەڵەیەك بە گەل دابنرێت!، جا لەژێر دەسەلاتی داگیرکاریدا بێت یان کۆمەڵەیەکی ڕێکخراو بێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێگەپێدراوە مافی چارەی خۆنووسین لەسەریان جێبەجێ بکرێت. لە هەمانکاتیشدا، دەکرا بەشێوەیەك پێناسەی مافی چارەی خۆنووسین بکرێت، کە جێبەجێ ببێت بەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کیانێکی خاوەن سەروەری، کە بەشێوەیەکی سرووشتی بوونی هەیە. لەم حاڵەتەدا، بنەمای مافی چارەی خۆنووسین ئەو مانایە دەگەیەنێت، گەل لەناو کیانێکی سیاسیدا مافی ئەوەی هەبێت، بەدوای چارەنووسی خۆی لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وکلتوورییەوە بگەڕێت، بەبێ ئەوەی لەلایەن هیچ دەسەلاتێکەوە بچەوسێنرێتەوە، بەڵام لێی بێبەشکراوە. بۆیە ئەمە پاڵمان پێوەدەنێت تا لە تەوەری دواتردا، زیاتر باسی جێبەجێکردنی بنەمای مافی چارەی خۆنووسین، لەسەردەمی داگیرکاریدا بکەین.

[1] Ibid. And Yoram Dinstein, "Collective Human Rights of Peoples and Minorities," *The International and Comparative Law Quarterly* 25, no.1 (January, 1976):102, available at: https://www.jstor.org/stable/758496.
[2] Ibid.

## ٢.٤ مافی چارەی خۆنووسین و داگیرکاری (Colonialism)

فراوانبوونی وڵاتانی ئەوروپی لە سەدەکانی پانزدە و شانزدەدا، بووە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتییان بەسەر تەواوی جیهاندا، بەتایبەتی وڵاتانی بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، پورتوگال، ئیسپانیا، هۆڵەندا. ئەم ویستە فراوانخوازییە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بزووتنەوەی داگیرکاری هاندا، تا تەواوی جیهان داگیر بکات. دروستبوونی دەسەڵاتی باڵای داگیرکاری، وای لە گەلانی خۆڕسك کرد، داوای ڕزگاری و ئازادی خۆیان، لەژێر دەستی هەیمەنەی دەرەکی بێگانە بکەن. لەئەنجامدا، پڕۆسەی کۆتاییهێنانی داگیرکاری (Decolonisation process) هاتەکایەوە، بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی. لەکۆتاییدا، مافی چارەی خۆنووسین لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی١٩٤٥ چەسپێنرا.[1]

بۆیە پرسی مافی چارەی خۆنووسین لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە پڕۆسەی داگیرکاری، ڕێگەی دا گەلانی داگیرکراو سەربەخۆ ببن. لەلایەکی تریشەوە، ماددەی٧٣ دەڵێت "ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە بەرپرسیاریەتییان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی گەلانی ئەو هەرێمانەی هێشتا بەتەواوی پێوەرەکانی سەربەخۆییان تێدا بەدینەهاتووە، دان بە بنەمایەك دادەنێن لە بەرژەوەندی دانیشتوانی ئەو هەرێمانەی،

---

[1] "CVCE.EU by UNI.LU," Decolonisation: geopolitical issues and impact on the European integration process, last updated January 3, 2017, available at:
https://www.cvce.eu/en/education/unit-content/-/unit/dd10d6bf-e14d-40b5-9ee6-37f978c87a01.

کەوتـــوونەتە چوارچێـــوەی سیســـتەمی ئاشـــتی و ئاسایشیـ جیهـــانی، وەك لەپەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە".[1]

بـۆ نمـوونە، جێبەجێکـردنی چەمـکی مـافی چـارەی خۆنووسـین لە وڵاتـانی پێشکەوتوو، کـاریگەری لەسـەر وڵاتـانی ئەفریقـا هەبـووە، بەتـایبەتی لەسـەر هەردوو کەیسی بیابانی ڕۆژئاوا و نامیبیا. دادگای دادی نێـودەوڵەتی لەڕێـگەی نەتەوەیەکگرتووەکـانەوە، بنەمـای مـافی چـارەی خۆنووسـینی بـۆ هەردوو کەیسـەکان، بەشـیاو دانـا. بەڵام لە سـاڵی١٩٦٠ بەدواوە، زۆربەی شـارەزایانی یاسای نێودەوڵەتی پێیان وابووە، چەمـکی مـافی چـارەی خۆنووسـین ناکرێـت و ناتوانرێت تەنیا لەسەر حکوومەتەکان و گەلانی داگیرکـراو جێبەجـێ بکرێـت، بەڵکوو لەسەر گەلانی دەرەوەی سیسـتەمی داگیرکـراویش دەشـێت جێبەجـێ بکرێت.[2]

---

[1] UN Charter, Article 73, 1945. Article 73 states "Members of the United Nations which have or assume responsibilities for the administration of territories whose peoples have not yet attained a full measure of Self-government recognizes the principle that the interests of the inhabitants of these territories are paramount, and accept as a sacred trust the obligation to promote to the utmost, within the system of international peace and security established by the present Charter."

[2] Namibia Opinion , ICJ Rep16 ( 1971).The Court had affirmed that "the subsequent development of international law in regard to non-self-governing territories as enshrined in the Charter of the UN, made the principles of self-determination applicable to all of them." And Western Sahara Case, ICJ Rep 12 (1975). The Court again affirmed "the linkage between self-determination and the right of peoples under colonial rule, when it spoke of the "principle of self-determination as a right of peoples,

قۆناغی کۆتاییهێنان بە داگیرکاری، کە تاکو سەدەی بیست و یەك بەردەوامبوو، گرنگییەکی زۆریدا بە چەمکی مافی چارەی خۆنووسین، بەوپێیەی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، دەوڵەتانی داگیرکراو بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئازادبوونی جیهان لەژێر هەژموونی داگیرکاری، مشتومڕێکی زۆر لەسەر چەمکی مافی چارەی خۆنووسین پەیدا بوو. لەئەنجامدا، چەمکی مافی چارەی خۆنووسین وەکو چەمکێکی گرنگ و ڕەمزی، پڕۆسەی کۆتایهێنانی داگیرکاری لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بە بڕیاری ١٥١٤ی ساڵی ١٩٦٠ دانی پێدانرا، هەروەها پابەندبوون بەم مافەش، بەپێی ماددەی ١ی هاوبەشی ڕێککەوتننامەکانی ICCPRوICESCR، بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان جەختی لێکراوەتەوە.

بڕیاری ١٥١٤ هاوشان لەگەڵ بڕیاری ٢٦٢٥ی ساڵی ١٩٧٠، لەلایەن هەندێك توێژەر و یاساناسانەوە، بە بڕیاری گەڵالەبوونی مافەکان( Bills of Rights) دانرا. لە ساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پانزدەهەمین وەرزی خۆیدا، بڕیاریدا، هەر نەتەوەیەك دەبێت پابەند بێت بە جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسین، بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٦٢٥[1] ناسراو بە "بەیاننامەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی، پەیوەست بە پەیوەندی هاوڕێیانە و پێکەوەکارکردن لەنێوان دەوڵەتاندا، کە هاوتایە لەگەڵ پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان." بۆیە ئەم بەیاننامەی ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان، پرسگرێکی "پابەندیکردن و پابەندیبوون" بە

and its application for the purpose of bringing all colonial situations to a speedy end."

[1] UN General Assembly, Resolution 2625 (XV), A/8082, 1970, n 7.

جێبەجێکردنی بنەمای مافی چارەی خۆنووسین، تەنیا لەناو حکوومەتەکاندا درووست ناکات، بەڵکوو هەموو گەلانی جیهان دەگرێتەوە.[1]

چەمکی مافی چارەی خۆنووسین فراوانە، پێکدێت لە دوو جۆر، کە بریتین لە مافی چارەی خۆنووسینی ناوخۆیی و دەرەکی. ئەم مافە دەشێت لەسەر ئاستی هەردوو لایەنی ناوخۆیی و دەرەکی، پیادە بکرێت. بۆ نموونە پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە ڕێگەی بەدەستهێنانی چەند مافێکی ئیداری و خۆبەڕێوەبەریی لەناو یەك دەوڵەتدا، وە بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین لەناو سیستەمێکی داگیرکاریدا بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیان، کە جۆرێکە لە مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی. مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی، داوا لە دەوڵەتان دەکات و چەندین پێوەریش بەسەریاندا دەسەپێنێت، ئەمەش بۆ پاراستنی ئامانجی گەلانە لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیان. مافی چارەی خۆنووسین لە دەرەوەی هەیمەنەی داگیرکاریدا، هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکی ناوخۆییە، کە بریتییە لە مافی خەڵك بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی، بۆ پیادەکردنی مافە ئابووری وکۆمەڵایەتی و کلتووریەکانییان بەڕێگەی دیموکراسی. مافی چارەی خۆنووسینی ناوخۆیی، وەکو بنەمایەکی سەرەکی فەرمانڕەوایی خۆبەڕێوەبەری،

[1] "Australian Human Rights Commission," UN Declaration on the Rights of Indigenous Peoples, available at:
https://www.humanrights.gov.au/our-work/un-declaration-rights-indigenous-peoples-0.

بریتییە لە مافی ڕاستەقینەی خەڵك بۆ هەڵبژاردنی دەسەڵاتێکی ئابووری و میری، بەشێوەیەکی ئازادانە.[1]

تایبەتمەندییەکی تری مافی چارەی خۆنووسینی ناوخۆیی بوونی دیموکراسییە، بەوپێیەی گەل خۆی نوێنەرەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت. گرنگی ئەم تایبەتمەندییە لەوەدایە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ماف بە گەل دەدات، سیستەمی سیاسی خۆیان هەڵبژێرن و دیاری بکەن.[2] جیاواز لەمافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی، کە زیاتر جەخت لە جێبەجێکردنی بەسەر وڵاتانی داگیرکراودا دەکرێتەوە، مافی چارەی خۆنووسینی ناوخۆیی یان بەتەواوی پێشێل دەکرێت، یانیش لەلایەن حکوومەتە ناوەندییەکانەوە گرنگییەکەی کەم دەکرێتەوە. بۆیە مافی چارەی خۆنووسین، هەمیشە بەبێ کۆتایی جێبەجێ دەکرێت.[3]

مافی چارەی خۆنووسینی ناوخۆیی، دەکرێت بە چەندین شێوازی جیاجیا بەدەستبهێنرێت. بۆ نموونە: مافی بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەری لەناو دەوڵەتێکدا - یان جێبەجێکردنی بنەماکانی سیستەمی فیدڕاڵی لە نێوان پێکهاتەکانی دەوڵەتدا - یانیش بەدەستهێنانی هەر مافێکی دەستووری بۆ خەڵك. لەهەمانکاتدا مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی، بریتییە لە مافی گەل

---

[1] Antonito Cassese, Self-Determination of People, A legal Reappraisal (New York: Cambridge University Press, 1995), 111.

[2] Hurst Hannum, Autonomy, *Sovereignty and Self-Determination The Accommodation of Conflict Rights* (University of Pennsylvania Press, 1996) 30. And Robert McCorquodale, "Self-determination: A Human Rights Approach," *International and Comparative Law Quarterly* 43, no.4 (October 1994): 864, available at: https://www.jstor.org/stable/761004.

[3] Cassese, Self-determination of peoples: a legal reappraisal, 11.

بــۆ دیــارکردنی سیســتەمێکی ســیاسی دانپێــدانراو لەلایەن کۆمەڵگــای نێـودەوڵەتییەوە، یـان لەلایەن دەولەتـانی تـرەوە. بـۆ نمـوونە جیـابوونەوەی هەرێمێك لە دەوڵەتی ناوەندی یان دایك، بە مەبەستی سەربەخۆیی.[1]

بەگشــتی، بــوونی نــاوەڕۆکی جەوهەری تایبەتمەنــدییەکانی مــافی چــارەی خۆنووســینی دەرەکی و نــاوەکی گرنــگ نیــیە، چــونکە پــرسی مــافی چــارەی خۆنووسین بە یەك شێوە و جۆر مامەڵەی لەگەڵـدا دەکرێـت، وە نـاکۆکییەکی دیارکراو نییە کە پەیوەست بێـت بە تایبەتمەنـدیەکانی. لە ئاکامـدا، دەکرێـت بگوترێت، کاتێك جەخت لەسەر مـافی چارەی خۆنووسـینی گەل دەکـرێتەوە، کە لەنـاو دەوڵەتـی دایـك یـاخود لەنێـو حکـوومەتێکی ناوەندیـدا بەدەسـت دەهێنرێـت، ئەوا بنەمـای سـەرەکی یاسـا جێبەجـێ دەکرێـت. بـۆ نمـوونە، لە شێوازی بڕیارێك بەپێـی نەتەوەیەکگرتووەکـان، وەکـو بەیاننـامەی تـایبەت بە پەیوەنـدی دۆسـتانەی نێـوان نەتەوەکـان کە بنەمـایەکی سـەرەکییە بۆیـان، بۆئەوەی دەستێوەردان لە کاروبـاری نـاوخۆی یەکتریـان نەکرێـت. بـۆیە مـافی چارەی خۆنووسین، دەکرێت هەمیشە بەژێرانە و بەپێی پاساوە شـەرعییەکان، جێبەجێ بکرێت.[2]

---

[1] Hurst Hannum, “Legal Aspects of Self-Determination,” Princeton University, available at:
https://pesd.princeton.edu/node/511#:~:text=External%20self%2Ddetermination%20is%20the,of%20their%20own%20independent%20state.

[2] David RaiČ, *Statehood and the Law of Self-Determination* (New York: Kluwer Law International 2002), 227.

## ٣.٤ یاسای نێودەوڵەتی و پێوەرە شیاوەکانی بەدەوڵەتبوون

لە سەردەمی پۆست مۆدێرنەتدا، دەستەواژەی بەدەوڵەتبوون (Statehood) وەکو لووتکەی ناسنامەی نێودەوڵەتی پیشان دەدرێت. بۆچوونێکی سادە هەیە دەڵێت: دەوڵەتان ناسنامەی تایبەتی یاسای نێودەوڵەتیین. لەهەموو چوارچێوەیەکی شەرعیدا، بابەتی یاسا بریتییە لە بنەماکەی، کە مافەکان و پابەندبوونەکان بەپێی یاسا دەسەپێنێت. شیاوترە بۆ تاکێك یان بۆ ڕێکخراوێك یان بۆ هەردووکیان، بەپێی یاسا کەسایەتییەکی یاسایی بێت. بوونی کەسایەتی یاسایی، بریتییە لە مەرجێکی سەرەکی بۆ هەر ڕەگەزێك، بۆ ئەوەی کاربکات بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و بەرپرسیارییەتی.[1]

چەمکی دەوڵەتبوون بە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت. زاراوەی دەوڵەت (State) گرنگییەکی تایبەتی هەیە، کاتێك سوود لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی وەردەگیرێت، ئاماژەیەکە بۆ دەوڵەتی نەتەوە (Nation-State). ئەمەش مانای کیانێکە، بۆئەوەی وەکو دەوڵەت دانی پێدابنرێت. بە ئامانجی ئەوەی پێگەیەکی لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا هەبێت، دەبێت بەپێی یاسای نێودەوڵەتی چەند ڕەگەزێکی نێودەوڵەتی تێدابێت.[2]

---

[1] Crawford, *the Creation of States in International Law*,4-5. And Shaw, *International law*, 195.

[2] Nii Lante Wallace-Bruce, "Of Collapsed, Dysfunctional and Disoriented States: Challenges to International Law," *Netherlands International Law Review* 47, no1(May 2000): 53, available at: https://sci-hub.tw/https://doi.org/10.1017/S0165070X00000759.

بـۆ ئەم مەبەسـتەش ڕێککەوتننـامەی مۆنتیڤیـدیۆی تـایبەت بە مـاف و ئەرکەکـانی دەوڵەتـان، لە مـاددەی (١)، ڕەگەزەکـانی بەدەوڵەتبـوونی دیـاریکردووە، کە بـریتیین لە: ١- هەرێمـێکی دیـارکراو. ٢)-دانیشـتوانی هەمیشەیی. ٣- حکوومەت. ٤- توانـای بەسـتنی پەیوەنـدی لەگەڵ دەوڵەتـانی تـر.[1] وەك دەردەکەوێـت، ئەم ڕەگەزانە پێویسـتییە سـەرەکییەکانی بەدەوڵەتبوونن. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم پرسە، زانیاری و ڕوونکردنەوەی زیـاتر دەخەینەڕوو:

پەیوەسـت بە هەرێمـێکی دیـارکراو، هەرێمەکـان ڕەگەزی سـەرەکین. کۆنترۆڵکردنی شوێنێك بریتییە لەبەرجەستەکردنی دەوڵەتێك. ئەمەش بنچینەی سـەرەکی چەمـکی دەسـەڵاتی هەرێـمە، کە توانـایەکی دیـاریکراوی هەیە بـۆ لە ئەسـتۆگرتنی دەزگـا شـەرعی و یاسـاییەکان لەناویـدا و ڕێـگەنەدان بە دەستێوەردانی وڵاتانی تر، بەبێ ڕەزامەندی دەسەڵاتەکانی هەرێمەکە. هەروەك هیوبر[2]دادوەری کەیسی نێوان هۆڵەندا و ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکـا لەسـەر دوورگەی پالمـاس، رایگەیانـد "مـافی دەربـڕین بـۆ پیشـاندانی کارەکـانی دەوڵەتێـك، بـریتییە لە ڕەگەزی سـەروەری هەرێمێـك." لەلایەکی تریشـەوە، خاوەنـداریەتی سـەروەری هەرێمێـك، خاوەنـداریەتییەکی نێـودەوڵەتی نیـیە، بەڵکوو دەسەڵاتی ئیدارییە بەسەر تەواوی هەرێـمەکەوە. ئەمە لە کاتێکـدایە،

[1] Montevideo Convention on the Rights and Duties of States, Art.1. Article 1 states that "The state as a person of international law should possess these criteria: A. a permanent population; B. a defined territory; C. government; and D. capacity to enter into relations with the other states."

[2] ("Island of Palmas Case" (Netherlands v USA) [1928] IAA Rep 829, 871, 4 ILR 3., [2020]).

مافی بوون بەدەوڵەت، پشت بە کاروباری دەزگا میرییەکانی پەیوەست بە هەرێمە دیارکراوەکان، دەبەستێت.[1]

ناوەندێکی پێویست وەك مەرجێکی پێشینەی تایبەت بە هەرێمێکی دیارکراو، پەیوەستە بە کارکردنی. لەوانەیە بۆ دیارکردنی سنوورەکەی، پێویستی بە یاسای نێودەوڵەتی نەبێت. هەرێمێك، سەرەڕای ناکۆکی سنوورە دیارکراوەکانی لەگەڵ دراوسێیەکانی، لەوانەیە هەست بە کەسایەتیی یاسایی خۆی بکات، وە فەرمانڕەواییەتییەکی بێ کێشەی هەبێت، هاوشێوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکی پێویست. بۆ نموونە، پێش جەنگی جیهانی یەکەم، ئەلبانیا سەرەڕای ناکۆکی سنوورەکانی، لەلایەن ژمارەیەك وڵاتەوە، دانی پێدانرا.[2] یان نموونەی دەوڵەتی ئیسرائیل، کە لەلایەن زۆربەی وڵاتانەوە، بەبێ گوێدانە کێشە سنووریەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و دانپێدانانی فەلەستین، دانی پێدانرا.[3]

هەرچەندە سنووری دەوڵەتان گرنگن، بەڵام یاسای نێودەوڵەتی گرنگییەکی ئەوتۆی بە دیارکردنی سنوور نەداوە، کە دەبێت سنوورەکان بەشێوەیەکی ڕەها، بێ کێشە بن، وەك گرنگیدانی بە پێکهاتەی لەباری هەرێمەکە، بۆ بەدەوڵەتبوون. لەبەرئەوە، دەوڵەتێك دابەشی سەر چەند بەشێك بکرێت

[1] Crawford, *the Creation of States in International Law*, 46 & 56.

[2] Shaw, *International law*, 139 & 199. And ("The North Sea Continental Shelf cases" (Federal Republic of Germany v Netherlands) [1969] ICJ Rep 3, 33 (1969).

[3] Ian Brownlie, *Principle of Public International Law* (Oxford University Press, 1998),70 - 71. And UN General Assembly, Sixty-seventh session, Official Records, Status of Palestine in the United Nations, Resolution GA11317, A/67/PV.44, available at: https://undocs.org/en/A/67/PV.44.

بەسە، بۆ نموونە بەنگلادیش کاتێك بەشێك بووە لە پاکستان ، لە ساڵی ١٩٧١ لێی جیابووەوە، یانیش جیابوونەوەی ئازەربایجانی نوێ لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە ساڵی ١٩٩١.[١]

هاوتەریب لەگەڵ ڕەگەزی هەرێمێکی دیارکراو، ڕەگەزی دانیشتوانی هەمیشەیی دێت، کە بەیەکەوە گرێدراون و دوو بنەمای سرووشتین بۆ بوونی نەتەوەیەك. لەڕاستیدا، ڕەگەزی دانیشتوان ڕەگەزێکی بنەڕەتییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت. ئەوەی جێگای سەرنجە، هیچ پێناسەیەك بۆ زۆری و کەمی ڕێژەی دانیشتوان نەکراوە، یان هیچ یاسایەك نییە ئاماژە بەم پرسە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر ئەستەمە دەوڵەتێك دروست بکرێت، بەبێ هەبوونی هەرێمێك، کە دانیشتوانی سرووشتی لەخۆنەگرێت.[٢]

تایبەتمەندی گەل (People) یان دانیشتوان، بریتییە لە کۆمەڵە کەسێك، کە نەوە لەدوای نەوە لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی هاوبەش دەژین. هەرچەندە لەوانەیە ئەمانە هەڵگری بنەمای نەژادی، ئایینی، یاخود کلتووری جیاواز بن. بۆ بەدەستهێنانی مافی بەدەوڵەتبوون، دانیشتوانی کیانێك دەبێت بەشێوەیەکی سرووشتی بژین و کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی پێکبێنن. هەرێمەکە و دانیشتوانی هەمیشەیی دەکرێت خۆیان جیاواز بن، بەبێ گوێدانە ژمارەی دانیشتوانەکەی.[٣] بە مانایەکی تر، دانیشتوانێك ناتوانێت

[1] Shaw, International law, 200.

[2] Peter Malanczuk, *Akehurst's Modern Introduction to International Law* (London and New York: Routledge, 1997), 76. And Ian Brownlie, *Principles of Public International Law.*

[3] Robert Jennings, *Arthur Watts, ed, Oppenheim's International Law* (Oxford University, 2008), 121.And Jianming Shen, "Sovereignty,

دەوڵەتێك بەبێ هەبوونی هەرێمێك دامەزرێنێت، لەهەمانکاتدا هەرێمێکیش ناتوانێت ببێت بەدەوڵەت، ئەگەر دانیشتوانی ڕەسەنی خۆی تێدا نەبێت، بەبێ گوێدانە بنەمای جیاوازی نەتەوەیی و نەژادی و ئایینی و کلتووری لەنێوانییاندا.[١]

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، یاسای نێودەوڵەتی جەخت لەسەر چەمکی نەتەوە ناکاتەوە، وەك لە سرووشتی دانیشتوانەکەی.[٢] پەیوەست بە ژمارەی دانیشتوان، هیچ ڕێژەیەکی دیارکراو دانەنراوە. ئەمەش بەو مانایە دێت، دەوڵەتان ئەگەر ژمارەی دانیشتوانیشیان کەم بێت، دەکرێت دامەزرێن. لەکاتێکدا، دانیشتوانی بچووك لەوانەیە کاریگەری لەسەر توانای دەوڵەتەکە هەبێت، بۆ پەسەندکردنی وەك کیانێکی نوێ، لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتییدا. بەڵام ڕەنگە بڕیارەکانییان ئەوەندە کاریگەر نەبن سەبارەت هەر پرسێك، یان ئەندامییەتی لە نەتەوەیەکگرتووەکان، بەوپێیەی ژمارەی دانیشتوانییان کەمە.

---

Statehood, Self-Determination, and the Issue of Taiwan," *American University International Law Review* 15, no.5 (2000):1101, available at: http://digitalcommons.wcl.american.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1282 &context=auilr.

[1] Jure Vidmar, *Democratic Statehood in International Law. The Emergence of New States in Post-Cold War Practice* (Oxford and Hurt Publishing, 2013), 39-43. And Crawford, *The Creation of States in International Law*, 52-53.

[2] Malanczuk, *Akehurst's Modern Introduction to International Law*, 77.And Crawford, *the Creation of States in International Law*, 114.

نموونەش بۆ ئەو جۆرە دەوڵەتانە: دوورگەکانی مارشاڵ، سانڕیمۆ، مۆناکۆ، ئەندۆرا، پۆلاو، کە ئەندامن لە نەتەوەیەکگرتووەکان.[1]

ڕەگەزێکی تری بەدەوڵەتبوون، بریتییە لە بوونی حکوومەتێك، کە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ ڕەگەزەکانی تر. مەبەست لەمە، بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵەکردنە بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتێکەوە بۆ حکوومەتێکی تر، لەگەڵ ئەوەی چۆن کارەکانی دەوڵەتێك لەلایەن دەسەڵاتەکانییەوە، وەکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری بەڕێوەدەبردرێن.[2] بنەما سەرەکییەکانی حکوومەتی دەوڵەتێك، بریتییە لە بوونی دەسەڵاتێکی تەواو بەسەر جوگرافیای دەوڵەتەکەی، لەگەڵ خاوەنبوونی خۆیی. بە مانایەکی تر، پێوەری سەرەکی دەوڵەتبوون، کە خاوەن کیانێکی سیاسی ناوەندییە و دەسەڵاتی تەواوی بەسەر سنووری دیارکراوی خۆیدا هەیە، بەلەخۆگرتنی دانیشتوانێکی هەمیشەیی، بریتییە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ بەستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.[3]

---

[1] Jorri C. Duursma, *Fragmentation and the International Relations of Micro-states: Self-determination and Statehood* (New York: Cambridge University Press, 1996), 135 -136.

[2] D. J. Devine and J. E. S. F, "The Requirements of Statehood Re-Examined," *The Modern Law Review* 34, no. 4 (July, 1971):410 – 417, available at: https://www.jstor.org/stable/1093861. And Crawford, *The Creation of States in International Law*, 42.

[3] Jure Vidmar, *Democratic Statehood in International Law. The Emergence of New States in Post-Cold War Practice*. And Ali Zounuzy Zadeh, "International Law and the Criteria for Statehood: The Sustainability of the Declaratory and Constitutive Theories as the Method

لەژێر رۆشنای ئەم پەرەگرافەی سەرەوەدا، ڕەگەزی حکوومەت بەسەر دوو گۆشەی سەرەکیدا دابەش دەبێت:

- پیادەکردنی ڕاستەقینەی دەسەڵات.

- بەدەستهێنانی مافی پیادەکردنی دەسەڵات.

بەڕێوەبردنێکی تەندرووست یان پیادەکردنێکی ڕاستەقینەی دەسەڵات، بریتییە لە توانا گشتییەکەی بۆ پاراستنی ئاشتی ناوخۆیی ئەو هەرێمەی دەسەڵاتی بەسەریەوە هەیە، یاخود نیشاندانی ئاماژەی هێز و تواناکان بۆ کۆنترۆڵکردنی. زیاتر لەمەش، بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمێك بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، دەسەڵاتی ڕاستەقینە و شەرعی بریتییە لە مافێکی هەڵبژێردراوی خاوەن سەروەری و یاسایی. دەسەڵاتێکی شیاوە کە هەرێمێك، بە ڕێگەیەکی دیموکراسی، یاخود جیابوونەوە لە دەوڵەتی پێشووی خاوەن سەروەری، بەدەستی بێنێت. لەوانەیە هەرێمەکە خۆبەڕێوەبەری بەدەستبێنێت، بۆیە دەکرێت بگوترێت ڕەگەزی حکوومەت، هەردوو لایەنی یاسایی و ڕاستەقینەیی هەیە.[1]

تێبینی ئەوە دەکرێت، ڕەگەزی حکوومەت ڕەنگە مەرجێکی بنەڕەتی و یەکلاکەرەوەی بەدەوڵەتبوون نەبێت، پشتگیری ئەوەش ناکرێت (ڕەگەزی حکوومەت) وەك بنەمایەکی سەرەکی بێت بۆ بەدەوڵەتبوون، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو حکوومەتەکە ناتەندرووست بوو. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩١٩، کاتێك

---

for Assessing the Creation and Continued Existence of States,"(Master Thesis, Tilburg University, 2011), 23.

[1] Crawford, *The Creation of States in International Law*, 44, 45, 48, 77 & 83. And Shen, "Sovereignty, Statehood, Self-Determination, and the Issue of Taiwan".

هەریەك لە پۆلەنـــدا و بۆرۆنـــدی و روانـــدا بـــوون بە ئەنـــدامی نەتەوەیەکگرتووەکان، هیچ حکوومەتێکی ڕێکخراوییان نەبوو. ئەمەش وایکـرد هاوسەنگییەك دروست ببێـت، لەڕێـگەی دانپێـدانانێکی نێـودەوڵەتییەوە بـۆ تەواوکـــردنی ئەو نـــاتەواویەی حکـــوومەت. لەئەنجامـــدا، ئەنـــدامەتییان لەنەتەوەیەکگرتووەکان دروست بوو.[1]

ڕەگەزی کۆتایی بەدەوڵەتبوون، بریتییە لە توانای هەرێمەکە بۆ چوونە ناو پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکـان. ئەمەش دەبێـتە هـۆی ئەوەی، حکـوومەتێکی کـاریگەری خـاوەن سـەربەخۆ و سـەروەری ئاقاییێـت کە دەسـەڵاتی بەسـەر تەواوی هەرێمەکەدا دەبێت. هەرچەندە ئەم ڕەگەزەش بە تەنیا گرنگ نیـیە، چونکە دەوڵەتان بە تەنیـا خـاوەنی ئەم ڕەگەزە نیـین، بەڵکـوو دەسـەڵاتەکانی نەتەوەی سەربەخۆ و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکـان و تەنـانەت شۆڕشـەکانیش، دەبـنە هـۆی ئەوەی هەرێـمەکە توانـای درووسـتکردنی پەیوەنـدی لەگەڵ دەوڵەتانی تر هەبێت.[2]

بە واتایەکی تر، ئەم توانایە سنووردار نییە بـۆ وڵاتـانی خـاوەن سـەروەری، بەڵکـوو لەبـارەی پرسـەکانی تـر بەپێـی یاسـای نێـودەوڵەتی، ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەکان، هەرێمە ناسەربەخۆیەکان و پێکهاتەکـانی تـریش، دەتـوانن پەیوەندییە یاساییەکان درووست بکەن. بۆیە بەشێوەیەکی سەرەکی دەوڵەتـێکی خـاوەن سـەروەری، دەبێـت توانـای ئەوەی هەبێـت، پەیوەنـدی نێـودەوڵەتی

---

[1] Brownlie, *Principle of Public International Law*, 71.And Shaw, *International law*, 200.

[2] Vidmar, *Democratic Statehood in International Law, The Emergence of New States in Post-Cold War Practice*, 39- 43,. And Crawford, *The Creation of States in International Law*, 61.

لەگەڵ وڵاتانی تر بەشێوەیەکی تەندرووست دابمەزرێنێت، بەتایبەتی ئەو قەوارانەی کە هێشتا نەبوون بەدەوڵەت و خاوەن سەروەری خۆیان نین. کاتێك بەدەوڵەتبوون هاتە ئاراوە، پەیوەندییەکان دروست دەبن و هەرێمە ناسەربەخۆیەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش، ڕۆڵێکی گرنگییان دەبێت لەم پەیوەندییانەدا.[1]

بەگشتی، توانای بەستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی تر بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، پێوەرێکی سەرەکییە بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانان لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە. بەڵام یەکەمجار دەبێت دەوڵەت دانپێدانانی بەدەستهێنابێت، تاکو بتوانێت بچێتە ناو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، لەسەر دەوڵەتانیش ئەرك نییە پەیوەندییەکان پەسەند بکەن، بەڵکوو دەتوانن ڕەتی بکەنەوە. بۆیە دەسەڵاتی چوونە ناو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەڵگەیەکی سەرەکی سەربەخۆیی دەوڵەتە، ئەمەش ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ بەدەوڵەتبوون.[2]

[1] Shaw, *International law*, 202. And D.J. Harris, *Cases and Materials on International Law* (Sweet & Maxwell: London, 2004), 99.

[2] RaiČ, *Statehood and the Law of Self-Determination*, 72. And Crawford, *The Creation of States in International Law*, 61.

## ٤.٤ دانپێدانانی دەوڵەتان

ئەگەر دەوڵەتبوون ڕێگایەك بێت بۆ کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی، ئەوا دانپێدانان بە کەسایەتییەکە، بریتییە لە دەروازەیەك بۆ بەدەوڵەتبوون. دانپێدانانێکی نائاشکرا ڕێگە بە قەوارەیەکی سیاسی دەدات، بۆ وەرگرتنی تەواوی ماف و ئەرکەکانی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، لە هەمانکاتیشدا دەوەستێتەوە سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، کە تاچەند مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکات.[١]

بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی "دانپێدانان" بە هەر قەوارەیەك، بەلایەنی کەمەوە دەکرێت دوو ڕێگە هەبن. یەکەمیان: دانپێدانان بە ڕێگەی ئاشکرا لەسەر پرسێکی یاسایی قەوارەیەکی دیارکراو. بۆ نموونە، دانپێدانانی دەوڵەتی بەریتانیا بە سەربەخۆیی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٥٠، وەکو حکوومەتێکی یاسایی (de jure).[٢]

دووەمیان، دەکرێت دانپێدانان لەلایەن دەوڵەتێکەوە ئەنجامبدرێت، بەهۆی بوونی پەیوەندی لەگەڵ قەوارەکە. بۆ نموونە لەڕێگەی بوونی ڕێککەوتنێك لەنێوانییان، یان لەڕێگەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانییانەوە،

---

[1] Gérard Kreijen, *State Failure, Sovereignty And Effectiveness: Legal Lessons from the Decolonization of Sub-Saharan Africa* (Martinus Nijhoff Publishers, 2004), 13.

[2]"USELEGAL.com," De Jure Law and Legal Definition, available at: https://definitions.uslegal.com/d/dejure/.

مەبەست لە "De Jure" بریتیە لە زاراوەیێکی یاسایی لاتینی کە باس لە بارودۆخێك دەکات کە شەرعیە وەکو پرسیکی یاسایی بەپێی یاسا. ئەمەش بوو بە زاراوەیێك بەمانای پابەنبوونی تەواو بە یاسا.

یـانیش لە ڕێـگەی بڕیـارێکی دادگـای دادی نێـودەوڵەتییەوە. ئەمەش پێـی دەگوترێت دانپێـدانانی نهێنـی. هەرچەنـدە دانپێـدانان بە قەوارەیەکی سـیاسی وەکو دەوڵەت، پشت بەو هەلومەرجە دەبەستێت، کە قەوارەکەی تێدایە.[١]

دانپێــدانان چەنــدین تایبەتمەنــدی خــۆی هەیە، لەوانە، دانپێــدانانی کەسـایەتییەکی نێـودەوڵەتی بە قەوارەیەکی سـیاسی بەڕێـگەیەکی یاسـایی، کە کۆکبێـت لەگەڵ یاسـاکانی نێـودەوڵەتی. تایبەتمەنـدییەکی تـری دانپێـدانان، بریتییە لە ڕێگەیەك، کە بەهۆیەوە دەزگاکـانی نـاو دەوڵەتە نـوێیەکە، لەسـەر ئاسـتی نێـودەوڵەتی، شــەرعیەت وەربگرێــت. کاتێــك قەوارەیەك لەلایەن دەوڵەتـانی تـرەوە دانـی پێـدا دەنرێـت، وا دادەنرێـت کە ئاکـامێکی یاسـایی درووستی دەبێت. بۆیە لە پرۆسەی دانپێداناندا، بەشداریکردن لە پرۆسـەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییە دیپلۆمـاسی و دوولایەنییەکـان، دەکرێت لەبەرچاو بگیرێت.[٢]

---

[1] Zounuzy Zadeh, "International Law and the Criteria for Statehood: The Sustainability of the Declaratory and Constitutive Theories as the Method for Assessing the Creation and Continued Existence of States". And Referring to Nathalie Horbach, Rene Lefeber and Olivier Ribbelink, *Handbook International Recht* (Den Haag: Asser Press, 2007), 177.

[2] Shaw, *International law*, 445. And Thomas D. Grant, *The Recognition of States: Law and Practice in Debate and Evolution* (Greenwood Publishing Group,199),1.And Nurullah Yamali, "What is meant by state recognition in international law," *General Directorate of International Laws and Foreign Affairs*, Turkey (2009), available at:
https://scholar.google.com/scholar?hl=en&as_sdt=0%2C5&q=What+is+meant+by+state+recognition+in+international+law&btnG.

لێـرەدا پرسـیارێك دێـتە ئـاراوە، ئایـا قەوارەیەکی سـیاسی، ئەگەر لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە دانی پێدا نەنرێت، دەکرێت ببێتە دەوڵەت؟. بـۆ وەڵامـی ئەم پرسـیارە دوو بیـردۆز هەن، یەکێکیـان بیـردۆزی دامەزرانـدنە، ئەویتریشـیان بیردۆزی ڕاگەیاندنە. بەپێی بیـردۆزی دامەزرانـدن، قەوارەکە بەرلەوەی ببێـتە دەوڵەت، دەبێت دانی پێدابنرێت. ئەمەش پێویستی بە ڕەزامەندی دەوڵەتـانی تـرە. بەگـوێرەی ئەم بیـردۆزە، دەشـێت دانپێـدانانی دەوڵەتـانی تـر بە قەوارە سیاسـیەکە وەکـو دەوڵەت دەبێـت هەبێـت، ئینجـا دەتوانێـت شـەرعییەتی نێـودەوڵەتی وەربگرێـت.[1] لەدوای پڕۆسـەی دانپێـدانانەکە، دەوڵەتە نـوێیەکە هەمـوو ئەو ئەرك و مافـانەی دەبێـت کە وڵاتـانی دانپێـدانراو هەیـانە، بەڵام لێرەدا ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکی تـر دەبیـنەوە. لەوانە: ئەی ئەگەر چەنـد دەوڵەتێـك دانییـان بە دەوڵەتە نـوێیەکە نـا، نەك هەموویـان، ئایـا هـیچ کەموکوڕییەك لە سەروەری و دانپێدانانەکە درووست دەبێت؟. بـۆیە ئەمەش ڕەخنەیەکە کە لەم تیۆرە گیراوە، چونکە لە حاڵەتێکی ئاوادا، پڕۆسەی

دانپێـدانانەکە بە کەموکـوڕی دادەنرێـت. ئەرك و مـافی دەوڵەتە نـوێیەکە، تەنیـا لە چوارچێـوەی ئەو دەوڵەتـانەدا بەرجەسـتە دەبێـت، کە دانیـان پێدانراوە.[2]

---

[1] Jure Vidmar, "Explaining the Legal Effects of Recognition: When Declaratory and When Constitutive," *The International and Comparative Law Quarterly* 61, no. 2 (April, 2012):361, available at: https://www.jstor.org/stable/23279896. And Shaw, *International law*, 445.

[2] Yamali, "What is meant by state recognition in international law".And Vidmar, *Democratic Statehood in International Law, The Emergence of New States in Post-Cold War Practice*, 43.

لە کاتێکدا هەموو دەوڵەتان دانیـان بە قەوارە سیاسـییە نـوێیەکە نەنـاوە، ئەی ئەگەر ئەم دەوڵەتە نوێیە دووچاری داگیرکاری هاتەوە، چـۆن دەتوانێـت سەروەرییەکەی بپارێزرێت؟، بەوپێیەی تەنیا چەند دەوڵەتێـك دانیانپێـداناوە، نەك هەموو دەوڵەتان؟، یان بەشێوەیەکی تر دەوڵەتە نوێیەکە تەنیا بەشـێکی دانپێـــدانانەکەی وەرگرتـــووە نەك هەمـــووی، ئەی چـــۆن دەتوانێـــت سەروەرییەکەی بپارێزێت ؟.[١]

بـۆیە لێکـۆڵەران پێیـانوایە، بیـردۆزی دامەزرانـدن، تەنیـا پرۆسـەیەکە بـۆ درووستکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان. بەهـۆی دانپێـدانان لەڕێـگەی ئەم بیردۆزەوە، ماف و ئەرکەکان راسـتەوخۆ نـاکەونە سەرشـانی قەوارە نـوێیەکە. هەروەهـا لایەنگـرانی ئەم بیـردۆزە، پێیـانوایە، نەبـوونی دانپێـدانان هۆکـارێکی ئەوەندە کاریگەر نیـیە لە نکـۆڵیکردنی مـافی دامەزرانـدنی دەوڵەتە نـوێیەکە، بەڵکوو تاڕادەیەك وەکـو کـارێکی یاسـایی مـامەڵە لەگەڵ دانپێـدانان دەکـات، هەروەهــا بنەمــایەکی پتەویشــە بــۆ دامەزرانــدنی دەوڵەتــێکی نــوێ، نەك بەشێوەیەکی ڕەها دانپێدانان مەرجێکی سەرەکی بێت.[٢]

هەرچی بیردۆزی راگەیاندنە کە بیـردۆزی دووەمـی دانپێـدانانە، بەتەواوی پـێچەوانەی بیــردۆزی یەکەمە. ئەم بیــردۆزە لەگەڵ ڕووداوە ڕاســتەقینەکان بەرەوپـێش دەچێـت. بەپێـی ئەم بیـردۆزە دانپێـدانان پرۆسـەیەکی سیاسـییە،

[1] Crawford, *The Creation of States in International Law*, 19. And Vidmar, *Democratic Statehood in International Law, The Emergence of New States in Post-Cold War Practice*, 43.

[2] Shaw, *International law*, 298. And Kreijen, *State Failure, Sovereignty And Effectiveness: Legal Lessons from the Decolonization of Sub-Saharan Africa*, 16.

لەسەر بوونی دەوڵەتێك وەکو بابەتێکی یاسای نێودەوڵەتی ناوەستێت. توێژەران پێیانوایە دەوڵەتان دژی ئەم دەوڵەتە نوێیە نین، بەوپێیەی دەوڵەتەکە لە واقیعدا هەیە. پشتگیری ئەم بیردۆزەش لە ماددەی ٣ی ڕێککەوتننامەی مۆنیتڤیدیۆی ساڵی ١٩٣٣[١] کراوە، کە دەڵێت "بوونی قەوارەیەکی سیاسی دەوڵەت، سەربەخۆیە لە دانپێدانان لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە." بۆیە هەر دانپێدانانێك، بریتییە لە دانپێدانانێکی ڕاست و سرووشتی، بەوپێیەی تایبەتە بە قەوارەیەکی واقیعی.[٢]

بەپێی ئەم بیردۆزە، قەوارەکە، بەبێ هیچ ڕێگەگرتنێکی دوژمنکارانە، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتان کێشەشیان لەگەڵی هەبێت، تەنیا بەبوونی ڕەگەزەکانی بەدەوڵەتبوون، ئەوا دەوڵەتەکە دەتوانێت درووست ببێت. شایەنی باسە ڕەگەزەکانی بەدەوڵەتبوون، بریتیین لە: هەرێمێکی دیارکراو - دانیشتوان - حکوومەت - بوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ئەمەش وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ، کەسایەتییەکی یاسایی بە قەوارەکە دەبەخشێت.[٣]

---

[1] Montevideo Convention on the Rights and Duties of States, Art.3. Article 3 staes that “The political existence of the state is independent of recognition by the other states.”

[2] Crawford, *The Creation of States in International Law*, 22.And Shaw, *International law*, 445. And Kreijen, *State Failure, Sovereignty and Effectiveness: Legal Lessons from the Decolonization of Sub-Saharan Africa*, 15 -16.

[3] Yamali, "What is meant by state recognition in international law". And Stefan Talmon, "The constitutive Versus the Declaratory Theory of Recognition: Tertium Non Datur?," *British Yearbook of International Law* 75, no. 1(2004):100, available at:

بەپێی بیردۆزی راگەیاندن، ڕەنگە دەوڵەتێك بەبێ دانپێدانان درووست ببێت. لە حاڵەتێکی وادا، بەبێ گوێدانە پێگەی دانپێدانانەکە، دەکرێت ئەم دەوڵەتە وەکو دەوڵەتێکی سەبەرخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە لە رووی واقعییەوە، هیچ کێشەیەك لەبوونیدا نییە. دەوڵەتەکە تەنیا بەبوونی وەك قەوارەیەکی سیاسی، دەتوانێت مافەکانی وەربگرێت.[1] لایەنگرانی ئەم بیردۆزە پێیانوایە، دەکرێت دەوڵەتان ئازاد بن لە داننان یان داننەنان بە دەوڵەتێکی تازەدا، بەڵام ئەمە کاریگەری ناکاتە سەر پێگەی یاسایی دەوڵەتە نوێیەکە، بەوپێیەی هەڵگری ڕەگەزەکانی دەوڵەتە، ئەمەش هیچ مشتومڕێك هەڵناگرێت.[2] بەڵام لایەنگرانی بیردۆزی دامەزراندن بەپێچەوانەی بیردۆزی راگەیاندن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە دەوڵەتێك بەبێ دانپێدانان هیچ پێگەیەکی یاسایی نییە. بۆیە شاو بڕوای وایە، ئەو دەوڵەتانەی هێشتا پێویستیان بە دانپێدانانە، لەپێناو بەئەندامبوون لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، رووبەڕووی چەند ئالنگارییەك دەبنەوە، لەوانە، ناتوانێت پەیوەندی لەگەڵ

---

https://sci-hub.tw/https://doi.org/10.1093/bybil/75.1.101.

[1] Vidmar, *Democratic Statehood in International Law, The Emergence of New States in Post-Cold War Practice*, 43, n 230. And, Shaw, *International law*, 445.

[2] David Wippman, Jeffrey L. Dunoff, and Steven Ratner, *International Law: Norms, Actors, Process: a Problem-oriented Approach* (Wolters Kluwer, 2015), 138.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی درووست بکات، چونکە ئەم جۆرە دەوڵەتانە دیفاکتۆن، نەك یاسایی.[1]

بەگشتی ئەو دەوڵەتانەی دانیان پێدانەنراوە، ناتوانن پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتانی تر درووست بکەن، مەگەر دەوڵەتان خۆیان بیانەوێت پەیوەندییان لەگەڵ ببەستن.[2] ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی بیردۆزی ڕاگەیاندن، هەر دەوڵەتێك درووست ببێت بەبێ بوونی دانپێدانان، بەلایەنی کەمەوە ئەرك و مافیشی بۆ درووست دەبێت، هەربۆیە یاساناسان بیردۆزی دامەزراندن پەسەند دەکەن، نەك بیردۆزی ڕاگەیاندن.[3]

---

[1] Shaw, *International law*, 445. And Duursma, Fragmentation and the International *Relations of Micro-states: Self-determination and Statehood*, 135 -136.

[2] Wippman, Dunoff, and Ratner, *International Law: Norms, Actors, Process: a Problem-oriented Approach.*

[3] Brownlie, *Principle of Public International Law*, 90. And Kreijen, *State Failure, Sovereignty And Effectiveness: Legal Lessons from the Decolonization of Sub-Saharan Africa*, 13.

## ٥.٤ جیابوونەوە، لە ڕوانگەی یاسایی نێودەوڵەتییەوە

بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، هەر هەوڵێکی تاکلایەنانە بۆ جیابوونەوە، هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە. بۆچوونەکان لەبارەی جیابوونەوە جیاوازن، تەنیا لە حاڵەتی بوونی داگیرکاری، یان چەوساندنەوە لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاری، دانی پێدادەنێن. ئەمە لە کاتێکدایە، لە دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی داگیرکاری، داوای جیابوونەوە لەلایەن گەلانی ناداگیرکراو بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە، بەوپێیەی لەلایەن سیستەمی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین، نکۆڵی لە مافە سیاسی و شارستانیەکانییان کراوە، سەرەڕای ئینکاریکردن دەرهەق بەو پێشێلکاریانەی لە بەرامبەرییان کراون.[1]

ئەم داوایە، بە "مافی چارەسەر بۆ جیابوونەوە ( remedial right to secession)" ناونرا. بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، ئەمەی سەرەوە، وەك چارەسەر، بۆ ئەو گەلانە دانراوە کە لە بارودۆخێکی نالەبار و ناسەقامگیری ژیان دەگوزەرێنن. بۆیە لەپێناو ڕێگرتن لە پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ، ئەمە بەدوا چارەسەر دادەنرێت. ئەمەش لە حاڵەتێکدایە، کاتێك گرووپێك یان کۆمەڵەیەکی کلتووری و رۆشنبیری، داوای مافێکی ڕەوشتی خۆی دەکات، داوا دەکرێت ئەمە ببێت بە مافێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بە کۆمەڵ. دەما ئەم مافە بەدەستهات، ئەوە دەچێتە ژێر باری پاراستنی کلتووری،

[1] Allen Buchanan, *Justice, Legitimacy, and Self-Determination: Moral Foundations for International Law* (Oxford University Press, 2004), 338.

نەتەوەکانیش لەڕووی زمان و ئایینەوە، یەکێکن لەو کۆمەڵە کلتووریانە، کە بێبەش دەکرێن لەم مافەی چارەی خۆنووسینە.[1]

مافی سەرەکی بۆ جیابوونەوە، دەکرێت ڕەتبکرێتەوە، بەوپێیەی دەبێتە هۆی پێشێلکردنی بنەمای یەکگرتووی خاك. ئەمە لەڕەوشێکدا، کاتێك مافەکانی گەلان لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ پێشێلکران، ئەوا ئەو کاتە، گەلان دەتوانن بەشێوەیەکی شەرعی جیاببنەوە. بۆ نموونە، بەهۆی ئەو پێشێلکاریانەی کە سربەکان دەرهەقی ئەلبانەکان ئەنجامیاندا، دەوڵەتی کۆسۆڤۆ درووستبوو، یانیش ئەو پێشێلکاریانەی حکوومەتی ئەسیوپیا لەبەرامبەر ئەریتریا ئەنجامیدان. بۆیە لە یاسای نێودەوڵەتیدا ڕێگا بەم جۆرە جیابوونەوانە دەدرێت، وەك بنەمایەکی چارەسەر، بۆ ئەو گەلانەی هێشتا داگیر نەکراون، بەڵام لەلایەن حکوومەتەکانییانەوە دەچەوسێنرێنەوە.[2]

بەپێی "مافی چارەسەر بۆ جیابوونەوە"، ئەگەر هەر کۆمەڵەیەك یان هەر نەتەوەیەك، بووە قوربانی پێشێلکردنی مافە بنەڕەتی و شارستانییەکان، ئەوا یاسای نێودەوڵەتی، دان بە مافی جیابوونەوەی ئەو کۆمەڵەیە، یان ئەو

[1] Lee C. Buchheit, Secession, *The Legitimacy of Self-Determination*, 73(Yale Univ Pr, 1978).And Aleen Buchanan, "What Is So Special About Nations?," *Canadian Journal of Philosophy* 26, no.1(1997):283 -309, available at:
https://sci-hub.tw/https://doi.org/10.1080/00455091.1997.10716819.

[2] Buchanan, *Justice, Legitimacy, and Self-Determination: Moral Foundations for International Law*, 357. And Michel Seymour, "Secession as a Remedial Right," Inquiry: *An Interdisciplinary Journal of Philosophy* 50, no.1 (2007): 395, available at:
https://sci-hub.tw/https://doi.org/10.1080/00201740701491191.

نەتەوەیە دەنێت. بۆیە ئەم مافی جیابوونەوەیە، ئەو کاتە دێتە ئاراوە، کە کۆمەڵەکە یان نەتەوەکە، تامی نادادپەروەری لەلایەن حکوومەتەکەیەوە چەشتبێت.[1] لە هەمانکاتدا، دەکرێت مافی جیابوونەوە لە چەند حاڵەتێکی تریشدا داوا بکرێت:

یەکەم: ئەگەر هاتوو دەوڵەتەکە، خۆی ڕێگە بە کۆمەڵەکە یان نەتەوەکە بدات جیابێتەوە. نموونەی ئەمەش وەکو جیابوونەوەی نەرویجە لە سوید، لەساڵی ١٩٠٥.

دووەم: ئەگەر ماددەیەکی دەستووری دەوڵەتەکە، ڕێگە بەجیابوونەوە بدات. بۆ نموونە، دەستووری ئەسیوپیا لە ساڵی ١٩٩٣ بەپێی ماددەی ٣٩، ڕێگەی بەجیابوونەوەی داوە، کە ماددەکە دەڵێت "هەر نەتەوە و ڕەگەز و میللەتێك لە ئەسیوپیا، بەبێ هیچ شەرت و مەرجێك مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، تەنانەت بە مافی جیابوونەشەوە."

سێیەم: ئەگەر بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ، ڕێککەوتنێك لەنێوان دەوڵەتەکە و ئەو قەوارە سیاسییەی داوای جیابوونەوەی کردووە هەبێت، جا چ بەشێوەیەکی نهێنی بێت، یاخود بە ئاشکرا.

بەبوونی یەکێك لەم سێ حاڵەتانە، قەوارە سیاسییەکە یان کۆمەڵەکە یاخود نەتەوەکە، دەتوانێت داوای جیابوونەوە بکات.[2]

شایانی باسە، یەکێك لە هۆکارەکانی دەرچوونی بڕیاری ٢٦٢٥ی ساڵی١٩٧٠ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، پەیوەست بە

---

[1] Allen Buchanan," Theories of Secession," *Philosophy & Public Affairs* 26, no.1 (1997):31, available at: https://www.jstor.org/stable/2961910.

[2] Ibid.

پەیوەندی هاوڕێیانەی نێوان گەلان بۆ مافی چارەی خۆنووسین و یەکگرتنی خاك، بریتی بوو لە نکۆڵیکردنی مافەکانی گەلان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی تێیدا دەژین و پەنا بۆ جیابوونەوە دەبەن.

ئەم بڕیارەش ڕەنگدانەوەی لەسەر بەیاننامەی ڤییەنا لە کۆنفرانسی جیهانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤەوە هەبوو، کە بەکۆی دەنگی هەموو ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان پەسەند کرا. لەلایەکی ترەوە، ئۆرگانەکانی تری نەتەوەیەکگرتووەکان، پشت بە مافی جیابوونەوە دەبەستن. بۆ نموونە، لەدژی جیاوازیکردن و پاراستنی کەمایەتییەکان لە بیست و یەکەمین ڕاسپاردەی گشتی ساڵی ١٩٩٦، جەخت لەسەر مافی جیابوونەوە، لە ڕاپۆرتی لێژنەی لاوەکی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوەتەوە.[١]

پێشکەوتنە نوێیەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا، کارێکی وایکردووە، مافی جیابوونەوە وەك چارەسەر ببێتە چەمك. بۆ نموونە، لە سەردەمی یۆگسلاڤیای پێشوو، کۆمارەکانی سلۆڤینیا، کرواتیا، بۆسنیا و هرسك(هرزگۆڤینیا)، مەقدۆنیا، مافی سەربەخۆییان بەدەستهێنا، چونکە لە پیادەکردنی مافی

[1] United Nations, Vienna Declaration and Program of Action, the World Conference on Human Rights, 1993 A/CONF.157/23, available at: http://www.un-documents.net/ac157-23.htm. UN Doc. E/CN 4/Sub 2/1993/34'(1993), available at:

https://www.refworld.org/pdfid/3b00f4344.pdf. And UN Doc. A/51/18, February 1996, Report of the Committee on the Elimination of Racial Discrimination, 48th session, available at:

http://hrlibrary.umn.edu/gencomm/genrexx.htm.

خۆبەڕێوەبردنییـان بێبەشـکرابوون، هەروەهـا لەلایەن حکـوومەتی ناوەنـدی بەڵگرادەوە، دووچاری پاکتاوی نەتەوەیی ببوونەوە.[1]

ئەوەی لێرەدا گرنگە بگوترێت و جێگای پرسیاریشە، ئەوەیە، لە بـارودۆخە دیاریکراوەکاندا، چـۆن هەرێمـێکی کێشـەداری نایاسـایی، دەبێـتە دەوڵەتـێکی یاسایی؟. بەمانایەکی تر، چۆن بڕیاری جیابوونەوەیەکی یەکلایەنانە بە نایاسـایی دادەنرێت، ئەگەر هیچ بنەمایەکی لە یاسای نێودەوڵەتییدا نەبێت؟.

پەیوەست بەم پرسیارە، دادگای باڵای کەنەدا، ئاماژە بەوە دەکات "مافێـك بۆ سەربەخۆیی لە دەوڵەتێکدا، وە جیـابوونەوەیەکی ڕاسـتەقینە کە ئاکـامێکی یاسـایی لێـدەکەوێتەوە، دوو پـرسی یاسـایی لەیەکـتر جیـاوازن. دادگـا پێیـوایە سرووشــتی جیــابوونەوەی یەکــلایەنە بەشــێوەیەکی کۆتــایی پێشــێلکاریە، شەرعیەتدان پێی کارێکی نەخوازراوە و نابێت. بەڵام دەکرێـت بۆشـایی نێـوان پێشێلکردن و یاساییبوون، پردێك بێت، بۆ چەمکی شەرعیەتدان. ئەگەر بەپێـی ماددەکانی دەستووری کەنەدا جیـابوونەوەی کیوبیـك ڕاگەیانـدرابا، ئەوا وەهـا دادەنرێت، کە بنەماکانی دیموکراسی، فیدڕاڵی و بنەمای یاسـا و سـەرەکییەکانی کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی، ڕێـز لە مافەکـانی مـرۆڤ و چارەسـەری ئاشـتییانەی کێشــەکان دەگـرن. بەڵام ئەگەر لەلایەن کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتییەوە، بەبــێ رەچـاوکردنی دەســتووری وڵات، دانپێنــانی بەدەســتهێنابا، ئەوا پڕۆســەکە بە نایاسایی دادەنرا و بەدەستهێنانی سنووردار دەبوو".[2]

[1] Scharf, "Earned Sovereignty: Juridical Underpinnings,".

[2] Reference re Secession of Quebec, [1998] 2 S.C.R. para 143 and 144, available at:

https://scc-csc.lexum.com/scc-csc/scc-csc/en/item/1643/index.do.

بۆیە جیابوونەوە کاریگەری دەبێت، کاتێك شەرعیەت وەردەگرێت. لەڕاستیدا، شەرعیەتدان لە یاسادا، چەمکێکی نامۆ نییە، بەڵکوو بنەمایەکی یاساییە بۆ قەوارەیەك یان کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، جا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت، یان لەسەر ئاستی نیشتمانی بێت.[1] لەگەڵ ئەوەشدا، دانپێدانان بە مافی جیابوونەوە، لەڕێگەی بەدەستهێنانی شەرعیەتەوە دەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرێت، بە دوو ڕێگە پێناسە بۆ شەرعیەتدان بکرێت:

یەکەمیان: لەڕێگەی شیاوبوونی ناوخۆیی قەوارەیەکە، بۆ داواکردنی جیابوونەوە.

دووەمیان: هۆکاری جیابوونەوەکە.

ڕێگەی یەکەمیان واتە بوونی پێوەرە کاریگەرەکان لەناو قەوارەی سیاسیەکە، وەکو یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی، دانیشتوانی هەرێمێکی دیارکراو، توانستی ئابووری بۆ ئەو دەوڵەتەی دادەمەزرێت.

هەرچی ڕێگای دووەمە، ئەگەر جیابوونەوە هۆکاری ئاشتی و ئاسایشی-نێودەوڵەتی جیهانی بێت، ئەوا قەوارەکە دەبێت پابەندبێت بە بنەما سەرەکییە نێودەوڵەتییەکان، وەکو مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە کەمایەتییەکان.[2] بۆیە بنەمای شەرعیەتدان لە چوارچێوەی سیستەمێکی نێودەوڵەتی یاساییدا، مەرجێکی لەپێشینەیە بۆ بەیاساییکردن و شەرعیەتدان بە جیابوونەوە.

[1] Enrico Milano, *Unlawful Territorial Situations in International Law: Reconciling Effectiveness, Legality and Legitimacy* (Martinus Nijhoff Publishers, 2006), 194.

[2] Buchheit, *Secession, The Legitimacy of Self-Determination*, 228- 238.

## ٦.٤ ڕێبازی سەروەری بەدەستهاتوو، وەکو جێگرەوەیەك بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسین (Remedial Earned Sovereignty)

بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، بۆ پێناسەکردنی سەروەری، دەتوانرێت دەسەڵاتی دەوڵەت بەکاربهێنرێت. هەرچەندە لەڕووی زاراوەییەوە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە، چەمکی سەروەری، بریتییە لە دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت. لەم رۆژگارەدا، سەروەری سەرەڕای ئەوەی بەرەوپێشەوەچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینییووە، کەچی لە ئاستێکدایە، کە دەبێت یان ملکەچی بن، یانیش رەت بکرێتەوە. سەرەڕای پێوەرە یاساییەکانی دەسەڵات، ڕێبازی تری پێشکەوتوو هەن، بۆ درووستکردنی سەروەری و پاراستنی. بوونی هێز و مەترسی کێشەکان لەسەر سەروەری، پەیوەندیەکانییان بۆ فراوانکردنی ئاستەکانی تیرۆر، نەبوونی پێوەر و بنەمای شەرعی کە شایانی جێبەجێکردن بێت، پێویستی بە ڕێبازێکی ترە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە کێشانە. ئەم ڕێبازەش پێی دەوترێت ڕێبازی سەروەری بەدەستهاتوو (Remedial Earned Sovereignty).[1]

ئەم ڕێبازە بەسەر ئەو گەلانەدا جێبەجێ دەکرێت، کە بەدوای مافی چارەی خۆنووسینەوەن و بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەسەلمێنن، کە ئەوان خاوەنی سەروەری خۆیانن و شایەنی بەدەوڵەتبوونن. بەپێی ئەم ڕێبازە،

---

[1] Paul R. Williams and Francesca Jannotti Peccit, "Earned Sovereignty: Bridging the Gap Between Sovereignty and Self-Determination," *Stanford Journal of International Law* 40, no.1 (2004):1-40, available at: https://pdfs.semanticscholar.org/71da/bjafc1780762033d9b75260329c6a54858116.pdf. And Scharf, "Earned Sovereignty: Juridical Underpinnings," n 207.

لەسەر دانیشتوانی هەرێمێکی دیاریکراو پێویستە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بسەلمێنێت، کە ئەوان بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە و لەناو سیستەمی ئەو دەوڵەتەی تێیدا دەژین، دەتوانن خۆیان بەڕێوەببەن. بەهۆی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیان، دەتوانن دامەزراوەکانییان بەرەوپێشەوە بەرن. پێویستە خەڵکەکە ناتەندرووستی حکوومەتی ناوەندی بخەنەڕوو، ڕوونی بکەنەوە کە هۆکارێکە بۆ توندوتیژی و ناسەقامگیری. بۆیە بە مەبەستی سەقامگیری ئاشتی و ئاسایش، داوای مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان دەکەن.[1]

بەپێی ئەم ڕێبازە، بۆئەوەی خەڵك یان گەلان ببنە خاوەن دەوڵەتێکی بە سەروەری، دەبێت یەکەمجار لەڕێگەی ئامرازێکی شەرعییەوە خەباتییان لەو پێناوەدا کردبێت، بە بەرپرسیارانە بەشدارییان لەو دەوڵەتەدا کردبێت، بەشێوەیەك بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بسەلمێنن، کە ئەوان شایەنی سەروەری خۆیانن. ئەمە لەکاتێکدایە، ئەگەر گەلێك لە ڕێگەی ناشەرعی و توندوتیژییەوە، مافی چارەی خۆنووسینی بەدەستهێنابێت، ئەوا لەگەڵ ئەم ڕێبازە یەك ناگرێتەوە. بۆ نموونە، دەوڵەتی چیچان، لەلایەن رووسیاوە و باکووری قوبرس لەلایەن کۆماری تورکیاوە و کۆماری سربسکا(سڕبیا) لەلایەن بۆسنە و هەرسکەوە ناکەونە نێو چوارچێوەی "ڕێبازی سەروەری بەدەستهێنراو".[2]

[1] Paul R. Williams and James R Hooper, "Earned Sovereignty: The Political Dimension," *Denver Journal of International Law and Policy* 31, no. 3(2003):355, available at:
https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=2032903.
[2] Ibid.

بەهۆی ڕێبازی سەروەری بەدەستهاتوو، مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی و ناوەکی، دەکرێت لە هەناوی خۆیدا هەڵگری مشتومڕێکی زۆر بێت. بۆ نموونە قەوارەیەکی سیاسی، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەوانەیە توانای بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی و بەرگریکردن لە سەروەری خۆی نەبێت، بەڵام بۆ بەڕێوەبردنی خۆی چەند مافێکی شەرعیی هەیە، وەك دەرکردنی یاساکان، سەپاندنی باج، بەستنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها هەبوونی نوێنەرایەتی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.[1]

ڕێبازی سەروەری بەدەستهاتوو ، یەکەم پێشکەوتن بوو لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی، کە لەڕووی کردەییەوە کاری پێکرا، وەك بڕیاری ١٢٤٤ ی ساڵی ١٩٩٩ی ئەنجوومەنی ئاسایشی_ نەتەوەیەکگرتووەکان، کە بەسەر بارودۆخی کۆسۆڤۆدا جێبەجێکرا.[2] ئەم ڕێبازە، بریتییە لە گواستنەوەی هێز و دەسەڵاتی سەروەری، لەژێر چاودێری نێودەوڵەتی، لە دەوڵەتەکەوە بۆ ئەو قەوارە سیاسییەی لقێکە لە خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ڕێبازە سێ ناوەندی سەرەکی لە خۆدەگرێت: سەروەرییەکی هاوبەش، چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی،

[1] Paul R. Williams and Karen Heymann, "Earned Sovereignty: An Emerging Conflict Resolution Approach," *ILSA Journal of International and Comparative Law* 10 (2004):437, available at: https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=2032869.

[2] United Nation Mission In Kosovo, UNITED NATIONS RESOLUTION 1244, 10 June 1999, available at: https://unmik.unmissions.org/united-nations-resolution-1244.

جەختکردنەوە لە پێگەی کۆتایی. جگەلەمەش، چەندین پێگەی خۆویستیش هەن، وەکو سەروەری قۆناغدار، سەروەری مەرجدار، سەروەری بەزۆر.[1]

ڕێبازی سەروەری بەدەستهێنراو، بریتییە لە پرۆژەی چارەسەری ململانێیەکان، کە دەرفەت بە لایەنەکان دەدات بۆ دەستنیشانکردنی چەند پێوەرێکی دیارکراو، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، کە دەبێت قەوارە سیاسییەکە بەدەستی بێنێت بۆ دیاریکردنی دوا پێگەی خۆی. لەلایەکی تریشەوە، بەهۆی ناهاوتایی چەمك و بنەما نێودەوڵەتیی و یاساییەکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سەروەری، ئەم ڕێبازە بە گرنگ و پێویست دادەنرێت. ئەم ڕێبازە تەنیا تایبەت نییە بە پێگەی مافی چارەی خۆنووسین، بەڵکوو مافەکانی مرۆڤ، مافی کەمایەتییەکان، هەروەها دامەزراندنی دەزگا دیموکراسییە یاساییەکان مسۆگەر دەکات.[2]

بۆ یەکەمجار ئەم ڕێبازە سەردەمییە لە یاسای نێودەوڵەتیدا، بەمەبەستی چارەسەرکردنی هەڵەیەکی جەوهەری و لەڕێگەی سەروەری و مافی چارەی خۆنووسینەوە دەرچووە. ئەمەش بەسەر قەوارەیەکی جیابووەوە لە دەوڵەت جێبەجێ دەکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆییش دانیپێدا نانرێت، بەڵکوو دەبێت سەروەری بەدەستبێنێت.[3]

---

[1] Paul R. Williams, James R Hooper and Michael Scharff, "Resolving Sovereignty-Based Conflicts: The Emerging Approach of Earned Sovereignty," *Denver Journal of International Law and Policy* 31, no. 3 (2003): 349, available at:
https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=2032906.

[2] Williams and Heymann,"Earned Sovereignty: An Emerging Conflict Resolution Approach,".

[3] Ibid.

بۆیە لەحاڵەتێکی وادا، ئەرکی سەرەکی ئەم ڕێبازە، دامەزراندنی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانەیە لەنێوان دەوڵەت و ئەو قەوارە سیاسییەی، کە لەڕێگەی ڕێککەوتنێکی دوولایەنەی تایبەت بە دەسەڵاتە هاوبەشەکان و بەهێزکردنی دیموکراسی و دامەزراوەکان، لەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە، هاتۆتەئاراوە.
بۆ ئەم مەبەستەش، ئەم ڕێبازە بە سێ ڕێگەی هەڵبژاردەوە، جەخت لەسەر پڕۆژەی ئاشتی دەکاتەوە:

ڕێگەی یەکەم:

سەرپەرشتیکردنی نێودەوڵەتی بۆ ئەو قەوارە سیاسییەی، پێش بەدەستهێنان و دوای بەدەستهێنانی سەروەری، داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکات. لەم قۆناغەدا دەوڵەت و قەوارە سیاسییەکە، دەسەڵاتی سەروەری و کارکردن، بەسەر یەك ناوچەی دیارکراودا پیادە دەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش، لەلایەن هەردوو قەوارە سیاسییەکە و دەوڵەتەکەوە، دەکرێت دەزگایەکی نێودەوڵەتی دروست بکرێت، یان ئەو دەزگایە بەرپرسیار بکرێت لە چاودێریکردنی چۆنیەتی پیادەکردنی سەروەری و کاری پیشەییانەی سەروەری، بەڵام هەندێك جار خودی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، مامەڵەی سەروەری و کارکردن لەگەڵ دەوڵەتەکەدا دەکات.[1]

ڕێگەی دووەم:

سەروەری مەرجدار، یاخود سەربەخۆیی مەرجدار. مەبەست لەم ڕێگەیە ئەوەیە، لەپێناو بەدەستهێنانی سەروەری، قەوارە سیاسییەکە پێش ئەوەی ببێت بە دەوڵەت، یان پێش ئەوەی ببێتە خاوەن سەروەری، دەبێت ڕێز لە ئامانجە سەرەکییەکانی وەکو، پاراستنی مافەکانی مافی مرۆڤ، پێشخستنی

[1] Ibid.

دیموکراسی، ڕێزگرتن لە حوکمە یاساییەکان، پشتگیری سەقامگیری هەرێمی بگرێت. جگەلەمەش، ئەم ڕێگەیە، پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین بەچەند پێوەرێکی تر پابەند و مەرجداردەکات، وەك وەستان دژی تیرۆر، سەروەری یاسا، پاراستنی مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکان.[1]

ڕێگەی سێیەم:

بریتییە لە دیارکردنی پێگەی قەوارە سیاسییەکە، بۆ پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین لەڕێگەی ئەنجامدانی ڕاپرسی، یانیش لەڕێگەی ڕێککەوتنێکی ئاشتییانە لە نێوان قەوارە سیاسییەکە و دەوڵەتەکە، بەڵام دەبێت بە هەماهەنگی و چاودێری نێودەوڵەتی بێت. بەمەش دوا پێگەی قەوارە سیاسییەکە، لە خۆبەڕێوەبەرییەوە بۆ سەربەخۆیی دەگۆڕێت. نموونەش بۆ ئەمە، ئەو ڕاپرسییانەن، کە لەلایەن (مۆنتینیگرۆ لە کۆماری یۆگسلاڤیای پێشوو، باشووری سوودان، بیابانی رۆژئاواوە) ئەنجامدراون.[2]

[1] Williams and Hooper, "Earned Sovereignty: The Political Dimension,".

[2] Ibid. Williams and Peccit, "Earned Sovereignty: Bridging the Gap between Sovereignty and Self-Determination,".

## ٧.٤ هەڵسەنگاندنێك، بۆ یاساییبوونی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی

دوای ئەوەی مافی چارەی خۆنووسینمان بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی شیکردەوە، بەپێویستمان زانی هەڵسەنگاندنێکیش بۆ ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بۆ جیابوونەوە لە چوارچێوەی ئەم بنەمایانەدا بکەین، کە ئەو بنەمایانە بریتیین لە: دەوڵەتبوون - دانپێدانان- ڕێبازی سەروەری بەدەستهاتوو.

لە میانەی ئەم ساڵانەدا، ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بۆ جیابوونەوە لە عێراق، ئەو پێوەرە گونجاوانەی کە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا کۆکن، بەرجەستەکردووە. بەپشتبەستن پێیانەوە، تاڕادەیەك بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی خۆی ئاسانتر کردووە. لەمبارەیەوە رووبەڕووی چەند پرسیارێك دەبینەوە:

ئایا بەپێی ڕاپرسی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، هەرێمی کوردستان مافی جیابوونەوەی لە عێراق هەیە؟. ئەگەر وەڵام بەڵێ-یە، ئایا هەرێمی کوردستان ڕەگەزەکانی بەدەوڵەتبوونی تێدایە؟، ئایا دانانان بە هەرێمی کوردستان وەکو دەوڵەتێکی نوێ، کاریگەری دەبێت لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا؟.

سەرەتا پەیوەست بە گەلی کورد لە عێراق و ڕەگەزەکانی مافی چارەی خۆنووسین کە لە چەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتییدا پشتڕاست کراوەتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، هەست بەناڕوونییەك لەم پرسەدا دەکرێت. نەبوونی پێناسەیەکی ڕوون و گشتگیری جیهانی، یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەیتوانیووە وەڵامێکی یەکگرتووی پەیوەست بە داوای

پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین و جیابوونەوەی پێبێت. هەرچەندە زۆر لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، هەموو گەلێك مافی چارەی خۆنووسینی خۆی هەیە، لەهەمانکاتیشدا کۆدەنگییەکی ڕاستەقینە هەیە لەسەر پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین، بەڵام ئەمە تەنیا لەچوارچێوەی پڕۆسەی داگیرکاریدا بەدیدێت. ئەوەی تیبینی دەکرێت و ناڕوونی لەسەرە، ئەو گەلانەن کە لە دەرەوەی پڕۆسەی داگیرکاریدا، داوای مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان دەکەن، جگە لە هەندێك حاڵەتی تایبەت نەبێت، وەکو کەیسی- کیوبیك لە کەنەدا، کە دادگای باڵای کەنەدا بڕیاردانی لەسەر ئەم مافە، بە چەوساندنەوەی بێ سنووری گەلەوە لەلایەن حکوومەتی ناوەندیەوە بەستەوە، بڕوانە (1.4).

ئەوەی زیاتر مەبەستمە ئەوەیە، هەرێمی کوردستان ناکەوێتە نێو چوارچێوەی پڕۆسەی داگیرکارییەوە، پێشتریش مافی سەربەخۆیی لەڕێگەی ڕێککەوتننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠، بە کورد درابوو، دواتر بەهۆی هاتنی ڕێککەوتنی لۆزانەوە لە ساڵی ١٩٢٣، لەباربرا. ئەمەش بووە هۆی دابەشکردنی خاکی کوردستان بەسەر هەریەك لە تورکیا و ئێران و سووریا و عێراقدا.[1]

پەیوەست بە وشەی گەل (people)، بۆئەوەی بتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسی خۆیان بدەن، تا بەچاوی گەل سەیر بکرێن، دەبێت خاوەن تایبەتمەندییەکی جیاواز بن. پێوەری بنەڕەتی درووستبوونی کۆمەڵەیەك کە تاکەکان لەخۆبگرێت، ئەوەیە کە بەتەواوی جیاواز بن. ئەمەش دابەشی سەر پێکهاتەی بابەتی و پێکهاتەی خودی دەبن. پێکهاتەی بابەتی، بریتییە لەوەی کۆمەڵەکە هەڵگری بنەمای نەتەوەیی، زمان، ئایین، مێژوو، میراتی

[1] McDowall, *A Modern History of the Kurds*, 115 -261.

کـۆمەڵایەتی و خـاکێکی یەکگرتـووە، کە کـۆمەڵەکە داوای دەکـات. هەرچـی پێکهاتەی خودییە، بریتییە لەوەی، پێویستە کۆمەڵەکە خۆی وەك کۆمەڵەیەکی جیاواز ببینێت، تابتوانێت قەوارەیەکی سیاسی بـۆ خـۆی دابمەزرێنێـت، بـڕوانە (1.4).

لە ژێر رۆشنایی باسـکردنی سـەرەوەدا، گەلی کوردسـتانی عێـراق، خـاوەنی پێوەرەکـان و هەڵگـری بنەمـای نەتەوەیـی، ئـایینی، زمـان و مێـژوو و خـاکی خۆیانن. ئەوان هاوبەش و یەکگرتوون، بەپێـی ئەو بـڕوایەی کە نەتەوەیەکـی جیاوازن لە نەتەوەکانی تری عێـراق. ئەوان هەر لە کـاتی دامەزرانـدنی دەوڵەتی عێـــراق لە ســـاڵی ١٩٢١ەوە، لە چەنـــدین ڕێـــگەی جیـــاوازی ســـیاسی و سەربازییەوە، هەوڵـی بەدەسـتهێنانی مـافی چـارەی خۆنووسـینییان داوە. گەلی کوردستان لەڕێگەی ڕێکخراوە ناحکومی و مەدەنییەکـانەوە، ئـارەزووی خـۆی بۆ سەربەخۆیی دەربڕیووە. بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ یەکەمجار لەڕێـگەی ڕێکخـراوێکی نـاحکوومییەوە، ڕاپرسـییەك ئەنجامـدرا، کە زۆریـنەی خەڵکـی کوردستان دەنگیان بە جیابوونەوە لە عێراق دا، بڕوانە (1.3،2.3،3).[١]

لەلایەکی تریشـــەوە، زمـــانی کـــوردی زمـــانی فەرمـــی کوردەکـــانە، کە لە سەرانســـەری هەرێمـــی کوردســـتان قســـە و کـــاری پێـــدەکرێت، هەروەهـــا تایبەتمەنـدی و چەنـدین سـیمبولی نەتەوەیـی لە چەنـدین بـواری جیـاوازدا لەخۆیان نیشان دەدەن، وەك ئاڵای کوردی، سروودی نەتەوەیی، دامەزرانـدنی نوێنەرایەتی نەتەوەیی کورد. ئەم جۆرە سیمبۆلانە ئەوە پیشـان دەدەن، ئەوان لەڕووی زمـان و نەتەوە و ئـاڵاوە هاوبەشـن، ئەمەش وا لە گەلی کوردســتان

[1] Patrick W. Galbraith," Kurdistan in Federal Iraq," *in The Future of Kurdistan in Iraq*, ed. Brendan O'Leary, John McGarry and Khaled Salih (University of Pennsylvania Press, 2006), 243.

دەکات، خۆیان بەجیاواز ببینن و خەبات بۆ پاراستنی ناسنامە و بەدەستهێنانی مافی خۆبەڕێوەبەری خۆیان بکەن. بۆیە کوردەکان لە عێراق، بە گەل یان خەڵکێکی جیاواز دادەنرێن و پێکهاتەی خودییان لەسەر جێبەجێ دەبێت.[1]

زیاتر لەمەش، گەلی کوردستان لەڕووی زمان و ئایین و کۆمەڵایەتی و کلتووری وئابووریەوە هاوبەشن. گەلی کوردستان بە زمانی کوردی وەکو زمانی عورفی خۆیان بە چوار دیالێکتێکی جیاوازەوە دەئاخڤن، بەمەش زمانێکی نموونەیی کوردی لە سەرانسەری هەرێمەکەیان پێکدێنن. ئەمە جگە لەوەی زۆرینەی کوردەکان موسڵمانی سوننە مەزهەبن.[2] لە هەمانکاتیشدا لە هەرێمی کوردستان، هەموو خەڵك ئازادە لە پیادەکردنی بیروباوەڕی ئایینی خۆی. لەڕووی بنەمای کۆمەڵایەتییەوە، لە هەرێمی کوردستان هۆز بنەمای سەرەکییە. زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کوردن، بەراورد بە پێکهاتەکانی عەرەب و تورکمان و ئاشووری و ئەرمەنی.[3]

بەتێپەڕبوونی کات، سەرەڕای دابەشبوون و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، گەلی کوردستان مل بەملی نەتەوەکانی تر، خەباتییان بۆ پاراستنی کەسایەتی خۆیان کردووە، ئەوان سوور بوونە لەسەر پاراستنی دابونەریتی خۆیان و مێژوویەکی هاوبەشییان لەگەڵ هاوسێیەکانیان هەبووە. ئەوان ئێستا گەلێکی

[1] Ofra Bengio, "Autonomy in Kurdistan in Historical Perspective," in *The Future of Kurdistan in Iraq*, ed. Brendan O'Leary, John McGarry and Khaled Salih (University of Pennsylvania Press, 2006), 176.

[2] Ibid. And Dawoody, "The Kurdish Quest for Autonomy and Iraq's Statehood".

[3] Martin van Bruinessen, "Kurds, states and tribes," *in Tribes and power: nationalism and ethnicity in the Middle East*, ed. Faleh A. Jabar and Hosham Dawod (London: Saqi, 2002), 165-183.

جیاوازن لە عێراق و هەوڵدەدەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بنیات بنێن. لە تازەترین شێوازی خەباتییاندا بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان، ڕاپرسییان بۆ سەربەخۆیی لە ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ ئەنجامدا، بەڵام لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دانی پێدانەنرا، جگەلەمەش، دەرچوونی لایەنێکی نێوخۆیی هەرێمی کوردستان، لەو کۆدەنگییە نیشتمانی و نەتەوەییەی کە بۆ پرسی ئەنجامدانی ڕاپرسی بەشێوەیەکی تایبەتی لە ئارادابوو، هۆکارێکی تری سەرنەکەوتنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بوو، بڕوانە (1.3،2.3،3).

دەوڵەتبوون (statehood) چەمکێکی یاساییە بۆ شەرعیەتدان بە دەوڵەتێکی نوێ، کە خاوەنی ڕەگەزەکانی بەدەوڵەتبوونە. بۆئەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق جیاببێتەوە، پێویستە ئەو ڕەگەزانەی تایبەتن بە بەدەوڵەتبوون تێیدا بن، کە بریتیین لە هەرێمێکی دیارکراو، دانیشتوانێکی هەمیشەیی، حکوومەت، توانای بەستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، بوونی ئەم ڕەگەزانە بەسن بۆ بەدەوڵەتبوون.[1]

لێرەدا دەتوانین ئەم ڕەگەزانە لە هەرێمی کوردستان، بخەینەڕوو. سەرەتا ڕەگەزی دانیشتوان و هەرێمێك لەڕووی ژمارە و قەبارەی ڕووبەرەوە سنووردار نیین. لەم حاڵەتەدا، هەرێمی کوردستان هەردوو ڕەگەزی دانیشتوانی هەمیشەیی و هەرێمێکی دیاریکراوی تێدایە. بەشێوەیەکی هەمیشەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نزیکەی شەش ملیۆن کەس دەبن. ئەم ژمارەیەش زیاترە لەو ژمارەیەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك لەڕووی

[1] Crawford, *The Creation of States in International Law*, 118, 106 and 226.

دانیشتوانەوە پێویستە هەبێت. بۆ نموونە دەوڵەتێکی وەکو (ناورو nauru)، کاتێك لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لە ساڵی ١٩٦٨ دانیپێدا دانرا، ژمارەی دانیشتوانی لە خوار (٩٠٠٠) کەسەوە بوو، رووبەری جوگرافیاکەی تەنیا (٨) میل چوارگۆشەبوو. ئەمە لەکاتێکدایە، دەستووری هەمیشەیی عێراق بە فەرمی دانی بەهەرێمی کوردستاندا ناوە، کە رووبەری جوگرافیاکەی (٤٠,٦٤٣) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، جگە لە راستی ئەوەی، چارەنووسی بەشێکی زۆری خاك و دانیشتوانی کوردستان (کە لە عێراقدا بە ناوچەکێشەلەسەرەکان ناسراوە)، یەکلایی نەکراونەتەوە، بڕوانە (1.3،2.3،3).[1]

بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن پەرلەمان و لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا. ئەمەش دوای دامەزراندنی ناوچەی دژەفڕین لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە هات، کە ئەم بڕیارەیان بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لەدەست هێرشی ڕژێمی پێشووی بەعس، دەرکرد. هەروەها دەستووری هەمیشەیی عێراق، دانی بەم هەرێمە ناوە و دەسەڵاتێکی دەستووریشی- بەپێی ماددەی ١١٧، بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوە، بڕوانە (1.3،2.3،3).[2]

---

[1] Ibid. "Kurdistan Regional Government," The people of the Kurdistan Region, available at:
http://previous.cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=12&p=214.

[2] "Kurdistan Regional Government," Brief History of The KRG, available at:
http://previous.cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=12&s=030000&r=314&p=390&h=1.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی یاسای هەرێمیی خۆیەتی، کە بەسەر تاکەکانی خۆی و سەرچاوە سرووشتیەکانی ناو هەرێمی کوردستاندا جێبەجێی دەکات. هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە گارانتی و مسۆگەر کردنی ئاسایش و سەرقامگیری بۆ دانیشتوانەکەی و پاراستنییان لە هەڕەشە و توندوتیژی. هەرێمی کوردستان هەر لە ساڵی ١٩٩٢وە لەناو دەوڵەتی عێراقدا بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە کار دەکات.[١] حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی وڵاتانی جیهان، لەساڵی ١٩٩٢بەدواوە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج جار هەڵبژێردراوە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی زۆری لە کابینە یەك لەدواییەکەکانی، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ پەیدا و کەڵەکە کردووە.[٢]

پەیوەست بە ڕەگەزی بوونی پەیوەندی نێودەوڵەتی لەگەڵ وڵاتانی تر، دەبێت دان بە بوونی پەیوەندییە ڕاستەقینەکان بنرێت، کە هەر دەوڵەتەو

[1] "Kurdistan Regional Government," About the Kurdistan Regional Government, available at:
http://previous.cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=12&s=030000&r=314&p=224. And Philip S. Hadji, "The case for Kurdish statehood in Iraq," *Case Western Reserve Journal of International Law* 41, no. 2 (September 2015):513, available at:
http://scholarlycommons.law.case.edu/jil/vol41/iss2/1.

[2] "The Economist," Does independence beckon? , September 6, 2007, available at:
https://www.economist.com/middle-east-and-africa/2007/09/06/does-independence-beckon. And "Kurdistan Regional Government," About the Kurdistan Regional Government, n 289.

ڕێچکە و ڕێبازی تایبەت و جیاواز بەخۆی هەیە. بەشێوەیەکی بنەڕەتی، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، کاری بەدەوڵەتبوون، دەوڵەتان ناچار و پابەند ناکات بە درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تر، ئەگەر هاتوو خۆیان ڕەتی بکەنەوە، بەتایبەتی بۆ قەوارەیەکی سیاسی، کە بیەوێت ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. شایەنی باسە، لەساڵی ٢٠٠٦ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی دامەزراندنی بەشی پەیوەندییە دەرەکییەکان، توانی بچێتە نێو تۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە.[1]

بۆیە ئێستا نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەیە، لەهەمانکاتدا ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرایەتی وڵاتانی جیهان لە هەولێرن وەکو پایتەختی هەرێمی کوردستان. دەستووری هەمیشەیی عێراق ئەو مافە بە هەرێمی کوردستان دەدات، کە نوێنەراتیی لە دەرەوە هەبێت، ئەمەش لەپێناو پەرەپێدانی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئابووریەکانی حکوومەتی هەرێمە.[2] بەڵام لەڕووی کردەییەوە، حکوومەتی فیدراڵی عێراق هەنگاوی بۆ پێدانی مافەکانی هەرێم نەناوە، وەك ئەو مافانەی لە دەستووردا ئاماژەیان پێکراوە. کەچی سەرەڕای ئاستەنگەکانیش،

[1] RaiČ, Statehood and the Law of Self-Determination, 73. And "Kurdistan Regional Government," Foreign Relations, available at: http://previous.cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=12&s=030000&r=318&p=230&h=1.

[2] Kurdistan Regional Government," KRG offices abroad and Current Foreign Representations in the Kurdistan Region, available at: https://dfr.gov.krd/p/p.aspx?p=40&l=12&s=020100&r=364 and https://dfr.gov.krd/p/p.aspx?p=37&l=12&s=020100&r=363.

حکوومەتی هەرێم توانیوویەتی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان سەربەخۆییانە و بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا درووست بکات.

بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، کاتێك هەرێمی کوردستان ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدا، هیچ وڵاتێك دانی پێدانەنا، ئەمە سەرباری ئەوەی حکوومەتی هەرێم خاوەنی هەرسێ ڕەگەزی بەدەوڵەتبوونە، (دانیشتوانی هەمیشەیی - حکوومەت - هەرێمێکی دیارکراو).

هەروەها لەگەڵ بوونی ڕەگەزەکانی بەدەوڵەتبوون، لەڕووی سیاسی و یاساییەوە، پرۆسەی دانپێدانانیش ڕەگەزێکی پێویست و گرنگە. بۆ خستنەڕووی ئەم ڕەگەزەش، وەك لەمەوبەر ئاماژەمان پێداوە، دوو بیردۆزی سەرەکی هەن، ئەوانیش بریتین لە بیردۆزی دامەزراندن و بیردۆزی ڕاگەیاندن. بەپێی بیردۆزی یەکەم، بۆ درووستکردنی پەیوەندی نێودەوڵەتی، دەبێت چوارچێوەیەکی یاسایی هەبێت، یاخود هەندێك لە دەوڵەتان بڕیار لەسەر درووستبوونی دەوڵەتێك بدەن. لایەنگرانی ئەم بیردۆزە پێیانوایە، دامەزراندنی هەر دەوڵەتێك دەبێت لەڕێگەی دانپێدانانی دەوڵەتانی ترەوە بێت. بەبێ دانپێدانان، قەوارەیەکی سیاسی نابێتە دەوڵەت. جا بۆیە بەپێی ئەم بیردۆزە، دانپێدانان، مەرجێکی لەپێشینەی درووستبونی دەوڵەتە.[1]

هەرچی بیردۆزی دامەزراندنە، دانپێدانان پرۆسەیەکی سیاسی جیاوازە، کە مانای وایە دەوڵەتی دانپێدانراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ماف و ئەرکی دەبێت. بەپێی ئەم بیردۆزە و بەپێی یاسای نێودەوڵەتیش، دەوڵەتە نوێیەکە

[1] Crawford, *The Creation of States in International Law*, 20. And Hans Kelsen, "Recognition in International Law: Theoretical Observations," *The American Journal of International Law*,35, no.4(October 1941):605, available at: https://www.jstor.org/stable/2192561.

دەبێتە خاوەنی کەسایەتی نێودەوڵەتی. دەتوانێت لەبەرامبەر هەر دەوڵەتێك بوەستێتەوە، کە دژیەتی. زۆرینەی توێژەران ئەم بیردۆزەیان لا پەسەندە. ئەم بیردۆزە پێیوایە، پرۆسەکە لەدوو حاڵەت تێپەڕ ناکات، یان سیاسییە یان یاساییە. وەك پێشتر باس کراوە، ئەم بیردۆزە لەڕێگەی ڕێککەوتننامەی مۆنیتیڤدیۆوە، جەخت لەسەر ڕاستەقینەیی قەوارە سیاسییەکە دەکاتەوە. بەپێی ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدیۆ، قەوارەی سیاسی دەبێت هەڵگری ڕەگەزەکانی بەدەوڵەتبوون بێت.

بەپێی پێودانگی ئەم بیردۆزە، دەوڵەتان سەرپشك و ئازادن لەوەی، دان بە دەوڵەتێکی نوێ بنێن یان نا. بۆ نموونە، دانپێدانان یان دانپێدانەنان بە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بنەڕەتی، هیچ ئاکامێك لەسەر پێگەی هەرێم وەکو دەوڵەتێکی نوێ لە داهاتوودا بەجێ ناهێڵێت.[1] ئەمە لەکاتێکدایە ئەو ماوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپرسی سەربەخۆیی ئەنجامدا، هیچ دەوڵەتێك دانی پێدانەنا، بۆیە ڕاپرسییەکە سەرکەوتوو نەبوو. بەپێی بیردۆزی ڕاگەیاندن، نەبوونی دانپێدانانی نێودەوڵەتی کاریگەری لەسەر ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان ناکات، چونکە لەلایەك، پرۆسەی دانپێدانان پرۆسەیەکی سیاسییە و بەپێی بەرژەوەندی باڵای وڵاتانی جیهان یان کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان، ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە بەرژەوەندی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەوکات، لەپاڵ و هاوتەریبی بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی فیدراڵی عێراق و دژی هەرێمی کوردستان بوو. لەلایەکی تریشەوە، ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بڕیاری ژمارە ٦٣٧ی ساڵی ١٩٥٢ی

---

[1] Ibid.

ئەنجـوومەنی ئاسایشی- نەتەوە یەکگرتووەکـان کۆکبـوو، کە جەخـت لەسـەر پیادەکردنی رای گەل دەکاتەوە.[1]

زیـاتر لەمەش، هەرێمـی کوردسـتان هەمـوو ڕەگەزەکـانی بەدەوڵەتبـوونی تێدایە، کە لایەنگرانی ئەم بیردۆزە جەختـی لـێ دەکەنەوە، لەکـاتی بـوونی ئەم ڕەگەزانەش، دەبێتە ئەرك لەسـەر کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی، تـا دان بە ڕاپرسـی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بنێتک، بڕوانە (٤.٤).[2] بۆیە دەکرێت بڵێـین، ڕاپرسییەکە ناکۆك نەبوو لەگەڵ بڕیـاری ئەنجـوومەنی ئاسـایش، کە بنەمـایەکی سەرەکی یاسای نێودەوڵەتییە. بەڵام بەپێی بیردۆزی دامەزراندن، دەبێت پێشتر دان بە هەرێمی کوردستاندا نرابێت، ئینجـا دەتوانێـت دەوڵەت رابگەیەنێـت. بۆیە بەپێی ئەم بیردۆزە، ڕاپرسییەکەی هەرێـم چوارچێـوەیەکی شـەرعی نیـیە، بەوپێیەی پێشتر کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی لەسەر نەبووە.

دانپێدانان پڕۆسەیەکی سیاسیشە، جوگرافیای سیاسی رۆڵێکی بەرچـاوی تێـدا هەیە، هەر کاتێـك کـۆدەنگی وڵاتـانی نـاوچەکە لەسـەر دەوڵەتـێکی نـوێ هاتەئاراوە، ئەوا دەتوانرێت ئەو دەوڵەتە ئاڤا ببێت، تەنانەت ئەگەر پڕۆسـەی بەدەوڵەتبوونەکەش یاسایی نەبێت. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پڕۆسـەی داننـان بە هەرێمی کوردستان وەکو دەوڵەت، دەوەسـتێتە سـەر ڕەزامەنـدی جوگرافیـای سیاسی، بەوپێیەی بە وڵاتانی دراوسێ دەورەدراوە و ئەوانیش ژمـارەیەکی زۆری دانیشتوانی کوردیان هەیە.

[1] UN General Assembly, Resolution 637. It states that "the wishes of the people being ascertained through plebiscites or other recognized democratic means, preferably under the auspices of the United Nations."

[2] Wippman, Dunoff, and Ratner, *International Law: Norms, Actors, Process: a Problem-oriented Approach.*

پرسێکی تر کە جێگای مشتومڕە، یاساییبوونی ڕاپرسی هەرێمی کوردستانە لەژێر رۆشنایی ڕێبازی سەروەری بەدەستهاتوو، وەك چارەسەرێك بۆ جیابوونەوەی قەوارە سیاسییەکان. بەپێی ئەم ڕێبازە، یاسای نێودەوڵەتی مافی جیابوونەوە بەو گەلانە یان ئەو خەڵکانە دەدات، کە لەلایەن حکوومەتەکانییانەوە، مافەکانییان پێنادرێت و دەچەوسێنرێنەوە. بۆیە لەم حاڵەتدا، ئەم جیابوونەوەیە پەسەند دەکرێت.[1]

مەرجەکانی ئەم ڕێبازە بۆ جیابوونەوەی قەوارەیەکی سیاسی، بریتییە لەوەی، کە دەبێت پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ یان مافی ئابووری خەڵك لەلایەن حکوومەتەکانیانەوە ئەنجامدرابێت و جوداخوازەکانیش پێوەرەکانی بوون بە گەل یان (بەگەلبوون) یان هەبێت. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە جیابوونەوە یەکەم هەڵبژاردە بێت، بۆ ئەو نادادپەری و پێشێلکاریەی کە دەکرێت. ئەم ڕێبازە بەسەر هەردوو کەیسی- کۆسۆڤۆ و باشووری سوودان جێبەجێکرا، کە بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانییان و چەوساندنەوەیان لەلایەن حکوومەتەکانییانەوە، جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاندبوو. ئەمە لەکاتێکدایە ئەو دوو دەوڵەتە، پێشتر لەژێر پرۆسەی داگیرکاریدا نەبوون، وەك لە بڕیاری ١٥١٤ی ساڵی١٩٦٠ی ئەنجوومەنی ئاسایشدا هاتووە، کە تەنیا گەلانی داگیرکراو مافی سەربەخۆییان هەیە، بڕوانە (٦.٤).

[1] Seymour, "Secession as a Remedial Rightt", Reference Re Secession of Quebec, para 126. And Aleen Buchanan, "Uncoupling Secession from Nationalism and Intrastate Autonomy from Secession,"
*In Negotiating Self-Determination*, ed. Hurst Hannum and Eileen Babbitt (Lexington Books, 2006), 83.

بەپێـی ئەم ڕێبـازە بێـت، گەلی کوردسـتان خـاوەن ناسـنامەی نەتەوایەتـی خـۆیەتی و ژمـارەی دانیشـتوانی زیـاترە لە شـەش ملیـۆن کەس و هەرێمـێکی تایبەت بەخۆیان هەیە. بۆیە خەڵکی هەرێمی کوردستان خاوەن تایبەتمەندی (گەل)ن و دەتوانن فەرمانڕەوایی خۆیان بکەن. خەباتی کورد بـۆ مـافی چـارەی خۆنووسـین مێـژوویەکی دوور و درێـژی هەیە. گرنگترینییـان ڕێککەوتننـامەی یـانزدەی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ یە، وەکـو بەشـێك لە سیسـتەمی سـیاسی و دەسـتووری عێـراق، کاتێـك سـەرکردایەتی سـیاسی گەلی کـورد بە رێـبەرایەتی کاریزما مەلا مستەفای بارزانی و بە سەرپەرشتی هەریەك لە مەسعود بـارزانی و ئیدریس بارزانی لەگەڵ حکوومەتی ئەوکاتی ڕژێمـی بەعـس، دانوسـتاندنییان لەبارەی مسۆگەرکردنی هەرێمی خۆبەڕێوەبەری کوردسـتان و یەکلاکـرنەوەی چارەنووسی پارێزگـای کەرکـووك و ناوچەکـانی پەیوەسـت پێـیەوە لە ڕێـگەی ڕاپرسییەوە، ئەنجامـدا. بـۆ یەکەمجـار لەو ڕێککەوتـنەدا، حکـوومەتی بەعـس دانینـا بە زمـانی کـوردی و هەرێمـی خۆبەڕێـوەبەری لە هەر سـێ پارێزگـای هەولێـر و سـلێمانی و دهـۆك. بەڵام پارێزگـای کەرکـووك لە دەرەوەی ئەم ڕێککەوتـنە بـوو، ئەمەش هۆکارێـك بـوو بـۆ تێکچـوونی پەیوەنـدی نێـوان سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکوومەتی ڕژێمـی بەعـس، بـۆیە ڕێککەوتـنەکە حێبەجێ نەکرا، بڕوانە (1.3،2.3،3).[1]

لەئەنجامـدا، شـەڕ لەنێـوان حکـوومەتی بەعـس و هێزەکـانی پێشـمەرگە دەستیپێکردەوە. حکوومەتی بەعس دەسـتی کـرد بە بۆردومـانکردنی شـارەکانی

---

[1] Kurdistan Memory Program,"The 11 March Autonomy Agreement, available at: https://kurdistanmemoryprogramme.com/the-11-march-autonomy-agreement/.

هەرێمی کوردستان، چەکی کیمیایی بەکارهێنا، ئەمەش بووە هـۆی وێرانکـردنی نـزیکەی پێـنچ هەزار گونـد و شـوێنبزر و زینـدەبەچاڵ کردنـی، زیـاتر لە سەدهەزار مرۆڤی کورد، دواتر بەهۆی دەستێوەردانی کۆمەڵگای نێـودەوڵەتی لەڕێـگەی بڕیـاری ٦٨٨ی ئەنجـوومەنی ئاسایشـی نێـودەوڵەتی لە ٥ی نیسـانی ١٩٩١، حکـوومەتی بەعـس ناچـارکرا، لە ناوچەکـانی هەرێمـی کوردسـتان بکشێتەوە.

دوای کشـانەوەی سـوپای بەعـس، لەڕێـگەی ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنەوە، حکوومەتی هەرێمـی کوردسـتان و پەرلەمـانی هەرێمـی کوردسـتان دامەزران. پڕۆسـەی دیمـوکراسی وردە وردە گەشـەی کـرد، ئەمەش بـووە هـۆی درووسـتبوونی هەرێمـێکی خۆبەڕێـوەبەریی دیفـاکتۆ لە سـاڵی ١٩٩١، بـڕوانە (1.3،2.3،3).

ئاشکرایە، لە سـاڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکـاوە، ڕژێمی بەعس رووخێنرا. لە ساڵی ٢٠٠٥، دەستوورێکی نوێ بۆ دەوڵەتی عێـراق پەسـەند کـرا، کە تیایـدا سیسـتەمی فیـدڕاڵی لەسـەر بنەمـایەکی هـاوبەشی فەرمـانڕەوایی، لەنێـوان پێکهاتەکـانی عێـراق جێگیـر کـرا. شـایەنی باسـە، لەم دەسـتوورەدا، مافەکـانی گەلی کـورد جێگیـر کـران، بەڵام دواتـر حکـوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخـنەی لە حکـوومەتی فیـدڕاڵی گـرت، بەوەی پابەنـدی دەستوور نەبووە و مافەکـانی گەلی کوردسـتانی پێشـێل کـردووە. ئەمەش بـووە هۆی ئەوەی، حکوومەتی هەرێم لە ڕێگەی ئەنجامـدانی ڕاپرسـییەوە، پەنـا بـۆ بژاردەی جیابوونەوە ببات.

هەروەهـا ڕێبـازی سـەروەری بەدەسـتهاتوو لە سیسـتەمی یاسـایی نێودەوڵەتیدا دانی پێـدانراوە، بەوپێـیەی بەپێـی یاسـای نێـودەوڵەتی، پێویسـتە مافی جیابوونەوە بە هەر کۆمەڵە یان هەر نەتەوە، یان هەر گەلێـك بـدرێت،

کاتێك بەشێوەیەكی فیزیکی لەناودەبرێن یان دەچەوسێنرێنەوە، ئەمەش لە یاسای نێودەوڵەتیدا بە جینۆساید هەژمار دەكرێت.[1] ئەمە لەکاتێکدایە، سوپای ڕژێمی پێشووی بەعس لە ساڵی ١٩٨٨، چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجەی هەرێمی کوردستان بەکارهێنا، کە بووە هۆی لەناوچوونی نزیکەی پێنج هەزار هاووڵاتی مەدەنی. ئەم کارەی ڕژێم، پێشێلکردنی ماددەی ٢ و ٣ی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی بوو. بۆیە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، ئەم تاوانە، دەکرێت وەك پاساوێکی یاسایی بۆ بەیاساییبوونی ڕاپرسی بەکاربێت.

دەستووری عێراق، وەکو هەرێمێکی فیدڕاڵ بەدەسەڵاتەکانییەوە، دانی بە هەرێمی کوردستان ناوە. دەستوور گرێبەستێکە لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدڕاڵ، کاتێك مافەکانی گەلی کوردستان لەلایەن حکوومەتی فیدڕاڵییەوە بنپێ کران، ئەوکات حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناچار دەبێت پەنا بۆ مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی ببات. بەپێی ڕێبازی سەروەری بەدەستهاتوو، هەر کاتێك کوردەکان بوون بە خاوەنی هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەریی فیدڕاڵ لەناو دەوڵەتی عێراقدا، ئەوا دواتر ناتوانن پەنا بۆ سەربەخۆیی ببەن، تەنیا لەحاڵەتی پێنەدانی مافەکانییان و نەبوونی چارەسەری گونجاو لەلایەن حکوومەتی فیدڕاڵەوە نەبێت. لە بارودۆخێکی وادا بەپێی ئەم ڕێبازە، دەکرێت بژاردەی جیابوونەوە جێبەجێ بکرێت. بۆیە ئەم پێشێلکارییە دەستووریانەی حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق، پاساوێکن بۆ بەیاساییبوونی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی ، بڕوانە (1.1).

[1] Hurst Hannum," Rethinking Self-Determination," Virginia Journal of International Law 34, no. 1(1993):18, available: https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=1940662.

بەپێی ڕێبازی سەروەری بەدەستهاتوو، هەر جیابوونەوەیەکی تاکلایەنە، دەکرێت دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست نەهێنێت، بەوپێیەی بنەمایەکی یاسایی نییە، بەپێی ئەم ڕێبازە، ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستانیش لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دانی پێدانانرێت، بەوەی بنەمایەکی یاسایی نەبوو. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای نێودەوڵەتی و یاسای دەستووری عێراق، ئەوا ئەو مافە بە هەرێمی کوردستان دەدرێت. بۆ نموونە لە دیباجەی دەستووری عێراقدا هاتووە" یەکێتی عێراق بەندە بەجێبەجێکردنی ئەم دەستوورەوە". لێرەدا ئەو مادە دەستوورییانەی تایبەت بە گەلی کوردن، جێبەجێ نەکراون. گرنگترینییان ماددەی (١٤٠)ە، کە تایبەتە بە ناوچەکێشە لەسەرەکان. بڕگەی ٢ی ماددەی ١ی دەستووری نەتەوەیەکگرتووەکان، جەخت لەسەر بنەمای یەکسانی لە مافەکانی مرۆڤ و چارەی خۆنووسین بۆ خەڵك دەکاتەوە. بڕیاری ژمارە ٦٣٧ی ئەنجوومەنی ئاسایش، جەخت لەسەر پیادەکردنی ڕێگەی ئاشتییانە، بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین لەڕێگەی ڕاپرسییەوە، دەکاتەوە. بۆیە لە ڕوانگەی ئەو هەموو یاساییانەوە، دەکرێت بگوترێت، ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان ناکۆك نییە لەگەڵ دەستووری عێراق و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی.

بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر یاساییبوونی ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستان و جیابوونەوەی یەکلایەنانە، دەگەڕێینەوە سەر دەقێکی دادگای باڵای کەنەدا، کە دەڵێت، یەکێك لە بنەما یاساییەکان، کە دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی دانپێدانان بە دەوڵەتێکی نوێ، بریتییە لە شەرعیەتی جیابوونەوەیەکی دیفاکتۆیی. بەپێی ئەم بۆچوونە، گەلی کوردستان مافی بەدەستهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە. چونکە کاتێك سوپای عێراق دوای هاتنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش هەرەسی هێنا، هێزەکانی پێشمەرگە

توانیـان دەستبەسـەر تەواوی ناوچەکانییـان بە کەرکووکیشـەوە بگـرن، دواتـر ڕاپرسی لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەنجـام درا، چـونکە ناسـەقامگیری عێـراق و هاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش وای لە حکـوومەتی هەرێمـی کوردسـتان کـرد، خـاك و گەلی خـۆی بپارێزێـت، بـڕوانە (1.1). بـۆیە ئەمە لە ڕوانـگەی واقیعـی و بنەماکـانی یاسـای نێـودەوڵەتییەوە، شـەرعیەت بە ڕاپرسـییەکەی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی دەدات.

زیـاترلەمەش، جێبەجێکـردنی ڕێبـازی سـەروەری بەدەسـتهاتوو بەسـەر بارودۆخی هەرێمی کوردستاندا، بە سێ شـێواز سـوودی بـۆ گەلەکەی دەبـێ، شێوازەکانیش ئەمانەن: سەروەری هـاوبەش، سـەروەری مەرجـدار، دیـارکردنی پـێگەی کۆتـایی قەوارە سیاسـیەکە لەڕێـگەی ئەنجامـدانی ڕاپرسـی، یـانیش ڕێککەوتنـێکی ئاشـتییانە بەهەمـاهەنگی و چـاودێری نێـودەوڵەتی. لەحـاڵەتی بەدەستهێنانی سەروەری لەسەر بنەمای دەسەڵاتی هاوبەش، دەوڵەت و قەوارە سیاسـییەکە، پـێکەوە دەتـوانن سـەروەری بەسـەر تەواوی دەوڵەتەکە لەژێـر سەرپەرشتی دەزگایەکی نێودەوڵەتیدا پیادە بـکەن. لەم ڕوانـگەیەوە دەکرێـت پەیوەندی نێوان هەرێمـی کوردسـتان و حکـوومەتی فیـدڕاڵی عێـراق، لەسـەر بنەمای سەروەرییەکی هاوبەش دابڕێژرێتەوە، بەوپێـیەی سـەروەرییەکی زیـاتر بە هەرێمـی کوردسـتان دەدرێـت. شـایەنی باسـە، هەر لە سـاڵی ١٩٩٢ەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە و بەبـێ هاوکـاری حکـوومەتی عێـراق، کاروبارەکـانی خـۆی بەڕێوەدەبـات. لە دوای ٢٠٠٣ەوە سیستەمی فیدڕاڵی لە دەستووردا چەسـپێنرا، کە لەڕووی کـارگێڕییەوە نـیمچە سەربەخۆییەکی بە پێکهاتەکان دا.

ئەگەر بگەڕێینـەوە سـەر جێبەجێکـردنی  سـەروەرییەکی مەرجـدار یـاخود سەربەخۆییەکی مەرجدار، ئەوا لەسـەر قەوارە سیاسـییەکە پێویسـت دەکـات،

ڕێــز لە مافەکــانی مــرۆڤ و بنەماکــانی دیمــوکراسی و مــافی کەمــایەتییە نەتەوەییەکان، لەچوارچێوەی سیستەمێکی یاساییدا بگرێـت. هەروەهـا قەوارە سیاسـییەکە پـێش ئەوەی سـەروەری خـۆی بەدەسـت بهێنێـت، دەبێـت بـۆ لەنـاوبردنی تیـرۆر بجەنگێـت، ئەمەش لە پێنـاوی بەرقەرارکـردنی ئـۆقرەیی و ئارامییە لە ناوچەکەدا، بڕوانە (٦.٤).

هەرێمــی کوردســتان لەپێنــاو بەدەســتهێنانی ســەربەخۆیی، زۆر ڕێــز لەو بنەمایانەی لەسەرەوە ئاماژەمـان پێـدا دەگرێـت و پێشـکەوتنی بەرچاویشـی لەم بیـاڤەدا بەدەسـتهێناوە. لەڕێـگەی هەڵبـژاردنەوە خـاوەن حکـوومەت و پەرلەمــانی خــۆیەتی. ئەمەش لە دەســتووری عێراقــدا لە مــاددەی ١١٧ دانی پێدانراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ماددەی ١٢١ ئامـاژە بەوە دەکـات، ئەگەر لەسـەر بابەتێك، ناکۆکی لە نێوان یاسای فیدڕاڵ و هەرێمـدا هەبـوو، تەنـانەت ئەگەر لەسـنووری ئەو دەسەڵاتانەشـدا نەبێـت کە تـایبەتن بە حکـوومەتی فیـدڕاڵی، ئەوا لەوحـاڵەتەدا حکـوومەتی هەرێـم مـافی هەمـوارکردنی یاسـاکانی فیـدڕاڵی هەیە. جگەلەمەش، دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتەکانی خۆیان لەڕووی ســـیاسی و ئـــابووری و ئەمنـــی و پەروەردە و تەندرووســـتی و بەڕێوەبردنی سەرچاوە سرووشتییەکانەوە، پیادە دەکەن.

بەدیوێکی تردا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مافی ئـازادی ڕادەربـڕین و پێکەوەژیان و پەیڕەوکردنی ئایینی جیاواز بۆ گەلی هەرێمـی کوردسـتان، بەبـێ جیاوازی فەراهم کردووە و دەشیانپارێزێت. هەربۆیەش حکـوومەتی هەرێمـی کوردستان، عێراقێکی فیدڕاڵ و دیموکراسی و یەکگرتوویی پەسەند کـرد. بەڵام حکــوومەتی هەرێمــی کوردســتان هەمیشــە حکــوومەتی فیــدڕاڵی عێــراق بە کەمــتەرخەم دەزانێــت، لە بــابەتی پابەنــدنەبوون بە مــافە دەســتووریەکانی کوردستانەوە، تەنانەت نیگەرانی حکوومەتی هەرێم گەیشتە ئاسـتێك، پەنـا بـۆ

ئەنجامدانی ڕاپرسی لەپێناو جیابوونەوە لە دەوڵەتی عێراق ببات، بڕوانە (١.١.٣، ١.٣.٢.٣).

ئۆرگــان و ســازییەکانی حکــوومی و نــاحکوومی و نێودەوڵەتییەکــان، شــوێنێکی تایبەتییــان لەلای حکــوومەتی هەرێمــی کوردســتان هەیە، لەم ڕووەشــەوە زۆر گرنگــی، بە مــافی کەمە نەتەوەییەکــان دەدات. بــۆ نموونە ڕێگەدان بە کردنەوەی نوێنەرایەتی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مـرۆڤ، لەژێـر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان و بەهاوبەشی ئەنجامدانی چالاکی لەگەڵیـان، لەپێنـاو پاراسـتنی مافەکـانی مـرۆڤ. هەروەهـا لەسـەر بنەمـای پیشـەیی و کـارکردن، هەر هەموویـان مـافی کارکردنییـان لە دامودەزگاکـانی حکـوومەتی هەرێمی کوردستان، لە باڵاترین ئاست تا نزمترین ئاست هەیە.[١]

لە ئێستادا حکوومەتی هەرێمـی کوردسـتان، دیـدێکی ڕوونی بـۆ سیسـتەمە ئـابووریەکەی خـۆی هەیە. زیـاتر لە سـەدا ٩٠%ی سـەرچاوەی داهـاتەکەی، بـریتییە لەنەوت. هەرێمـی کوردسـتان خـاوەنی سـەرچاوەی ئـابووری زۆرە، لەوانە بازرگـانی، کشـتوکاڵی، فـڕۆکەوانی. حکـوومەتی هەرێمـی کوردسـتان لەپـێخەمەت بنیاتنـانی پەیوەنـدیی نێـودەوڵەتیی، بەشی پەیوەنـدییەکانی دەرەوەی دامەزراندووە. ئەمەش لەڕێـگەی هەبـوونی پەیوەنـدی نێـودەوڵەتی لەگەڵ وڵاتان، دەبێتە پاڵنەرێك بۆ پشتگیریکردنی سەربەخۆیی خـۆی. ویسـتی سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە ستەمی داگیرکەران، هەرێمی کوردستانی خستە

---

[1] "Welcome to the Kurdistan Region of Iraq," 14, available at: http://www.kurdistaninvestment.org/docs/KRI.pdf. And "Kurdistan Regional Government," KRG and UN announce Regional Human Rights Regional Action Plan, available at: http://previous.cabinet.gov.krd/a/d.aspx?a=42884&l=12&r=223&s=010000

باوەشی ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی، بەڵام سەرەڕای یاساییبوونی ڕاپرسییەکە بەپێی بنەمای دەستووری نەتەوەیەکگرتووەکان، هیچ وڵاتێك دانی پێدانەنا، هەرچەندە هەر ئەو بنەما دەستووریانەی یوئێن بوون، جەختییان لەسەر پیادەکردنی مافی گەلان دەکردەوە بۆ هەڵبژاردنی سیستەمی سیاسی خۆیان، بڕوانە (٣، ١.٣.٢.٣).

شێوازێکی تری جێبەجێکردنی ڕێبازی سەروەری بەدەستهاتوو، بریتییە لە پێدانی سەربەخۆیی تەواو بە قەوارە سیاسییەکە. ئەمەش دەکرێت لەڕێگەی ئامرازێکی دیموکراسییەوە بێت، وەك ڕاپرسی، یان لە ڕێگەی دانوستاندن و ڕێککەوتن لە نێوان هەردوو دەوڵەت و کیانە سیاسییەکە. ئەڵبەت ئەمەش بە سەرپەرشتی و ڕەزامەندی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دەبێت. شایەنی باسە، هەرێمی کوردستان پرۆسەی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدا، بۆیە لەڕووی واقعییەوە دوا پێگەی هەرێمی کوردستانە و دەکرێت لە ریزی ئەو دەوڵەتانە ئەژمار بکرێت، کە ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆن، بەوپێیەی زیاتر لە سەدا ٩٢ گەلی کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستاندا. هەرچەندە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانی بە ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە نەنا، بەڵام بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە داهاتوودا، دەکرێت وەکو بەڵگەنامەیەکی یاسایی پشتی پێببەسترێت، بڕوانە (١.١).[١]

[١] چاوپێکەوتنی بەرێز حەمەی حاجی محمود،، وەڵامی دادگای باڵای عێراق، هەفتەنامەی باس، ٢١ تشرینی دووەم ٢٠١٧، بەردەستە لە: https://www.basnews.com/so//. زەردەشت احمد، سەرۆك مەسعود بارزرانی: ئێمە کلیلی هەرێمی کوردستانمان بەدەستهێنا، ماڵپەری *Kurdistan Tv* ، ١٦کانونی یەکەم ٢٠١٧، بەردەستە لە: https://www.kurdistantv.net/.

لەم شـێوازەدا دەردەکەوێـت، کە بـووونی ڕەزامەنـدی نێـودەوڵەتی لەبـارەی دانـان بە هەرێمـی کوردسـتان وەکـو دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ، پێویسـتییەکی حەتمییە. بۆیە دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە ڕۆڵـی خـۆی هەڵبسـتێت، بـۆ لەیەکـتر نزیککـردنەوەی هەردوو حکـوومەتی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان، لەسەر دوا پێگەی هەرێمی کوردسـتان لە دوای ڕاپرسـی. ئەمەش لەلایەك بـۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهـانییە، لەلایەکـی تـریش بـۆ ئامـانجی کۆتـایی پێهێنانی کێشە کەڤنـارە چارەسـەرنەکراوەکانی نێـوان هەردوو حکـوومەتە. بـۆ ئەم مەبەستە دەکرێت دەستوور هەموار بکرێتەوە و مـاددەیەکی تـایبەت بە پرسی سەربەخۆیی تێیـدا جێگیـر بکرێـت، کە بەڕوونی ڕێـگە بە سـەربەخۆیی بـدات جـا بەهەر میکانیزمێـك بێـت. بـۆ ئەمەش، دامەزرانـدنی سیسـتەمێك لەنێوان حکوومەتی هەرێم و حکـوومەتی فیـدڕاڵی عێـراق، بەکـارێکی سـەرەکی دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرپەرشتی کۆمەڵگای نێـودەوڵەتی، پاراسـتنی مافەکـانی مـرۆڤ و کەمـایەتییە نەتەوەییەکـان و بەشـداریان لە پڕۆسـەی فەرمانڕەوایدا، ئەرکی هەردوو حکوومەت دەبێت.

بەگشتی، خاڵی سەرەکی ئەم ڕێبازە لەبارەی پرسی سەربەخۆیی، بـریتییە لە هەماهەنگی تەواو لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق. بۆیە دوو پێوەری سەرەکی لەم جۆرە ڕێبازەدا بەدی دەکرێت:

یەکەمیـان، زیـادکردنی مـاددەیەکی تـایبەت بە جیـابوونەوەی هەرێمەکـان لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، بەشێوازێکی ئاشکرا یان بەهەر ڕێگەیەکی تـری گونجاو بێت.

دووەمیــان، لەســەر هەرێمــی کوردســتان پێویســتە بەهەمــاهەنگی لەگەڵ حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق، بەشدار بێت لە فەرمانڕەوایی بنەڕەتی، تـایبەت بە پرسی سەربەخۆیی.

ئەوەی گـرنگە بگوترێـت، حکـوومەتی فیـدڕاڵی عێـراق، هەرگیـز نایەوێـت ئەنجامەکانی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان پەسەند بکات، بڕوانە (٦.٤،١.١).

بۆیە پرسی بە یاساییبوونی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بۆ سـەربەخۆیی، بە پشتبەستن بە دەسـتووری هەمیشـەیی، پەیوەسـتە بە ڕەزامەنـدی حکـوومەتی فیــدڕاڵی عێــراق. بەمەش حکــوومەتی فیــدڕاڵ، دەتوانێــت ڕێــگە لەهەر دابەشـبوونێك لە عێـراق بگرێـت، کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتیش لەڕێـگەی ئەم دەستوورەوە، مامەڵە لەگەڵ عێراقێکی یەکگرتوو دەکات. بەڵام ئەوەی جێگەی سـەرنج و پرسـیارە ئەوەیە، کاتێـك گەلی کوردسـتان لە مـافە دەسـتووریەکانی بێبەش کرا و لەلایەن حکوومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراقەوە تاکو نووسـینی ئەم پەرتـووکەش چەوسـێنرایەوە، ئیـتر ئەم گەلە چـۆن بتوانێـت بە ئـازادی و سەربەستی بژیت؟، لەکاتێکدا هەموو بنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتی، جەختیان لەسـەر مـافی چـارەی خۆنووسـین بـۆ گەلان کـردۆتەوە، دەوڵەتـی عێـراقیش بەشێکە لەکۆمەڵگای نێـودەوڵەتی، کە یاسـای نێـودەوڵەتی بەڕێـوەی دەبـات!، کەواتە کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی چـۆن ئەم مـافە بـۆ گەلی کوردسـتان بە ڕەوا نابینێت؟، لەکاتێکدا خۆیان ئەم مافەیان پیادە کردووە؟.

## ٨.٤ هەڵسەنگاندنی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، لە ڕوانگەی دەستووری هەمیشەیی عێراق -ساڵی ٢٠٠٥ەوە

وەك لە بەشەکانی پێشووتردا ئاماژەمان پێدا، ڕاپرسی بریتییە لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردن، کە لەو ڕێگەیەوە لە چوارچێوەیەکی نیشتمانی، پرسێك چارەسەر دەکرێت. زۆربەی جاران ئەم میکانیزمە لەلایەن کارەکتەرە ناحکومییەکان سوودی لێوەرگیراوە. بۆ نموونە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، یانیش فرەلایەنەکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشە چارەنووسازەکان. پێویستی و تایبەتمەندی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی ئەو کاتە بەدەردەکەوێت، دەما لەناو دەوڵەتەکەدا، پرسێك بۆ بڕیاردان لەسەری، لە توانای کەسێك دەردەچێت.

ڕاپرسی شێوازێکە لە شێوازەکانی دیموکراسی، کە بۆ هێنانەدی دادپەروەری و یەکسانی لە بڕیاردان لەسەر پرسێکی دیارکراوی چارەسەرنەکراو، پەیڕەو دەکرێت. بە مانایەکی تر، لە نێوان دیموکراسی و ڕاپرسی، پەیوەندییەکی نزیك هەیە. ئەنجامدانی ڕاپرسی، پاساوێکە بۆ لەخۆگرتنی پرسێکی دیارکراو لە کۆمەڵگادا. لەحاڵەتی پرسەکانی تایبەت بە جیابوونەوەی کیانێکی سیاسی لە دەوڵەتانی دایك، یان سیستەمی سیاسی دەوڵەتێك، دەبێت یاسای دەستووری دەوڵەتەکە لەبەرچاو بگیرێت. لەبەرئەوەی پرسی جیابوونەوە لە دەوڵەت، تایبەتە بە سەروەی دەوڵەتەکە، بۆیە دەبێت بۆ دەستووری دەوڵەتەکە بگەڕێنەوە. لەهەموو بارودۆخێکیشدا، دەبێت ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر پرسی جیابوونەوە، کۆك بێت لەگەڵ دەستووری نیشتمانی.

بەگشتی، لەبارەی پرسی ئەنجامدانی ڕاپرسی تایبەت بە سەربەخۆیی قەوارەیەکی سیاسی، زۆرینەی دەستوورەکان لەیەکترەوە جیاوازن. هەندێك لە دەوڵەتان ڕێگە بە ئەنجامدانی دەدەن، بۆئەوەی ڕێگری لە مافی جیابوونەوە

نەکرێت. دەستووری دەوڵەتەکان، بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ چەمکی جیابوونەوە و مافی چارەی خۆنووسین دەکەن. بەو مانایەی مافی چارەی خۆنووسین بریتی نییە لە سەربەخۆیی و جیابوونەوە، کە زۆربەی دەوڵەتان دژی ئەمەن. پرسی مافی چارەی خۆنووسین لە دەستوورەکاندا ئاسانتر دیاریکراوە، وەك لە پرسی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی قەوارەیەکی سیاسی.

ئەم بارودۆخە، ناڕوونی یاساییبوونی ئەنجامدانی ڕاپرسی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ی هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو. لەکاتێکدا ئەگەر مافی چارەی خۆنووسین و جیابوونەوە هاومانا نەبن، ئەوا ڕەنگە پەسەندکردنی ئەنجامدانی ڕاپرسییەك بۆ جیابوونەوە لەلایەن حکوومەتێکی فیدڕاڵەوە، هیچ بەهایەکی نەبێت. مەرجیش نیە پرۆسەی جیابوونەوە تەنیا لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕاپرسییەوە بێت. بۆ نموونە، هەردوو کەیسی کۆسۆڤۆ و تەیمووری ڕۆژهەڵات، لەڕێگەی ڕاپرسییەوە سەربەخۆیی خۆیان بەدەست نەهێناوە. بەڵکوو پشتگیری کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان، هۆکاری جیابوونەوەی ئەم دوو دەوڵەتە بوون. دەستووری هەمیشەیی عێراق پەیوەست بە پرسی چارەی خۆنووسین و جیابوونەوە، لەڕووی شیکردنەوەی جۆراوجۆرەوە، ئاڵۆزە. بۆ نموونە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پاساوی یاسایی بۆ پیادەکردنی مافی جیابوونەوەی خۆی دەهێنێتەوە، لەهەمانکاتدا حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق پێیوایە، دەستوور هیچ ماددەیەکی تێدانییە تایبەت بێت بە جیابوونەوەی هەرێمەکان، تەنانەت ڕێگەشی بە کارێکی لەم شێوەیە نەداوە.[1] بەڵکوو

[1] Dylan O'Driscoll and Patrycja Sasnal, "Is Three a Crowd? The Kurds, Baghdad and Poland" , *Polish Institute of International Affairs* 132, no 30(September, 2015):2 -3, available at: https://www.pism.pl/file/0a4a774e-7dc0-4f3c-85d6-1aa540721dd5.

دەستوور تەنیا ڕێگەی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوە، دەتوانێت تەنیا ئەو یاسا فیدراڵییانەی (ئەگەر لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکوومەتی فیدراڵ بوون)، هەمواریان بکاتەوە، بڕوانە(١.١).

ئەم دەستوورە ڕێگە بە گەلی کوردستان دەدات، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆی بۆ پەرلەمانی فیدراڵ، تا لەوێ نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان بکەن. بەوپێیە بێت، هەرێمێکی لەم شێوەیە، مافی سەربەخۆبوونی لەناو دەوڵەتێکی فیدراڵدا نییە و نابێت. دەستووری هەمیشەیی عێراق نکۆڵی لە هەر هەرێمێك دەکات پەنا بباتە بەر جیابوونەوە یان سەربەخۆیی، بەپێی ماددەی ١ کە تیایدا هاتووە "کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەریە، ڕژێمی حوکمڕانی تێیدان کۆماری، نوێنەرایەتی(پەرلەمانی) دیموکراسیە، ئەم دەستوورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت."

یا زانا ئەوە، هەرێمی کوردستانیش کە پەنای بۆ سەربەخۆیی برد، هەر پشتی بەو دەستوورە بەست، بەوپێیەی پرسی سەربەخۆیی، پرسێکی ناوخۆی هەرێمی کوردستانە و پەیوەستە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، دەستووری هەمیشەیی عێراقیش لە ماددەی ١١٧دا دانیپێداناوە، کە دەڵێت" ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنییەوە، دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتانەی ئێستا هەیەتی وەك هەرێمێکی فیدراڵ، دەنێت."

ئەم ماددەیە لە هەموو ڕوونکردنەوەیەکی دەستووریدا، بنەمایەکی یاسایی بە هەرێمی کوردستان دەدات، بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتە یاساییەکان و بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان، مەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی نەیەوێت ئەنجامی بدات. ئەم ماددەیە ڕێگە بە هەرێمی کوردستان دەدات، بە ئازادانە دەسەڵاتی یاسادانان پیادە بکات و لەڕێگەی نوێنەرەکانی گەلەوە

هەڵبیژێرێت، هەروەها یاساش دەربکات. شایەنی باسە لە ساڵانی ١٩٩١ و ١٩٩٢، هەرێمێکی دیفاکتۆ دامەزرا، کە بەهۆیەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دامەزرا.[١]

زیاتر لەمەش، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی هەیە، کە رۆڵێکی بەرچاویان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا هەیە. لەلایەکی ترەوە، هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، رۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە تێکشکاندنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش. ئەم جۆرە پێشکەوتنانەی هەرێمی کوردستان، بووە هۆی زیاتر بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لەنێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، تاکو گەیشتە ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی.

هەڵوێستی دەستووری هەمیشەیی عێراق، جەخت لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵ لەناو دەوڵەتی عێراقدا، دەکاتەوە. لێرەدا دەستوور بەڕوونی دیاری نەکردووە، لەچ حاڵەتێکدا، هەرێمێك بۆی هەیە جیا ببێتەوە. شایەنی باسە دەستوور لە هیچ ماددەیەکیدا، ئاماژەی بە مافی سەربەخۆی نەداوە، بەڵکوو وەك لە ماددەی (١)دا هاتووە، جەختی لەسەر یەکپارچەیی عێراقی کردۆتەوە. هەربۆیە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش، ڕێز لە دەستووری هەمیشەیی عێراق دەگرێت و لەگەڵ یەکگرتوویی خاکی عێراقدایە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئاگای لە

[1] Srihari, "The Kurdistan Referendum – Overstepping the Right of Self-Determination?,".

بـارودۆخی نالەبـاری سـیاسی و کـۆمەڵایەتی گەلی کـورد لەژێـر فەرمـانڕەوایی حکوومەتی فیدڕاڵی عێراقدا نییە، بۆیە ئەگەر لەڕووی دەسـتوورییەوە سـەیری ڕاپرسی بکەین، ئەوا کارێکی نادەستووری نییە.

هەروەهـا ئەنجامـدانی ڕاپرسـی کـاریگەری راسـتەوخۆی هەبـوو، لەسـەر ئەوەی، ئاخۆ گەلی کوردستان بەڕاشکاوی چی دەخوازێـت؟. بـۆیە حکـوومەتی فیدڕاڵ رایگەیاند، ئەم ڕاپرسییە نایاسایی و نادەستووریە و ڕەتی دەکـاتەوە. لە وەڵامـی ئەم راگەیانـدنەدا، حکـوومەتی هەرێمـی کوردسـتان رایگەیانـد، ئەم هەڵوێستەی حکوومەتی فیدڕاڵ چارەسەری پـرسی کـورد ناکـات، چـونکە گەلی کوردستان پەنـای بـردۆتە بەر ئـامرازێکی شـەرعی، بـۆ دیـارکردنی چـارەنووسی داهاتووی خۆی.[١]

حکوومەتی فیدڕاڵ پێیوابوو، دەستوور تەنیا ڕێگە بە ئەنجامدانی ڕاپرسی لە ناوچە کێشەلەسەرەکان دەدات، ئەویش بەپێی مـاددەی ١٤٠، بە سـێ قۆنـاغ دەبێت، کە بریتیین لە (ئاسایکردنەوە، سەرژمێری، ڕاپرسی).[٢] لێرەدا مەبەست لە قۆناغی (ڕاپرسی)، ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی تایبەت نییە بۆ جیـابوونەوەی هیچ هەرێمێك، بەڵکوو مەبەست لێی، ئەنجامدانی ڕاپرسییە بۆ یەکلاکردنەوی چارەنووسـی نـاوچە کێشەلەسـەرەکان. بەڵام لێرەشـدا، نـاڕوونیی و

[1] Bill Park, Joost Jongerden, Francis Owtram and Akiko Yoshioka, "Field notes: On the independence referendum in the Kurdistan Region of Iraq and disputed territories in 2017," *Kurdish Studies* 5, no. 2 (2017):199-214,availableat:
https://www.researchgate.net/publication/320890731_Field_notes_On_the_independence_referendum_in_the_Kurdistan_Region_of_Iraq.

[2] Ibid.

بەریەککەتنێـك لە دەسـتووردا هەیە، بەوپێـیەی مـاددەی (١) جەخـت لە یەکگرتوویی عێراق دەکـاتەوە، لێـرەدا ئەو مانـایە دەدات، کە تەواوی عێـراق دەگرێتەوە بە ناوچە کێشەلەسەرەکانیشـەوە، کەچـی مـاددەی ١٤٠ ڕێـگە بە ئەنجامـدانی ڕاپرسـی دەدات بـۆ یەکلایکـردنەوەی چارەنووسـی نـاوچە کێشەلەسـەرەکان. ئەمەش، لەوانەیە ببێتەهـۆی دابەشـبوونی عێـراق لەهەر کاتێکدا.

ئەوەی زیاتر جێگەی مشتومڕی گـرنگە، ئەوەیە بپرسـین، ئایـا هۆکارەکـانی ئەنجامـدانی ڕاپرسـی چـی بـوون؟. حکـوومەتی هەرێمـی کوردسـتان پێیـوایە، حکوومەتی فیدڕاڵی پابەند نەبووە بە جێبەجێکـردنی دەسـتوور، بەتـایبەتی ئەو مـاددانەی تـایبەتن بە پـرسی گەلی کـورد؟. لەگەڵ ئەوەشـدا، پێیـوایە مـافی هەرێمی کوردستانە بەپێی یاسای خۆی، کێشەناوخۆییەکانی خـۆیی چارەسـەر بکات، بەپێی ماددەی (١١٥)ش، ئەرکی حکوومەتی فیدڕاڵ نیـیە دەسـتێوەردان لە کێشەناوخۆییەکانی هەرێمی کوردسـتاندا بکـات، مـاددەی (١١٥) دەڵێـت "هەرشتێك لەسنووری دەسـەڵاتە تایبەتییەکـانی حکـوومەتی فیدڕاڵـدا ئامـاژەی پێنەکرابێت، ئەوە دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکـان و ئەو پارێزگایـانەی نـاکەونە سنووری هـیچ هەرێمـێکەوە. ئەگەر نـاکۆکی لەسـەر دەسـەڵاتە هاوبەشـەکانی نێوان حکوومەتی فیدڕاڵ  و حکوومەتی هەرێمەکان درووستبوو!، ئەوا پێشـینە بۆ یاسای هەرێمەکانە".[١]

بەپێـی ئەو مـاددەیە، ئەگەر هەر نـاکۆکییەك لەنێـوان یاسـای فیـدڕاڵ و یاسـای هەرێـم درووسـت ببێـت، ئەوا پێشـینە بـۆ یاسـای هەرێـمەکەیە.

[1] Srihari, "The Kurdistan Referendum – Overstepping the Right of Self-Determination?," n 130.

جـگەلەمەش ئەنجامـدانی ڕاپرسـی هەرێمـی کوردسـتان بەپێـی دیبـاجەی دەسـتووری عێـراق، کـارێکی دەسـتووری بـوو. دیبـاجەی دەسـتوور دەڵێـت "پابەنـدبوون بە دەسـتوور یەکێتـی عێـراق دەپارێزێـت." ئەم دیبـاجەیە، دەکرێـت بە پاسـاوێکی دەسـتووری دابنرێـت بـۆ یاسـاییبوونی ڕاپرسـی. ئەم ڕوونکردنەوە دەستووریە، هێزێکی یاسایی بە ڕاپرسی دەبەخشێت، بەوپێیەی ئەگەر هەر پێشێلکارییەکی دەسـتووری بەرامـبەر بە مـافی پێکهاتەکـانی عێـراق (لەوانە پێکهاتەی کورد) لەلایەن حکوومەتی فیـدڕاڵەوە ئەنجـام بـدرێت، ئەوا دابەشبوونی عێراقی لێدەکەوێتەوە. بۆیە ئەمە دەرفەتی جیـابوونەوە لە عێـراق زیـاتر دەڕەخسـێنێت. سـەرباری ئەمەش، بەپێـی مـاددەی (١١٥)، هەرێـم دەسەڵاتی باڵای هەیە، بڕوانە(١.١).[١]

هەروەها، دەستوور لەڕێگەی مـاددەی (١٢١، بـڕگەی٢)، لەکـاتی هەبـوونی کێشە لەنێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیـدڕاڵ، بنەمـایەکی یاسـایی بە هەرێمـی کوردسـتان دەبەخشـێت. مـاددەی (١٢١، بـڕگەی٢) دەڵێـت "حکـوومەتی هەرێـم مـافی هەمـوارکردنی جێبەجێکـردنی یاسـای فیـدڕاڵی لە هەرێمەکەیدا هەیە، ئەگەر ناکۆکی یان دژبەرییەك لە نێوان یاسای فیـدڕاڵی و یاسای هەرێمدا هەبوو، لەسەر بابەتێـك لە سـنووری ئەو دەسـەڵاتانە نەبێت کە تـایبەتن بە حکـوومەتی فیـدڕاڵی." لەگەڵ ئەوەشـدا حکـوومەتی فیـدڕاڵ

[١]"GOV, KRG," The Constitutional Case for Kurdistan_s Independence & A Record of the Violation of Iraq_s Constitution by Successive Iraqi Prime Ministers and Ministers, the Council of Representatives, the Shura Council, the Judiciary and the Army.

نەیتوانیووە سیستەمی فیدراڵی وەك لە دەستووردا هاتووە جێبەجێ بکات.[1] لەکاتێکدا، ئەمە بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ دەچێت، رۆڵی دادگای باڵای عێراق وەکو دووەم دەسەڵاتی باڵا بۆ پاراستنی مافی هەرێمەکان و پارێزگاکان، رۆڵێکی لاواز و بێهێز بووە، وەك لە ماددەی (٩٢) بڕگەی (٢)دا هاتووە"دادگای فیدراڵی باڵا لە ژمارەیەك دادوەر و پسپۆڕی بواری فیقهی ئیسلامی و یاساناس پێکدێت. دیارکردنی ژمارە و شێوازی هەڵبژاردن و کاری دادگاکە، بە یاسا و بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ٣/٢ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران رێکدەخرێت." شایەنی باسە هەر لەکاتی دامەزراندنی دادگاکەوە، رۆڵی پێکهاتەی دادوەرانی کورد لە نێو ئەندامانی دادگاکەدا، رۆڵێکی ناکارا و لاوازە بووە، بۆیە ئەم بارودۆخە، کێشەکانی ناو حکوومەتی عێراقی قووڵتر کردۆتەوە و چارەسەرکردنیشیان لە غیابی دادگایەکی سەربەخۆدا، زەحمەتتر کردووە.

دەکرێت بگوترێت، ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بنەڕەتی، ڕاپرسییەکی دەستووری و یاسایی بوو. بەڵام کاتێك دادگای باڵای عێراق بڕیاری نادەستووریبوونی ڕاپرسییەکەیدا[2] ئەوا یاساییبوونی ڕاپرسییەکەی زیاتر خستە ژێر پرسیارەوە. لە وەڵامی دادگای باڵای فیدراڵیدا، سەرۆکی ئەوکاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی رایگەیاند، ئەم بڕیارەی

---

[1] Ala Jabar Mohammed," The Politics of Iraqi Kurdistan: Towards Federalism or Secession?" (PhD diss., University of Canberra, 2013), 3-4.

[2] The Federal Supreme Court Decision concerning Kurdistan Referendum, No.89, 91, 92, 93, November 20, 2017, available at: https://reliefweb.int/report/iraq/statement-federal-supreme-court-decision-concerning-kurdistan-referendum-enarku.

دادگا سەربەخۆیانە نییە، بەڵکوو لەژێر فشاری سیاسی و فشاری حکوومەتی فیدراڵی عێراقدا دەریکردووە.[1]

ئەم بڕیارەی دادگا شایەنی پێداچوونەوە نەبوو، چونکە بەپێی ماددەی (٩٣) بڕگەی (٤)، دادگای باڵای عێراق بەرپرسە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان.

ئەوەی جێگای تێبینییە، حکوومەتی فیدراڵ زیاتر لە پەنجا ماددەی دەستووریی تایبەت بە هەرێمی کوردستانی پێشێلکردووە، بەڵام دادگای باڵای عێراق هیچ دەستێوەردانێکی لەم پرسگرێگ و پێشێلکاریانەدا نەکردووە. لەکاتێکدا هۆکاری ئەنجامدانی ڕاپرسی، پێشێلکردنی دەستوور بوو لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە. لەپەڕگالێکدا ئەم دەستوورە سیستەمی فیدراڵی لەخۆگرتووە، کە مانای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان حکوومەتی فیدراڵ و پێکهاتە سیاسییەکان دەدات. بۆ نموونە، باشترین ئەزموونی فیدراڵی، ئەزموونی فیدراڵی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کەنەدا و یەکێتی ئەوروپایە، کە تائێستاش کێشەیەکی ئەوتۆ، لەسەر جێبەجێنەکردنی دەستوور لە نێوانیاندا ڕووینەداوە.[2] شایەنی باسە، ئەگەر پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین یان جیابوونەوە بۆ گەلی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ

[1] "BBC News," Iraq Supreme Court rules Kurdish referendum unconstitutional, November20, 2017, accessed May 1, 2019, https://www.bbc.com/news/world-middle-east-42053283.

[2] FACT/MYTH," There are Different Types of Federalism, last updated January 2, 2019, available at: http://factmyth.com/factoids/there-are-different-types-of-federalism/.

حکوومەتی فیدڕاڵ ئەنجامبدرێت، ئەوا پڕۆسەکە خێراتر و سەرکەوتووتر دەبێت.

لەلایەکی ترەوە، کێشەی چۆنیەتی پیادەکردنی سیستەمی فیدڕاڵی، لە نێوان هەردوو حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە. حکوومەتی فیدڕاڵ پێناسەی فیدڕاڵییەت دەکات وەکو کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی حکوومەتێکی ناوەندیدا، بۆ نموونە پیادەکردنی دەسەڵاتی ئابووری و ئەمنی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەبێ راوێژکردن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمەکان، کەچی حکوومەتی هەرێم پێناسەی فیدڕاڵیەت دەکات وەکو فەرمانڕەواییەکی هاوبەش، بەو مانایەی، دەبێت حکوومەتی عێراق بەشداری بە نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم بکات لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی وڵاتدا. بۆیە لەم نێوەندەدا پێناسەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سیستەمی فیدڕاڵی عێراق، درووستتر و زانستییترە.

# دەرەنجام

لە میانەی نووسینی ئەم پەرتووکەدا، گەیشتین بەو دەرئەنجامەی، ئایا هەڵوێستی حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق سەبارەت بە جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان نەگۆڕە؟ یان ئایا جیابوونەوە ڕێبازێکی ڕاستەقینەی چارەسەرکردنی پرسی گەلی هەرێمی کوردستانە لە عێراقدا؟. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکییانە، سەرەتا پێگەی هەرێمی کوردستانمان لە ڕوانگەی مێژووی خەباتی گەلی کوردەوە، بەپشتبەستن بە ڕێبازی زانستییانە و یاساییانە شی کردەوە. دەزانین توێژینەوە و پەرتووکی زۆر لە بارەی پرسی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان نووسراون، بەڵام جیاوازی و گرنگی ئەم پەرتووکە لەوەدایە، کە تەنیا جەخت لەسەر دوا وێستگەی خەباتی سیاسی و مەدەنی گەلی کوردستان لەڕێگەی ڕاپرسی سەربەخۆییەوە، کە لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەنجامدرا، دەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم پەرتووکە بە تێگەیشتنێکی یاسایی و دەستووری، هەڵسەنگاندنێکی وردی ئەنجامداوە. بۆیە لەمیانەی کارەکەماندا، چەند پرسیارێکی ترمان بۆ درووستبوو، لەوانە:

ئایا لەڕووی دەستووریەوە، هەڵوێستی حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق لەسەر ڕاپرسی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی چییە؟.

ئایا پێگەی یاسایی ڕاپرسی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی چییە؟.

ئەو ڕاسپاردە و پێشنیارانە چین، کە بۆ هەرێمی کوردستان هاندەر و ڕێخۆشکەرن، ژ بۆنا بدەستخستنا مافی چارەی خۆنووسینی خۆی؟.

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا، لە پێناو چارەسەرکردنی پرسی گەلی کورد، ئەم پەرتووکە بەگرنگییەوە باس لە پێگەی ئێستا و داهاتووی هەرێمی کوردستانی دەکات.

لەڕووی تیۆرییەوە، لەبەشی دووەمی ئەم پەرتووکەدا، باسمان لە چەمکی ڕاپرسی کردووە، بەوپێیەی بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، چۆن ڕاپرسی وەك ئامرازێکی شەرعی لەلایەن گەلانەوە بەکاردێت؟. بۆ ئەم مەبەستە، پێناسە و بنچینەکانی ڕاپرسی - جۆرەکانی ڕاپرسی - پەیوەندی نێوان ڕاپرسی و دیموکراسی، شیکرانەوە. دواتر باسمان لە ڕاپرسییەکانی سەروەری، لەژێر رۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی و لەڕووی دەستوورییەوە کردووە. هەروەها ئەم بەشە بە وردی تیشکی خراوەتە سەری بەوەی، چۆن گەلی کوردستان لەپێناو بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی خۆی، وەکو ئامرازێکی شەرعی، پەنای بردۆتە بەر ئەنجامدانی ڕاپرسی. بۆیە مەبەست لەم بەشە شیکردنەوەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتییدا بوو. هەرێمی کوردستان پێگەیەکی یاسایی و دەستووری هەیە، کە نوێنەرایەتی گەلەکەی دەکات. بۆ بەدەستهێنانی دیموکراسی، پێویستە گەل لەڕێگەی ڕاپرسییەوە، بەشدار بێت لە درووستکردنی بڕیاری تایبەت بە داهاتووی خۆی. بۆیە لەم بەشەدا دەرکەوت، کە ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین، لەژێر رۆشنایی چەمکەکانی یاسای نێودەوڵەتی، نوێنەرایەتی چارەسەری ڕاستەقینەی گەلی کوردستان دەکات.

لە بەشی سێیەمی ئەم پەرتووکەدا، باسمان لەو بنەما کۆمەڵایەتی و سیاسییانە کردووە، کە هەرێمی کوردستانییان لەسەر دامەزراوە. هەروەها، بنچینەی بوونی بزووتنەوەی سیاسی گەلی کورد لە عێراق، هەڵوێستی

حکـوومەت و دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق لەو بـارەیەوە، وە پـێگەی داگیرکەر لەعێراقدا، تەوەرێکی تری ئەم بەشە بووە. لەم ڕێگەیەشـدا چەنـدین پرسـیار لەبەردەمـمان دروستبوون، وەك: کوردەکـان کـێن؟، چـۆن هەسـتی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی کورد گەشەی کـردووە؟، ئەو بـابەت و خـاڵ و پرسـانە چـین، کە سـەرکردایەتی سـیاسی کـورد و حکوومەتەکـانی عێـراق دەربـارەی جیـابوونەوەی هەرێمـی کوردسـتان لەسـەریان نـاکۆك بـوون؟. وەڵامـی ئەم پرسـارانە، لەم بەشـەدا خـرانەڕوو. پەیوەسـت بە دانپێـدانانی نێـودەوڵەتی بە ڕاپرسی هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، دەرکەوت کە کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی بەلەخـۆگرتنی زۆریـنەی وڵاتـان، لەگەڵ مـانەوەی هەرێمـی کوردستان بوون لە ناو دەوڵەتی عێراقدا. بە دیوێکی تر، پاراستنی یەکگرتوویی عێراق، ئاراسـتەی سـەرەکی سیاسـەتی نێـودەوڵەتی بـوو، بـۆیە دەرکەوت داوای هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، پەیوەستە بە یاسای نیشـتمانی عێـراقەوە، کە دەستوورە.

هەروەها لەچەنـد گۆشـەیەکی تـری ئەم بەشـەدا، خەبـاتی نەتەوەیـی گەلی کوردمـان بەگشـتی، بـۆ پیـادەکردنی مـافی چـارەی خۆنووسـین خسـتۆتەڕوو، بۆئەوەی خوێنەر و بڕیاربەدەستان لە مێژووی نەتەوەی کورد بەتایبەت لەناو دەوڵەتی عێراقـدا تێـبگەن، لەوەی، بـۆچی تـا ئێسـتا گەلی کـورد لەپێنـاو بەدیهێنـانی مـافی چـارەی خۆنووسـینی خـۆی کە هـیچ نەسرەوتـووە، کەچـی نەیتوانیووە ئەم مافە بەدەست بێنێت؟. بـۆیە لەم بەشـەدا وێـرای خەبـاتێکی لەمێژینەیی قـول، لەژێـر کـاریگەری ڕەوتـی ڕووداوەکانـدا و ئەو ئاراسـتانەی بەرخۆدانی گەلی کوردییان ڕەنگڕێژ کردووە، خەبـاتی گەلی کوردمـان دابەش و پۆلینی سەر شەش قۆناغ کردووە.

قۆناغی یەکەم، بریتییە لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا لە عێراق لەساڵی ١٩٣٢و شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان.

قۆناغی دووەم، بریتییە لە سەردەمی ڕێککەوتننامەی سیڤەری ساڵی١٩٢٠. ڕێککەوتننامەی سیڤەر بەڵگەنامەیەکی سەلمێنەری مافی بەدەوڵەتبوونی نەتەوەی کوردە، کە بۆیەکەمجار وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ، دانی پیانرا، بەڵام بەداخەوە ئەم پرۆسەیەش لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە لەباربرا.

قۆناغی سێیەم، سەردەمی کۆماری عێراق بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی ١٩٤٦ - ١٩٦٨ و شۆڕشەکانی شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان و جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، کاتێك حکوومەتی عێراق بەهەموو شێوەیەك دژی مافەکانی گەلی کورد وەستایەوە، بەوەی لە کۆتاییدا کوردەکان دەیانەوێت لە عێراق جیاببنەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کورد شۆڕشی ڕزگاریخوازی لەدژی حکوومەتی ئەوکاتی عێراق بەرپا بکات. خەباتی بێوچانی سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد بەردەوام بوو، تاکو گەیشتە قۆناغی چوارەم.

قۆناغی چوارەم، بەهاتنە سەرکاری ڕژێمی بەعس بۆ سەر تەختی فەرمانڕەوای عێراق لەنێوان ساڵانی ١٩٦٨ - ١٩٩٠ دەست پێدەکات، کە بە تراژیدیاترین قۆناغ لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کوردا دادەنرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو شاڵاوە دڕندانە و نامرۆڤایەتییانەی ڕژێم بوو، کە بەرامبەر بە کورد ئەنجامیدا، ترسناکترینیشییان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بوو.

قۆناغی پێنجەم، سەردەمی جەنگی کەنداو لەساڵی ١٩٩٠ بوو، کە ترووسکاییەك و هیوایەکی بەهێزی بۆ گەلی کوردستان گەڕاندەوە. بەوەی بەهاوکاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ناوچەی دژەفڕین دامەزرا، مەبەستیش لێی، ڕێگریکردن بوو لە هێرشەکانی ڕژێمی بەعس بۆ سەر کوردستان. ئەمەش وایکرد هەرێمی کوردستان مافی خۆبەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بکاتە دیفاکتۆ، دواتر حکوومەتێك بەناوی حکوومەت هەرێمی کوردستان تاکو ساڵی ٢٠٠٣ درووست بوو.

دوا قۆناغ، بریتییە لە قۆناغی دوای ساڵی ٢٠٠٣. ئەم ماوە زەمەنییە بۆ گەلی کوردستان پێشکەوتنێکی گرنگ و مەزن بوو، گرنگی و مەزنییەکەی لەوەدابوو کۆتایی بە ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس هات و سیستەمی فیدڕاڵی دامەزرا و دانیش بە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدڕاڵ لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا نرا. ئیدی پرسی گەلی کورد بوو بە پرسێکی دەستووری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانییەکی زۆر بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد هاتەئاراوە، چونکە حکوومەتی فیدڕاڵ پابەند نەدەبوو بەجێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکانی گەلی هەرێمی کوردستان.

لە بەشی چوارەمی ئەم پەرتووکەدا، یاساییبوونی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان لەژێر رۆشنایی چەمکەکانی یاسای نێودەوڵەتیدا ڕوون کراوەتەوە، کە بریتین لە: دەوڵەتبوون، دانپێدانان، جیابوونەوە، ڕێبازی سەروەری بەدەستهاتوو. مەبەست لەم بەشە، هەڵسەنگاندنی ڕاپرسییەکە بوو لە سۆنگەی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای دەستووری عێراقییەوە، بەتایبەتی بڕیاری دادگای باڵای عێراقی لەم بارەیەوە.

ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ هەڵبژاردنی سیستەمی سیاسی خۆی، مافێکی سرووشتی گەلە. سەرباری ئەمەش، بەدەستهێنانی ئەم مافە دوو شێوازی

هەیە: یەکەمیان بریتییە لە شێوازی یاسایی، کە لەڕێگەی بنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتی و دەستوورییەوە بەدەست دێت، دووەمیان، بریتییە لە شێوازی سیاسی، کە پشت بە بەرژەوەندییەکانی باڵای دەوڵەتان دەبەستێت، کاتێك بیانەوێت دان بە دەوڵەتێکی نوێدا بنێن. ڕاپرسی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق و کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە ڕەتکرایەوە. لێرەدا دەردەکەوێت کە دانپێنەنان بە ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، ئەوەندەی هۆکارەکەی سیاسی بوو، یاسایی نەبوو.

لەئەنجامدا، دەرکەوت بەپێی هەڵسەنگاندنە یاساییەکانی پەیوەست بە چەمکەکانی یاسای نێودەوڵەتی، ڕاپرسی هەرێمی کوردستان ناکۆك نەبوو لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی، زێدەباری ئەمە ڕێگایەکی شەرعیشە بۆ دیارکردنی چارەنووسی خۆیان، تا بەهۆیەوە گەلان بتوانن رای خۆیان پیادە بکەن. بە دیوێکی تردا جێبەجێکردنی بنەمای فیدڕاڵیزم لە نێو تەواوی پێکهاتەکانی دەوڵەتی عێراقدا، دەبێتە هۆی لابردنی کۆسپەکانی بەردەم پڕۆسەی پێکەوەژیان. ئەمە لەکاتێکدایە، پێکهاتەکان بەتایبەتی کورد، تاڕادەیەك بێهیوا بوون لە بەردەوامبوونی ڕەوشی پێکەوەژیان، ئەمەش دەرهاویشتەی ئەو ئەزموونە بوو، کە کورد لە پڕۆسەی ژیانکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی تری ناو بۆتەی دەوڵەتی عێراق پێیگەیشتبوو.

لێرەدا ئەم پرسیارە بەگونجاو دەزانین: ئەگەر فیدڕاڵیزم وەکو خۆی لە عێراقدا جێبەجێ بکرێت، ئایا گەلی کوردستان دەستبەرداری خەونی سەربەخۆیی دەبێت؟.

وەڵامی سەرەکی ئەوەیە: داهاتووی گەلی کوردستان تەنیا پەیوەست نییە بە دەوڵەتی عێراقەوە، بەڵکوو ئەگەر بارودۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتی گونجاو بێت، دەکرێت هەرێمی کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ،

چـونکە کـورد نەتەوەیە و ڕەگەزەکـانی بەدەوڵەتبـوونی تێـدایە، هەروەهـا هەستی نەتەوەیی بووەتە بنەمایەکی ڕۆحیی دانەبڕاو لەجەستە و هـزری هەر تاکێکی کورد. هەربۆیەش، کاتێك ڕاپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەنجامدرا، زۆریـنەی گەل دەنگـی بـۆ سـەربەخۆیی دا، هەرچەندە لەلایەن حکوومەتی فیدراڵی عێـراق و کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتییەوە دانی پێدانەنرا، بەڵام هەر خودی پرۆسەکە ڕووداوێـکی نـوێ و دەسـتکەوتێکی گرنــگ بــوو لە بــزووتنەوەی ڕزگــاریخوازی گەلی کــورددا. بــۆیە دوای ئەم ڕووداوە، جێبەجێکـردنی ڕێبـازی سـەروەری بەدەسـتهاتوو وەکـو چەمکـێکی یاســای نێــودەوڵەتی، هاوشــێوەی کەیسی ـ کۆســۆڤۆ، دەشــێت و دەکرێــت چارەسەرێکی گونجاو بێت بۆ کێشەکانی نێوان حکوومەتی  هەرێمی کوردسـتان و حکوومەتی فیدراڵ. وەك پێشتریش باسمان لێوە کردووە، ئەم ڕێبازە بـریتییە لە ڕێگەیەکی ئاشتییانەی جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکیـی بـۆ گەلی هەرێمی کوردستان، لە نێـوان هەردوو حکـوومەت، لە پێنـاو هێنـانەدی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی .

بەجێبەجێکردنی ئەم ڕێبازە، دەکرێت ئەنجامەکـانی ڕاپرسـی سـەربەخۆیی، لەڕێـگەی ڕێککەوتنـێکی ئاشـتییانەی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و دەوڵەتی عێراق، بە سەرپەرشتی و بەشداری لایەنی سـێیەمی نێـودەوڵەتی (لە نموونەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان) دانی پێدابنرێت. یـان دەکرێـت سیسـتەمی فیـدراڵی لەلایەن حکـوومەتی عێـراقەوە، لەسـەر بنەمـای دەسـەڵاتی هـاوبەش جێبەجــێ بکرێــت، بەڵام دەبێــت جێبەجێکــردنەکە لەژێــر چــاودێری و سەرپەرشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بێت.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

1. "Sacred Heart University," Organizing Academic Research Papers: Theoretical Framework, available at: https://library.sacredheart.edu/c.php?g=29803&p=185919.

2. "Thematic report: The Security Situation in Iraq: July 2016–November 2017." *Lifos – Centre for Country of Origin Information and Analysis*, no.4 (December 2017):6. file:///C:/Users/2017/Downloads/18012202.pdf.

